تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5855) چوارشەممە 23ی تشرینی یەکەمی 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

ڕاگەیەندراوێک لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستانەوە

نابێت ڕۆڵ و خەباتی هاوپەیمانان تێکەڵ بە بڕیاری نەخوازراوی سیاسی بکرێت

هێزی هاوپەیمانان بە سەرکردایەتیی سوپای ئەمەریکا ڕۆڵێکی سەرەکییان هەبووە لە پاراستن و هاوکاریکردنی هاوواڵاتیانی هەرێمی کوردستان، هەر لە ڕاگەیاندنی ناوچەی دژەفڕینەوە لە ساڵی 1991 تا ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس لە ساڵی 2003 و تێکشکاندنی گرووپی تیرۆرستی داعش لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا، هەر لەم پێناوەشدا شانبەشانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان قوربانییان داوە و بەرگرییان لە هەرێمی کوردستان کردووە.

نابێت ڕۆڵ و خەباتی هاوپەیمانان، بەتایبەتی سوپای ئەمەریکا، تێکەڵ بە بڕیاری نەخوازراوی سیاسی بکرێت. هەرێمی کوردستان ڕێز و پێزانینی بۆ هێزی هاوپەیمانان و سوپای ئەمەریکا دووبارە دەکاتەوە و خەبات و قوربانیدانیان بەرز ڕادەگرێت.

سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان
2019/10/21

لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆک بارزانی منداڵە بریندارەکەی سەرێکانی لە فەڕەنسای دۆستی کورد چارەسەر وەردەگرێت



محەمەد حەمید، ئەو منداڵەی بەهۆی چەکی قەدەغەکراوی کیمیایی لە ڕۆژئاوای کوردستان زۆربەی جەستەی سووتا، لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆک بارزانی لە وڵاتی فەڕەنسا چارەسەری پزیشکی وەردەگرێت، هاووڵاتیانی کوردیش بەم هەواڵە دڵخۆشبوون بەتایبەتی کە لە فەڕەنسا چارەسەر وەردەگرێت، بەهۆی ئەوەی فەڕەنسا دۆستی کوردە و پاڵپشتییەکی باش لە دۆزی کورد دەکات.

محەمەد حەمید، تەمەنی 13 ساڵە و لە ئەنجامی هێرشی سەربازیی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان بە چەکی کیمیایی (فسفۆری سپی) زۆربەی ئەندامەکانی جەستەی سووتاوە و دوای ئەوەی جەستەی سووتاوی ئەو منداڵە لە تەلەفزیۆنەکانەوە نیشاندرا و بەدەم ئازارەکانییەوە هاواری کرد، بووە هۆی دەنگدانەوەیەکی ناوخۆیی و جیهانی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و شاشەکانەوە بە بەردەوامی نیشاندەدرێت و ئیدانەی هێرشەکەی تورکیا دەکرێت. ئەمەش دوای ئەوەی پێشتر لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆک بارزانی، محەمەد حەمید لە سووریاوە هێندرایە هەرێمی کوردستان و دوای چەند ڕۆژ مانەوەی لە نەخۆشخانەی دهۆک، دوێنێ سێشەممە بڕیاردرا لە وڵاتی فەڕەنسا چارەسەری پزیشکی وەربگرێت.

محەمەد حەمید محەمەد، مێرمندانێکی تەمەن سێزدە ساڵانە و بەهۆی هێرشی فڕۆکەی تورکیاوە زۆر بە سەختی جەستەی سووتاوە و بەپێی زانیارییە پزیشکییەکان سوپای تورکیا لە هێرشەکاندا چەکی قەدەغەکراوی فسفۆریی بەکارهێناوە.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان و باڵیۆزی بەریتانیا دۆخی ناوچەکە تاوتوێ دەکەن



سەرۆک نێچیرڤان بارزانی ئاماژەی بە پشتگیریی سەرکردایەتیی سیاسیی هەرێمی کوردستان و فراکسیۆنە کوردستانییەکان لە پەرلەمانی عێراق کرد بۆ پرۆگرامی حکوومەتی بەڕێز عادل عەبدولمەهدی، سەرۆک وەزیرانی عێراق بەمەبەستی گەیشتن بە چارەسەرێک بۆ کێشەکان. لە کۆبوونەوەیەکدا بەڕێزان نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بەڕێز جۆن وێلیکس باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق، باسیان لە بارودۆخی ئێستای عێراق، دوا پێشهاتەکان و بەرەوپێشچوونەکانی پەیوەندییەکانی هەولێر - بەغدا و گفتوگۆی چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکان کرد.

لە کۆبوونەوەکەدا ئیشارەی دوێنێ سێشەممە /22/10 2019لە هەولێر، بەڕێز وێلکس کە بەمەبەستی مالئاواییکردن و کۆتاییهاتنی ئەرکە فەرمییەکانی لە عێراق سەردانی سەرۆک نێچیرڤان بارزانی کردبوو، بەڕێز سەرۆکی هەرێم کار و چالاکییەکانی بەڕێزیانی لە ڕابردوودا بەرز نرخاند و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست لە ئەرکی نوێیدا.

تاوتوێکردنی ڕەوشی ئێستای ناوچەکە بەگشتی و دوا پێشهاتەکانی دۆخی سووریا بەتایبەتی، لایەنێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.

وەزیری ناوخۆ: تا ئێستا نزیکەی 5 هەزار ئاوارە گەیشتوونەتە هەرێمی کوردستان

2


پەرلەمان بەدواداچوون بۆ کێشەی کەسوکاری ئەنفالکراوان دەکات

سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران ڕایگەیاند: دوای بەدواداچوونمان لەسەر پرس و کێشە و گرفتەکانی کەسوکاری شەهیدان و زیندانیانی سیاسی لە وەزارەتی شەهیدان و بەڕێوەبەرایەتییەکان ئەمڕۆ سەردانی وەزارەتی داراییمان کرد، بەتایبەت لەو ماوەیەدا کۆمەڵێک لە زیندانیانی سیاسی یاداشتیکیان ئاڕاستەی لیژنەکەمان کردووە و داوای ماف و ئیمتیازاتی خۆیان کردووە. گوتیشی: هەفتەی ڕابردوو سەردانی وەزارەتی شەهیدانمان کرد و تەوواوی ئەو کێشە و گرفتانەمان لەگەڵ وەزارەتی شەهیدان باس کرد، ئەمڕۆش سەردانی وەزارەتی داراییمان کرد و لەسەر ئەو بابەتە، چونکە وەزارەتی دارایی بە جۆرێک لە جۆرەکان پەیوەستە بەو بابەتە.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

ڤلادیمێر پوتین: کورد بەشێکن لە سووریا و نابێت پشتگوێ بخرێن

پێویستە هەموو ئەو هێزە بیانییانەی بە ناشەرعی هاتوونەتە ناو خاکی سووریا بکشێنەوە



دوێنێ سێشەممە دوای کۆبوونەوەی نێوان ڤلادیمێر پوتین، سەرۆکی ڕووسیا لەگەڵ ئەردۆگانی سەرکۆماری تورکیا لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا، سەرۆکی ڕووسیا لەبارەی ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە ڕایگەیاند، ئێرەراسیۆنی تورکیامان بۆ باکووری سووریا گەنگەشە کرد و کورد بەشێکن لە سووریاو نابێت پشتگوێ بخرێن. ڤلادیمێر پوتین ڕاشیگەیاند، پێویستە لە نێوان کورد و دیمەشقدا گفتوگۆ هەبێت و لە داوای ماف و ئیمتیازاتی خۆیان کردووە. گوتیشی: هەفتەی ڕابردوو سەردانی وەزارەتی شەهیدانمان کرد و تەواوی ئەو کێشە و گرفتانەمان لەگەڵ وەزارەتی شەهیدان باس کرد، ئەمڕۆش سەردانی وەزارەتی داراییمان کرد و لەسەر ئەو بابەتە، چونکە وەزارەتی دارایی بە جۆرێک لە جۆرەکان پەیوەستە بەو بابەتە.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

دەستووری نوێی سووریادا، مافی کورد جێی بکرێتەوە. پوتین گوتیشی: پێویستە هەموو ئەو هێزە بیانییانەی بە ناشەرعی هاتوونەتە ناو خاکی سووریا بکشێنەوە. ڕاشیگەیاند: ڕووسیا پشتیوانی لە گفتوگۆی هەمەگیری نێوان کورد و دیمەشق دەکات. هەروەها گوتی: پێویستە یەکپارچەیی خاکی سووریا بپارێزرێت.

سەرۆکی ڕووسیا، ڤلادیمێر پوتین ئاماژەی بەوەش دا کە دەستەبەرکردنی سەقامگیریی هەمیشەیی لە سووریا، تەنها لەڕێگەی ڕێزگرتن لە یەکپارچەیی خاکی ئەم وڵاتەوە دەبێت. بەگوێرەی زانیارییەکانیش لە کۆبوونەوەکەدا ڕێککەوتنێک لەنێوان هەردوولا واژۆ کراوە و بەپێی ڕێککەوتنەکەش لە دوای کۆتایی هاتنی 150کاتژمێر، لە سنوورەکانی مەودای ئێرەراسیۆنی کانی ئاشتی لە ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتی سنوورەکانیدا، بە قوواڵی 10کم دەوریەی هاوبەشی ڕووسی و تورکی دەستپێدەکات.

ڕێکخراوی دادپەروەری و ئاشتیی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ و یاسای نێودەوڵەتی هێرشەکەی تورکیا پرۆتستۆ دەکات

(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)



14

گەشتیاری هەرێم بۆ تورکیا بە ڕێژەی 70%ی کەمبۆتەوە



4

لوبنان.. بەردەوامیی خۆپیشاندانەکان

پەرلەمان بەدواداچوون بۆ کێشەی کەسوکاری ئەنفالکراوان دەکات

سەرۆکی لێژنەی کاروباری شەهیدان لە پەرلەمانی کوردستان ڕایەدگەیەنێت خەریکی بەدواداچوونین بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کرێی خوێندنی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیانی سیاسی. سەوسەن محەمەد سەرۆکی لێژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی لە پەرلەمانی کوردستان لە پرێس کۆنفرانسێکدا ڕایگەیاند: دوای بەدواداچوونمان لەسەر پرس و کێشە و گرفتەکانی کەسوکاری شەهیدان و زیندانیانی سیاسی لە وەزارەتی شەهیدان و بەڕێوەبەرایەتییەکان ئەمڕۆ سەردانی وەزارەتی داراییمان کرد، بەتایبەت لەو ماوەیەدا کۆمەڵێک لە زیندانیانی سیاسی یاداشتیکیان ئاڕاستەی لێژنەکەمان کردووە و داوای ماف و ئیمتیازاتی خۆیان کردووە. گوتیشی: هەفتەی ڕابردوو سەردانی وەزارەتی شەهیدانمان کرد و تەواوی ئەو کێشە و گرفتانەمان لەگەڵ وەزارەتی شەهیدان باس کرد، ئەمڕۆش سەردانی وەزارەتی داراییمان کرد و لەسەر ئەو بابەتە، چونکە وەزارەتی دارایی بە جۆرێک لە جۆرەکان پەیوەستە بەو بابەتە. ئەوەشی خستەڕوو: دوای دانیشتنێک لەگەڵ وەزیری دارایی تێگەیشتنی باش هەبوو لە نێوانمان بۆ ئەوەی دەرچەیەک بۆ چارەسەری ئەو کێشانە بدۆزینەوە، وەڵامەکانی وەزیری دارایی دڵخۆشکەر بوون، لەو چوارچێوەیەشدا هەماهەنگی باش لە نێوان لێژنەکەمان و وەزارەتی دارایی و وەزارەتی شەهیدان هەبوو بۆ ئەوەی بتوانین تەواوی ماف و ئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیانی سیاسی دابین بکەین و ئەو کێشانەی هەیانە چارەسەری بکەین.

سەوسەن محەمەد گوتیشی: تا ئێستا کێشەی دارایی هەیە و ئەو کێشانە چارەسەر نەبونە ، بەڵام وەزیری دارایی ئامادەی بۆ ئەوە کرد ئەوان لە دەرچەیەک دەگەڕێن بۆ چارەسەری ئەو کێشانە. گوتیشی: ئێمە داکۆکی لە مافەکانی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و زیندانیانی سیاسی دەکەین ، بە تایبەت ئەو خوێندکارانەی لە کرێی خوێندن بێبەشن، بۆ ئەم مەبەستەش لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە پەیوەندی بەردەوامین. سەرۆکی لێژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی ڕاشیگەیاند: وەزیری دارایی باسی لەوەش کرد پێشنیارەکان کۆ بکەینەوە بۆ ئەوەی بزانین چەند خوێندکار لە کرێی خوێندن بێبەشن و بڕی چەند پارەی پێویستە بۆ ئەوەی ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت و کرێی خوێندنیان بۆ دابین بکرێت.

وەزیری ناوخۆ: تا ئێستا نزیکەی 5 هەزار ئاوارە گەیشتوونەتە هەرێمی کوردستان



ڕێبەر ئەحمەد، وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، وەزارەتەکەیان لە بە ئەلیکترۆنیکردنی مامەڵەی هاووڵاتیان لە پێشەنگ دایە و دووپاتی لەوە کردەوە، لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، دەیێت زۆربەی مامەڵەکان بکرێنە ئەلیکترۆنی، بۆ ئەوەی هاووڵاتیان کەمترین زەحمەت بکێشن.

وەزیری ناوخۆ لە کاتی بەسەرکردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی بەرزکردنەوەی پلەی ئەفسەران، کە بە ئەلیکترۆنی کراوە ڕایگەیاند، ئێستا لە پاسپۆرتەکانی هەولێر، دهۆک و سلێمانی بە ئەلیکترۆنی نۆرە تۆمار دەکرێت، ئەوەش لە ماوەی 7 بۆ 10 ڕۆژ دەتوانرێت تۆمار بکرێت و هەندێکجار دەگاتە 3ڕۆژیش. ڕوونیشی کردەوە، پێشتر ئەو کارە نزیکەی مانگێکی دەخایاند. ئەوەشی خستەڕوو، کە بە گوێرەی لێدوانی بەڕێوەبەری هاتوچۆ، ئێستا مامەڵەکانی سالیانە، وەرگرتنی تابلۆی ئۆتۆمبێل و نوێکردنەوەی مۆڵەتی شۆفێری بە 90 خولەک تەواو دەبێت، لەکاتێکدا ئەو کارانە پێشتر چەند ڕۆژێکیان دەویست.

لە بارەی هاتنی ئاوارە و پەنابەری نوێ لە ڕۆژئاوای کوردستانەوە، وەزیری ناوخۆ ڕایگەیاند، وەزارەتە پەیوەندیدارەکان لە لایەن مەسرور بارزانی، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە ڕاسپێردراون، بە باشترین شێوە پێشوازیان لێ بکرێت. دووپاتی لەوەش کردەوە، لە ئامادەباشیدان بە باشترین شێوە پێشوازی لە ئاوارە بکرێت، کە تا ئێستا نزیکەی 5هەزاریان گەیشتوونەتە هەرێمی کوردستان.

ئەوەشی ئاشکرا کرد، کە ئاوارە و پەنابەران لەودیوی ڕۆژئاوا گرفتیان بۆ دروست دەکرێت و هەندێک لە پەنابەرانیش ئەوەیان ڕاگەیاندووە، کە بە ڕێگەی قاچاخ و پێدانی بڕێک پارە خۆیان گەیاندووەتە هەرێمی کوردستان. ئەوەشی ئاشکرا کرد، کە سنوور لە هەرێمی کوردستانەوە کراوەیە و وەکو جاران هاوکارییە مرۆییەکان ڕەوانە دەکرێن، بەڵام لەو دیوەوە ڕێگە بە ئاوارە و پەنابەران نادرێت بە شێوەیەکی یاسایی بێن.

مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی و پارتی سۆشیاڵ دیموکراتی سویدی کۆبوونەوە



شاندێکی پارتی سۆشیاڵ دیموکراتی سویدی فەرمانڕەوا کە پێکهاتبوون لە کادر کەسرگە، ئەندامی پەرلەمانی سوید و خاتوو ئەڤین ئینجیر، ئەندامی پەرلەمانی یەکێتیی ئەورووپا کە هەردووکیان دوو سیاسەتمەدار و چالاکوانی بە ڕەچەڵەک کوردن، چەند ڕۆژێکە سەردانی هەرێمی کوردستانیان کردووە بۆ ئاشنابوون بە پێشکەوتنەکانی هەرێمی کوردستان و دۆخی ناوچەکە، لە دریژەی ئەو سەردانەیاندا سەردانی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستانیان کرد.

کادر کاسرگە، ئەندامی پەرلەمانی سوید لە سەردانیدا بۆ مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی پێشکەوتنەکانی هەرێمی کوردستانی بەرز نرخاند و ئاماژەی بە پەیوەندی بەهێز و دۆستانەی نێوان پارتی سۆشیاڵ دیموکراتی فەرمانڕەوای سویدی و پارتی دیموکراتی کوردستانی کرد و هیوای خواست ئەم پەیوەندییانە بەردەوام بن و گەشەیان پێبدرێت، هەروەها سوپاسی پشتگیری و هەڵوێستی کوردانە و مرۆڤدۆستانەی سەرۆک بارزانی و سەرکردایەتیی پارتی و حکوومەتی هەرێمی کوردستانی کرد کە هەر لە سەرەتای هێرش و پەلاماری سەربازییەکان بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان.

تەمپ ئامادەیە بژاردەی سەربازی دژی تورکیا بەکاربێنێ



K24/ وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا ڕایدەگەیەنێت، ئەگەر پێویست بکات تەمپ ئامادەیە بژاردەی سەربازی دژی تورکیا بەکاربێنێت. مایک پۆمپێیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بە کەناڵی سی ئێن بی سی ڕاگەیاند "ئەگەر تورکیا هەر هەڵمەیەک بکات، دۆناڵد تەمپ سەرۆکی ئەمەریکا ئامادەیە بژاردەی سەربازی دژی تورکیا بەکاربێنێت". بەگوێرەی ڕێککەوتنی نێوان ئەمەریکا و تورکیا کە 18ی ئەم مانگە لە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا واژۆیان کرد، هەسەدە و یەپەگە 32 کیلۆمەتر لە ڕۆژئاوای کوردستان دەکشێنەوە و بۆ ماوەی پێنج ڕۆژیش ئاگربەست ڕاگەیەندرا، بەڵام هەسەدە ڕایگەیاندووە کە تورکیا پابەندی ئاگربەست نەبووە و بەردەوامە لە هێرش و تۆپباران و بۆردوومان بۆسەر ڕۆژئاوای کوردستان.

بەهۆی بێدەنگیی جەهەپە لە بەرامبەر کوشتنی خەڵکی بێتاوان

بەرپرسێکی باڵای جەهەپە دەستی لەکارکێشایەوە



بەرپرسی لقی جەهەپە کە گەورەترین پارتی ئۆپۆزسیۆنی تورکیایە، لە مێردین دەستی لەکار کێشایەوە و دەڵێت نەدەبووا جەهەپە لەناو پەرلەمانی تورکیا بە (بەڵێ) دەنگ بۆ هێرشی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان بدات. دوێنێ سێشەمە، ئەحمەد دوبان، سەرۆکی لقی پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) لە مێردین و ئەندامی سەکردایەتیی ئەو پارتە دەستی لەکار کێشایەوە، بەڵام بەرلەوەی دەست لەکار کێشانەوەکەی بگاتە ئەنجومەنی باڵای جەهەپە، کەمال کلیچدارئۆغلو سەرۆکی جەهەپە دوبانی لە پارتەکەی دەرکردووە.

ئەحمەد دوبان لە نامەی دەست لە کارکێشانەوەکەیدا ئاماژەی داوە، جەهەپە هەڵەی کرد لەناو پەرلەمانی تورکیا بە (بەڵێ) دەنگی بۆ دریژکردنەوەی ئۆپەراسیۆن بۆ دەرەوەی سنووری تورکیا دا، هەروەها بەهۆی بێدەنگیی جەهەپە لە بەرامبەر کوشتنی خەڵکی بێتاوان لە هێرشی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان.

عێراق.. مانەوەی هێزە کشاوەکەی ئەمەریکا لە سووریا ڕەت دەکرێتەوە



وەزارەتی بەرگریی عێراق ڕەتیکردەوە کە هیچ ڕەزامەندییەک نیشاندرابێت سەبارەت بەو هێزەی ئەمەریکا کە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریاوە کشانەتەوە لە عێراق دەمێنێنەوە. فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق ڕایگەیاندبوو کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریاوە بۆ عێراق بە هەماهەنگی بووە لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی. سەرچاوەکە ئاشکراشیکردبوو کە زانیاری پێشوەختەیان لەبەردەستدابووە سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا بۆ عێراق.

دوای بڕیاری سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد تەمپ بە کشانەوەی سوپای وڵاتەکەی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا، ڕۆژی دووشەمە ژمارەیەکی زۆر هێزی ئەمەریکا لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریاوە کشانەوە و گەیشتنە عێراق. ڕۆژی یەکشەمەی ڕابردووش وەزیری بەرگریی ئەمەریکا، مارک ئێسپەر ڕایگەیاندبوو، هەزار سەربازی وڵاتەکەی کە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا کشاوەکەی ئەمەریکا لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا لە عێراق دەمێنێنەوە.

ئەمەش لە کاتێکدایە پێشتر سەرچاوەیەک لە فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق ڕایگەیاندبوو کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریاوە بۆ عێراق بە هەماهەنگی بووە سەبارەت بەوەی کە هێزە کشاوەکانی ئەمەریکا لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا ڕەتیکردەوە کە هیچ ڕەزامەندییەک نیشاندرابێت سەبارەت بەو هێزەی ئەمەریکا کە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریاوە کشانەتەوە لە عێراق دەمێنێنەوە. فەرماندەییەکە ئەو دەنگۆیانەی ڕەتکردەوە کە لە لایەن میدیاکانەوە بڵاکراوەتەوە سەبارەت بەوەی کە هێزە کشاوەکانی ئەمەریکا لە عێراق بۆ ناوچەکە ناگەڕێنەوە.





رۆژنامەی تایمزی بەریتانی: بەڵگەی زۆر بەدەستەوەیە کە سوپای تورکیا چەکی فسفۆری لە باکووری سووریا بەکارهێناوە

حزبە راستڕەوەکانی ئیتاڵیا دژایەتیی خۆیان بۆ هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر کورد دەربڕی



ئا: خالید گەردی

رۆژنامەکانی دوێنێ بەریتانیا باسیان لە کۆمەڵێک لە کێشەو بابەتە گەرموگوڕەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوین کرد، لە نێوبژیاندا بەکارهێنانی چەکی فسفۆر لەلایەن سوپای تورکیا لە میانەی هێرشەکانی بۆ سەر باکووری رۆژهەڵاتی سووریا.

لەمبارەیەوە رۆژنامەی تایمز لێکۆڵینەوەیەکی (ئەنتۆنی لوید) نووسەری لەژێر ناونیشانی "بەڵگەکانی بەکارهێنانی فسفۆر لە لایەن تورکیاوە، لە زیادبوونداید".

نووسەر نووسیویەتی؛ سەرچاوەی ئێش و ئازارەکانی (عەلی) بەهۆی پەپینی دەستێکییەوە نەبوو کە هەر تۆزێکی بەلای شانیەوە مابۆوە، چونکە مۆرفین ئەو بەشەی جەستەی سڕکردبوو هەستی بە ئازار نەدەکرد، بەڵکو ئێش و ئازارەکانی بەهۆی سووتانێکی تۆندی پشتی و رانیەوە بوو، کە لەگەڵ هەر جوڵەیەک ئەنجامی دابووایە، ئێش و ئازاری زۆری لێ هەڵدەستاو دەتاسا.

عەلی لەو کاتەی جەستە سووتاوەکەی پیشانی نووسەر دەدا دەیگوت؛ لەبڕی ئەوەی تەنیا وێنە بگرم، خۆزگە دەخواز بمتوانیبووایە لەو درندانە بگرم تا کەسانی دیکە، وەک من نەسووتێنن.

نووسەر دەشڵێت ڕەنگی سووتانەکەی عەلی سپی پات بوو، بۆنی ماددەی کیمیاویشی لێدەهات.

لوید لە دریژەی لێکۆڵینەوەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات، عەلی تەمەن (21) ساڵ پێشتر یەکێ بوو لەو جەنگاوەرە کوردانەی نێو هێزەکانی سووریای دیموکرات کە شەڕی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشیان دەکرد، بەڵام لە 10 مانگی تشرینی یەکەم هاوپەیمانی دژی ڕێکخراوی داعش بە بڕیارێکی دونالد ترەمپی سەرۆکی ئەمەریکا لە باکووری سووریا کشانەوە.

حزبە راستڕەوەکانیش لە ڕۆمای پایتەختی ئیتالیا دژایەتی خۆیان بۆ هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر کوردان دەربڕی لەلایەکی دیکەوە حزبە راستڕەوە بەرهەڵستکارەکانی حکومەتی ئیتاڵیا لە پایتەختی میژوویی ڕۆما بە هەماهەنگی نێوانیان و هاوپەیمانی چەپڕەوەکان بەشداری دەیەها هەزار کەس لە لایەنگرانیان کۆبوونەوەیەکی کراوەی جەماوەریان ڕێکخست. لەو گۆنگرە جەماوەرییەدا ماتیو سالفینی کە پێشتر وەزیری ناوخۆ بوو پێش دوو مانگ دوای پێکهێنانی حکومەتی هاوپەیمانی نێوان بزووتنەوەی پێنج خاڵ و لیگ، بڕیاری دا حکومەتەکە جێبهێڵێت.

سالفینی لەکار کێشاوەتە، دژایەتی خۆی بۆ هەوڵەکانی تورکیا بۆ بەئەندام بوون لە یەکێتی ئەورووپا دەربڕی و گوتی: بە ئەندام بوونی وڵاتێکی وەک ڕووسیا و ئیسرائیلم لا باشترە لەوەی دەوڵەتێکی ئیسلامی سیاسی وەک تورکیا ببێتە ئەندام لە نێو یەکێتییەکە.

ماتیو سالفینی لەو کۆنگرە جەماوەرییەی کە لە سان جیوفانی گۆڕەپانی سەرەکیی نێو شاری ڕۆمای پایتەختی ئیتالیا سازیبان کردبوو، زۆر بەتوندی دژی پەلامارەکانی تورکیا بۆ سەر ڕۆژهەڵاتی فورات وەستایەوەو گوتی: ئەو گۆڕەپانە "مەبەستی گۆڕەپانی سان جیوفانە" ڕێگا بە لەناوبردنی کورد نادات. وا دیارە تورکیا هەر لەسەر ڕەفتارو دابونەریتی جارانی ماوەتەوەو دەستبەرداری پاکتاوکردنی کەمینە نەتەوەییەکان لەسەر خاکەکەی ناوبردنی مەسیحییەکان دەستی پێکرد و ئینجا ئەرمەنەکان، ئێستاش وا دیارە نۆرەی کوردەکان هاتووە، سەرەڕای ئەو کارانەشیان ئێمە بە درندە ناودەبن.

پێشێلکارییە مرۆییەکان سەرکۆنە دەکرێن

دوا بەدوای بۆردومانکردنی کاروانێکی مەدەنی لەسەر ڕێگای نێوان قامیشلو و سەری کانی کە بووە هۆی بریندارببوونی (59) کەس و کوژرانی (6) کەسی دیکە لە نێویاندا ڕۆژنامەنووسێک، هەروەها بۆردومانکردنی هەرەمەکیانەی چەندین شوێنێکی نیشتەجێ لە قامشلۆ و ناوچەکانی دیکە. کومی نایدۆی ئەمیندارای گشتی ڕێکخراوی لێبووردنی نێو دەوڵەتی داوای لە تەواوی لایەنەکان کرد ڕێزلە یاسا مرۆییە نێودەوڵەتییەکان بگرن، گوتیشی هیچ بڕوپاساوێک نییە بۆ پەلاماردانی کاروانێکی مەدەنی و بۆردومانی هەرەمەکیانە بۆ سەر گەسانی مەدەنی. پێویستە نایاسایەکان بکرێت و لێپرسینەوە لەگەڵ ئەنجامدەرانی بکرێت.

هەروەها ڕێکخراوەکە داوای لە ئەمەریکا کە لە پێدانی چەک بە تورکیا بە پلەی یەکەم دێت هەروەها وڵاتانی ئیتالیاو ئەڵمانیاو بەرازیل و هیند کرد پرۆسەی ناردنی چەک هەڵپەسێرن.

شایانی باسە بەهۆی پەلامارەکانی تورکیاو هەزارەها کەس کە پێشتر لە ناوچەیەکی ئارام ژیانیان بەسەر دەبرد، ئاوارە بوونە، ڕێگریەکانی تورکیا لە گەیاندنی یارمەتییە مرۆیی و پزیشکییەکان بۆ ئەو کەسانەی پێویستی زۆریان پێ هەیەو مانەوەیان لەسەر ژیان پێوە بەندە، دەبێتە هۆکاری سەرهەڵدانی کارەساتێکی مرۆیی گەورە لە ولاتێکدا چەنگ تەنگیی پێ هەڵچنیوەو پارچەپارچەی کردووە.

https://www.bbc.com

سەرچاوەکان:

https://www.zamanarabic.com

http://www.syriahr.com

ئەڵمانیا پێشنیازی دامەزراندنی ناوچەیەکی ئارامی نێودەوڵەتیی لە باکووری سووریا دەکات

وەزیری بەرگریی ئەڵمانیا: مێرکل ڕەزامەندیی نیشانداوە و پێشنیازەکەشمان داوەتە هاوپەیمانەکانمان



وەزیری بەرگریی ئەڵمانیا، ئانگرێت کرامپ کارنباوەر پێشنیازی کرد کە ناوچەیەکی ئارام لەژێر چاودێری نێودەوڵەتی لە باکووری سووریادا دروست بکرێت. ئانگرێت کرامپ کارنباوەر لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی هەواڵیی DPAی ئەڵمانی ئاشکرای کردووە کە ڕاوێژکاری وڵاتەکەی، ئەنگێلا مێرکل ڕەزامەندی نیشانداوە سەبارەت بە پێشنیازەکە ئاماژەی بەوەشکردووە کە پێشنیازەکەیان داوەتە هاوپەیمانەکانیان.

وەزیری بەرگریی ئەڵمانیا، ئانگرێت کرامپ کارنباوەر باسی لەوەشکردووە کە پێشنیازەکە لە میانی کۆبوونەوەی وەزیرانی بەرگریی وڵاتانی ئەندام لە ناتۆ کە سبەی پێنجشەممەی داهاتوو لە بڕۆکسل بەڕێوەدەچێت، دەخەنەڕوو بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکرێت و ڕاشیگەیاند کە پێشنیازەکە گونجاو و باشە بۆ ئەورووپا.

ئانگرێت کرامپ کارنباوەر گوتیشی: ئامانجامانە بە دروستکردنی ناوچەیەکی ئارام لەژێر چاودێری نێودەوڵەتی کە تورکیا و ڕووسیاشی تیادا دەبن، گرژییەکان کەم بکەینەوە، هەروەها درێژە بدەین بە شەڕی دژبە ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش، جگە لەوەش هەوڵدەدەین درێژە بدەین بە پرۆسەی دەستوور بدەین کە دوای بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان جارێکی دیکە دەستی پێکردووەتەوە.

وەزیری بەرگریی ئەڵمانیا جەختیکردەوە لەسەر ئەوەی کە گرنگە پەرلەمانی وڵاتەکەی ڕەزامەندی نیشان بدات لەسەر پێشنیازەکە و پەسەندیشی بکات. ناوبراو ئەوەی وەبیرهێنایەوە کە ڕەوشی سووریا مەترسی زۆری لەسەر بەرژەوەندییە ئەمنییەکانی ئەورووپا و ئەڵمانیا دروستکردووە و دانی بەوەدانا کە ئەڵمانیا و ئەورووپا نەک هەر هیچ هەڵوێستێکیان نیشان نەداوە بەرامبەر بە ڕەوشی سووریا، بەڵکو تەنها تەماشای ڕەوشەکەیان کردووە.

لەلایەکی دیکەشەوە کریستۆفەر بەرگێر، گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەڤانیدا ڕایگەیاندووە، ئێمە ڕازی نین لەگەڵ ئەوەی پەنابەرەکانی شەڕی نێوخۆی سووریا کە ئێستا لە تورکیان بگوازرێنەوە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا و ناوچەی ئارام، کە ڕەنگە ئەمە دژی خواستی خۆشیان بێت. ئەو گوتەبێژە ئاماژەی بەوەشدا، ئەمە بەتەنیا هەڵوێستی ئەڵمانیا نییە، بەڵکو هەر لە سەرەتای ئۆپەراسیۆنەکەوە لەگەڵ هاوبەشە ئەورووپییەکانیان لەسەر ئەم پرسە هاوڕابوونە و لە ڕاگەیێندراوێکیشدا ئەم هەڵوێستەی یەکێتی ئەورووپایان ڕاگەیاندووە.



فەرماندەی فیرقەی چوارەم لە پۆلیسی فیدراڵیی عێراق کۆژرا

وەزارەتی بەرگریی عێراق ڕایگەیاند کە لە پەلامارێکی داعش بۆسەر دوو خاڵی ئەمنی لە سنووری پارێزگای سەلاحەددین، حەوت پۆلیسی فیدراڵی بوونە قوربانی. دوێنێ سێشەممە شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی سەربە وەزارەتی بەرگریی عێراق ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیایدا ئاماژەی بەوەکردووە کە چەکدارانی داعش هێرشیانکردووەتە سەر دوو خاڵی ئەمنی لە ناوچەی کێڵگەکانی عەلاس ڕۆژهەڵاتی شاری تکریت ناوەندی پارێزگای سەلاحەددین. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە لە ئاکامی پەلامارەکەدا، چوار کارمەندی ئەمنی کوژراون و سێی دیکەش بریندارببوون. هەر دوێنێ سێشەممە وەزیری ناوخۆی عێراق، یاسین ئەلیاسری ڕایگەیاند، لەئاکامی هێرشێکی چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی "داعش" لە ناحیەی متێبیجە لەنێوان هەردوو پارێزگای دیالە و سەلاحەددین لیوا عەلی لامی، فەرماندەی فیرقەی چوارەم لە پۆلیسی فیدراڵی عێراق کوژراوە.

باوکی منداڵە بریندارەکەی رۆژئاوا:

ئەوانەی وایان بەسەر کوردەکەمدا هێنا کوا ویژدانیان؟

بڕینەکەی محەمەد زۆر بە ژانە و هێشتا دەسووتێ و دەخورێ و ژانی زۆرە



باوکی ئەو منداڵەی کە لە هێرشێکی ئاسمانی و تۆپخانەکانی تورکیادا بە مادەیەکی گوماناوی بریندار بوو، هیوا دەخوازێت شەڕی کۆتایی بێت و پرسیاری ئەوە دەکات کە ئاخۆ ئەوانەی وایان بەسەر کوردەکەی ئەودا هێناوە، "خۆیان منداڵیان نییە؟".

ڕۆژی 17ی ئەم مانگە، لە ئەنجامی بۆردومان و تۆپبارانەکانی تورکیادا، منداڵێک بەناوی محەمەد حەمید کە تەمەنی 13 ساڵانە، بە سەختی بریندار بوو و گەیەندرایە نەخۆشخانەیەکی (تەلتەمەر)، دواتر ڕۆژنامەی تایمزی بەریتانی لە زاری شارەزایەکی چەکی کیمیاوییەوە ئاشکرای کرد کە گومان دەکرێت محەمەد بە چەکی فسفۆڕی سپی بریندار بووبێت.

لەمبارەیەوە حەمید محەمەد کە باوکی منداڵەکەیە و منداڵەکەی خۆی بە ناوی باوکی خۆیەوە ناوناوە، بە خەباتی ڕاگەیاند، "بڕینەکانی محەمەد زۆر بەژانە، هەتا ئێستاش دەسووتێ و دەخورێ و ژانی زۆرە. بەردەوام پزیشکەکان لەلای ئەون و چارەسەری دەکەن، لە ڕەوشێکی زۆر ناخۆش دایە.

باوکی منداڵەکە، باسی لە تراژیدیای برینداربوونی کوڕەکەی کرد و گوتی: ئەو لە دەرەوە بووە، کاتێک گەڕاوەتەوە، بینیویەتی کە موشەکێک لە مااڵی دراوسێکەیانی داوە، پارچەیەکی موشەکەکەش بەر خانووی ئەوان کەوتووە، بەو هۆیەشەوە محەمەدی کوڕی بریندار بووە، بەاڵم هاوسەر و منداڵەکانی دیکەی سەاڵمەت بوون. باوکی محەمەد، بە هاوکاریی ڕێکخراوی (مانگی سووری کوردستان) توانیویەتی کوڕەکەی لە سەرێکانییەوە بۆ شاری قامیشلۆ بگوازێتەوە، لەوێشەوە دەزگای خێرخوازیی بارزانی پەیوەندییان پێیەوە کردووە و هەر ئەوان بۆ هەرێمی کوردستانیان هێناون.

باوکی محەمەد دەڵێت: کوڕەکەم لەوەتەی لە هەرێمی کوردستانە باشترە، سەرۆک بارزانی پەیوەندی پێوە کردم و لە کوڕەکەمی پرسی، هەروەها پرسیاری کرد کە ئاخۆ لە بایەخدانی پزیشکەکان رازین یان هیچ پێویستییەکمان هەیە. گوتیشی: بە ڕاستی ئەو پەیوەندییەم زۆر پێ خۆش بوو، چونکە سەرۆک بارزانی هەم سەرۆکە و هەم کەسێکی مێوانداۆستە، زۆر سوپاسی دەکەم.

لە کۆتایی قسەکانیدا باوکی محەمەد بۆ خەبات گوتی: ئێمە شەڕمان ناوێ، زۆر ماندوو بووین. لە شەڕدا لە هەموویان زیاتر منداڵ، ژن و بە تەمەنەکان زیان دەبینن. هەروەک پرسیاری ئەوەشی کرد: ئەوانەی وایان بە سەر محەمەدی من هێناوە، منداڵیان نییە! کوا ویژدانیان؟

هاوسەرۆکی گشتیی هەدەپە: خراپترین ئاگربەست لە جەنگ باشترە

پێویستە هەرچی زووە تەواوی هێزە بیانییەکان لە سووریا بکشێنەوە



هاوسەرۆکی گشتیی هەدەپە، سەزایی تەمەللی ڕایگەیاند، تەواوی پەرلەمانتاران ئاگادار دەکەینەوە لە هەر پارتێکن بێن، بەاڵم ئەوە لەبیر مەکەن کە نوێنەرانی گەلن. سەرەتا خاوەندارێتی گەل و ئیرادەی گەاڵن دەکەن. بەدرێژایی سێ ڕۆژ بەشداری لە کاری پەرلەماندا ناکەین. ئەو هەڵوێستە پرۆتێستۆ دەکەین.

سەزایی تەمەللی لە کۆبوونەوەی فراکسیۆنی پارتەکەیدا لە پەرلەمانی تورکیا، بە گوتنی "نەخێر بۆ جەنگ. دەبێت هەرچی زووە کۆتایی بە جەنگی بهێنرێت لە باکووری خۆرهەاڵتی سووریا" دەستی بە گوتارەکەی کرد و گوتی: لە کاتێکدا لە ڕۆژئاواوە تەنانەت یەک بەردیش هەڵنەدراوەتە ئێرە لەئێستاوە زیاتر لە 300 هاوواڵتی مەدەنی گیانیان لەدەستداوە. 300 هەزار کەس ناچار بە دەربەدەری و ئاوارەیی بوون.

هاوسەرۆکی گشتیی هەدەپە، سەزایی تەمەللی باسی لەوەش کرد کە باکووری خۆرهەاڵتی سووریا هیچ هەڕەشەیەکی ئەمنیی نییە بۆ تورکیا و پێویستە تەواوی بابەتەکانی سووریا لە الیەن گەاڵنی سووریاوە چارەسەر بکرێن. هەروەها پێویستە گەاڵنی سووریا بە قۆناغێکی دانوستانی دیموکراسیی داهاتوویان بنیاتبنێن، بەاڵم بە شێوازی دانوستانی دیموکراسی هەنگاوبنێن بۆ چارەسەری بابەتەکە.

سەزایی تەمەللی باسی لەوەش کرد کە پێویستە هەرچی زووە ڕێگا لەبەردەم چارەسەری سیاسییدا بکرێتەوە لە سووریا و گوتی: خراپترین ئاگربەست لە جەنگ باشترە. چەند کاتژمێرێکی ماوە بۆ تەواوبوونی ئاگربەست. سەرکۆمار دەچێت بۆ سۆچی. پێش ئەوەی سەر فڕۆکە بکەوێت جارێکی دیکە گوێمان لە تێزە هەڵبەستراوەکانی گرت بۆ ئەوەی جەنگ درێژەی هەبێت. ئێمە دەڵێین با ئاگربەست بەردەوام بێت، بەاڵم لە کۆتایی ئەو قۆناغەشدا تورکیا بگەڕێتەوە بۆ دیپلۆماسی ژیرانە. لەبەرچاوی هەموو جیهان ئاگربەستێک واژووەدەکەن. لە ڕاستیدا ئەو دەقە نیشاندەری ئەو سیاسەتە هەڵەیەیە کە تورکیا تا ئەمڕۆ پەیڕەوی کردووە، تەنانەت ئەو سیاسەتەی تاوانیشی تێدایە. ئەو ئاگربەستە بە بەرچاوی جیهانەوە واژووەدەکرێت، پاشان دێن و دەڵێن 'ئاگربەست نییە .'چی بڵێین؟ دەڵێن 'ڕامانگرتووە .'ئایا سیاسەتێکی دەرەوەی هێندە بێ ئابڕوو، ناجددی و ناعەقاڵنە دەبێت؟ ئاگربەستتان واژووکرد، چونکە گەندەڵی، دۆسیەکانی هەڵک بانک و سەروەتی خانەوادەیان خستە بەردەمتان.

هاوسەرۆکی گشتیی هەدەپە باسی لەوە کرد کە پێویستە هەرچی زووە تەواوی هێزە بیانییەکان لە سووریا بکشێنەوە، چارەسەری بۆ بابەتی داعش بدۆزرێتەوە، چونکە لە کۆتایی ئەو پێشهاتانەی ڕوو دەدەن داعش دووبارە سەری هەڵداوەتەوە و گوتی: بوونە ئاو بۆ ژیانی داعش. لەبەرئەوە بانگەواز لە هەموو جیهان دەکەین. دەبێت پشتیوانییەکی گەورە لە بەرەنگاربوونەوەی داعش بکرێت، بەاڵم با هەموو جیهانیش ئەوە بزانن کە ناتوانن سپڵە بن بەرامبەر ئەوانەی لە کۆبانێ داعشیان ڕاگرت. سەزایی تەمەللی ڕەخنەی لە دانانی قەیوومیش گرت بۆ هەندێک لە شارەوانییەکانی هەدەپە و گوتی: ئەمڕۆش دووبارە قەیوومی دانرایەوە. قەیووم تاوانێکی دەستوورییە. داوا دەکەین هەرچی زووە کۆتایی بەو تاوانە دەستووریە بهێنرێت و تەواوی هاوسەرۆکەکانی شارەوانییەمان بگەڕێندرێنەوە سەر کارەکانیان.

سنە.. دوو بەندکراوی سیاسیی کورد 150 ساڵ بەندکرانیان بەسەردا سەپا

دوو چاالکوانی سیاسیی خەڵکی کامیاران لەالیەن دەزگای دادوەریی ئێرانەوە بە تۆمەتی چاالکیی سیاسی و هاودەستی لە کوشتنی چەند ئەندامی سوپای پاسداران، یەکیان حوکمی 120 ساڵ زیندان و ئەوی دیکەشیان 30 ساڵ زیندانیان بەسەردا سەپاوە. بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی (هەنگاو) بۆ مافەکانی مرۆڤ، لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا دادگای تاوانەکانی حکوومەتی ئێران لە سنە، حوکمی 120 ساڵ بەندکردنی بەسەر "حەیدەر قوربانی" و 30 ساڵ زیندانی بەسەر مەحموود سادقی دوو هاووڵاتیی خەڵکی کامیاراندا سەپاندووە.

ئەو حوکمە بە شێوەی فەرمی لە گرتووخانەی سنە بە حەیدەر قوربانی ڕاگەیەندراوە. حوکمەکە بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هاودەستی لە کوشتنی چەند ئەندامی سوپای پاسداران بەسەر ئەو بەرەکانەدا سەپێندراوە. سەرچاوەیەکی نزیک لە بنەماڵەی قوربانی وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەو هەواڵە، ڕاگەیاندووە کە بڕیارە حەیدەر بەمزوانە لەالیەن دادگای شۆڕشی سنەشەوە کەیسەکەی باسی لەسەر بکرێت. حەیدەر قوربانی پاییزی 2016 لەگەڵ ژن براکەی بە ناوی (مەحموود سادقی) کە هەردوویان خەڵکی گوندی (بزوەش) سەر بە شاری کامیاران)ن، دەستبەسەر کراوە.

حکوومەتی ئێران دوو ساڵ پێش لە یەکێک لە کەناڵەکانی خۆی بە ناوی (پرێس تی وی) کە کەناڵێکی ئینگلیزی زمانە، فیلمێکی لە دانپێدانانی حەیدەر قوربانی، بەندکراوی سیاسیی کوردی باڵو کردەوە. بە گوتەی نزیکانی حەیدەر قوربانی لەژێر ئەشکەنجەدا ناچار بەو دانپێدانانە بووە و ناچار کراوە کوشتنی چەند ئەندامی سوپای پاسداران وە ئەستۆی خۆی بگرێت. لەو فیلمە 20خولەکییەدا، تۆمەتبار لە پێش بنەماڵەی ئەو کوژراوانە کە سەر بە حکوومەتی ئێران، دانیشتووە و دان بە کوشتنیاندا دەنێت.

ڕێکخراوی دادپەروەری و ئاشتیی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ و یاسای نێودەوڵەتی هێرشەکەی تورکیا پرۆتستۆ دەکات



ڕێکخراوی دادپەروەری و ئاشتیی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ و یاسای نێودەوڵەتی هێرشەکەی تورکیا پرۆتستۆ دەکات و لە بەشێکی ڕاگەیەندراوەکەدا ڕایدەگەیەنێت داگیرکاری خاکی کوردستان و کوشتنی خەڵکی کوردی سڤیلی بێتاوان و ئاگربارانکردنی هەرەمەکی بەبێ هیچ بیانووێکی یاسایی پرۆتستۆ دەکەین. ئێمە لە ڕێکخراوەکەمان بە تەواوی دڵنیاین کە ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش مەترسییەکی یەکجار گەورەیە لەسەر هەموو وڵاتانی جیهان و دەبێت بڕیارێکی تووند و چاونەترسانە دەر بکەن لە دژی تورکیا. ڕێکخراوی دادپەروەری و ئاشتیی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە پەیامێکدا ڕاشیگەیاندووە: ڕێکخراوەکەمان هەموو جۆرە دەستوەردانێکی تورکیا لە کاروباری دەوڵەتێکی تری خاوەن سیادە، هەروەها داوا لە ئەنجوومەنی ئاسایش و ڕێخکراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەین کە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان بدرێتە دادگای نێودەوڵەتی وەکو تاوانباری جەنگ سزا بدرێت و سزای ئابووری لەسەر تورکیا دەربکەن. لەبەر ئەوەی دەستوەردانی تورکیا و هەڵسوکەوتی دوژمنکارانە و ڕەگەزپەرستی دژی کورد لە ناوچەکە پێشێلکردنی هەموو پێوەرە جیهانییەکانە. ڕێکخراوی دادپەروەری دەشڵێت: کورد شەڕی دژی تیرۆریستانی داعشی کرد و یازدە هەزار شەهیدی داوە و پتر لە بیست هەزار برینداریشی هەیە لە دژی تیرۆر، شەڕی تورکیا ساڵی 2018 لە داگیرکردنی شاری عەفرینی کوردەکان بە تەوای بەرنامەی ئەردۆغان ئاشکرا دەکات لە باکووری ڕۆژهەاڵتی سووریا پاکتاوی نەتەوەی کوردە، کۆمەڵکوژکردنی کورد، لەگەڵ ئەوەشدا کە ناوچەی سڤیل نشینەکانی بە ئامانج گرت بە بەکارهێنانی هێزی بەکرێگیراوی تیرۆریستی کۆنە داعشەکان تونددۆکان.

هەروەها لە بەشێکی دیکەی بەیاننامەکەیاندا ڕاشیانگەیاندووە: داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەین کە بە خێرایی هەنگاو بنێن بۆ ڕاگرتنی هێرشەکانی تورکیا و ڕێگری لە کوشتنی خەڵکی بێتاوان و ئاگربارانکردنی هەرەمەکی بەبێ هیچ بیانووێکی یاسایی.

لوبنان.. بەردەوامی خۆپیشاندانەکان

خۆپیشاندەران دەستپێشخەرییەکەی سەرۆکوەزیران سەعد حەریریان ڕەتکردەوە



ماوەی هەفتەیەکە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیی دەربڕین دژبە هەوڵەکانی حکوومەت بۆ سەپاندنی باج بەسەر تۆڕی پەیوەندی کۆمەاڵیەتی وەتسەپ بەردەوامە، وێڕای ئەوەی سەرۆکوەزیرانی ئەو وڵاتە، سەعد حەریری دەستپێشخەرییەکی بە ئامانجی ئەنجامدانی چاکسازیی لە سێکتەری ئابووری و هێورکردنەوەی شەقام ڕاگەیاندووە.

جێی باسە ڕۆژی دووشەمە سەرۆکوەزیرانی لوبنان، سەعد حەریری، وەک هەوڵێک بۆ هێورکردنەوەی ناڕەزایەتییەکان کە ماوەی چەند ڕۆژێکە لەو وڵاتە بەردەوامی هەیە ڕایگەیاندبوو "ئەنجوومەنی وەزیران دەنگی لەسەر پرۆژە یاسای بوودجەی 2020داوە، بوودجەکە هیچ جۆرە باجێکی نوێی تێدا نییە، کار دەکەین بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی لەسەدا 50ی مووچەی وەزیر و پەرلەمانتارانی ئێستا و خولەکانی پێشوو، هەروەها کەرتی بانکی هاوکار دەبێت لە کەمکردنەوەی دەبەستنەوە. بەپێی میدیاکان، هەر بە هۆی خۆپیشاندانەکانەوە دەرگای قوتابخانە و زانکۆکان لە لوبنان داخراون. هاوکات خۆپیشاندەران دەستپێشخەرییەکەی سەرۆکوەزیران سەعد حەریری-یان ڕەتکردەوە کە بە ئامانجی ئەنجامدانی چاکسازیی لە سێکتەری ئابووری و هێورکردنەوەی شەقام ڕاگەیاندووە.

جێی باسە ڕۆژی دووشەمە سەرۆکوەزیرانی لوبنان، سەعد حەریری، وەک هەوڵێک بۆ هێورکردنەوەی ناڕەزایەتییەکان کە ماوەی چەند ڕۆژێکە لەو وڵاتە بەردەوامی هەیە ڕایگەیاندبوو "ئەنجوومەنی وەزیران دەنگی لەسەر پرۆژە یاسای بوودجەی 2020داوە، بوودجەکە هیچ جۆرە باجێکی نوێی تێدا نییە، کار دەکەین بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی لەسەدا 50ی مووچەی وەزیر و پەرلەمانتارانی ئێستا و خولەکانی پێشوو، هەروەها کەرتی بانکی هاوکار دەبێت لە کەمکردنەوەی

www.xebat.net
چوارشەممە 2019/10/23 ژمارە (5855)
خەبات



باڵندە گوڵەکانی کوردستان، تاکەی عاشقی داری ژەقنەبووتی داگیرکەرانن؟!

عێراق بە نموونە!..



هەڵۆ بەرزنجەیی

لە ڕاستی و بابەتێتی دوور ناکەوینەوە، ئەگەر سەرەتا ئاماژە بەوە بکەین، عێراق دەوڵەتێکی دەستکردی ئیمپریالیزمی ئینگلیزیە و لە سەردەمی کۆلۆنیالیزمدا، لەسەر دەستی ونستن چەرچلی وەزیری کۆلۆنیالیست و سیر پیرسی گوکس و مس بیل و لۆرانسی عەرەب دروستکرا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە ستراتیژییە دوور و نزیکەکانی خۆی دروستی کرد، وەک دابەشکردنی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی و لاوازکردنی تورک، دۆزینەوەی نەوت و بەجێهێشتنی چەند گەرایەک بۆ ئەو پێشهاتانەی لە ئایندەدا لە ناوچەکەدا چاوەڕوان دەکرا.دروستکردنەکەش ئەوەمان پێدەڵێت کە عێراق دوژمنی باوەکوشتەی ئیسلام، ئامانج لێی پارچەپارچەکردنی جیهانی ئیسلامییە، چ مانایەک دەبەخشێ؟!. ئاخر لەروانگەی ئیسلامدا، ناسیونالیزم و دەوڵەتی نەتەوەیی داهێنانێکی ڕۆژئاوایە، بۆ هەڵتەکاندنی جیهانی یەگکرتوو و بەهێز و پیرۆزی ئیسلام.

ئیمپریالیزم دوا پلەی گەشەسەندنی سەرمایەدارییە و دەوڵەتە کۆلۆنیالیستە ڕۆژئاواییەکان، چەوسێنەر و خوێنمژ و دیکتاتۆر و دژی ئازادی و چینی کرێکار و سۆسیالیزمن. مارکسییەکی کورد نییە نەزانێ کە پەیمانی سایکس پیکۆ یەکەم مۆری هەردوو دەسەڵاتی کۆلۆنیالی ئینگلیزی و فەرەنسی پێوە دیارە. ئەم پەیمانە هێڵە گشتییەکانی ستراتیژی ئینگلیز و فەرەنسای تێدا بەرجەستە بووە و پاشانیش ئەمەریکا بەری ڕەنجی ئەوانی چنییەوە و بووە خاوەنی زۆری سیاسەتەکانی دوو دەوڵەتی ناوبراو، کە بەفوونە بە مامانی عێراق و زۆر دەوڵەتۆکەی تری دەڤەرەکە دادەنرێن. بەم شێوەیە پرسیارێک خۆی دەسەپێنێت و لە مێشکمان دا دەزرنگێتەوە: بۆچی داکۆکی لە سنوورەکانی ئەم دەوڵەت و چوارچێوەی یاساییەی ناونراوە عێراق، بە لای مارکسییەکانەوە ستراتیژی خەبات بوو؟. بۆ دەیانویست کورد بکەنە کرێکار و لەگەڵ هی عەرەبدا یەکی پێبگرن و خەباتی سەرتاسەری لە عێراق دا بکەن؟ بۆ کوردستانییەوون تاوان و دواکەوتوویی بوو؟ ئاخر نەیاندەزانی هەر سیاسەتێک لە پێناوی پاراستنی ئەم قەوارە دەستکردەدا دەکاتە خزمەتی بێ چەندوچوونی هێزە جیهانخۆرەکان. ئەم دەستەیە لەگەڵ خەباتی گەلانی هەموو دنیادا بوون لە دژی کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزم و سەرمایەداری و زایۆنیزم، جگە لە خەباتی ڕەوای کوردستانیی کورد. شایانی ئاماژەپێدانە لەم دەستە و تاقمەشدا، کەسانی کوردستانی زۆرمان هەبووەو هەیە، کە بە ڕێبازی خۆیان تێکۆشاون بۆ سەربەخۆیی کوردستان و تا ئێستاش زۆریان هەر لە سەنگەردان.

مۆدێرنێتی کە زرینگەی لە گوێی گەلێک کەسدا خۆش دێت، یەکێکی تر لە ئامرازەکانی دەستی هێزە کۆلۆنیالتستەکانی جیهان، بۆ گەیشتنە مەرامە گلاوە نامرۆڤایەتییەکانیان. لە ڕێی مۆدێنێتەوە بۆ دروستکردنی نەتەوە و کولتوور و دەوڵەتی نەتەوەیی یەک شووناس لەسەر هەژماری زمان و کولتوور و نیشتمان و جەستەی نەتەوە و کولتوور و خاکی تر داهێنا و پەیرەو کرد. عێراق لە ڕێی زاڵبوون و سەپاندنی ناسنامەی عەرەبی بەسەریدا، یەکپارچە بووەتە بەشێکی نیشتمانی عەرەبی و لە نێو چوارچێوەی نەخشەی سیاسی عەرەب دایە. ئەو دەسەلات و هێزە چاوچنۆکانەی لە پشت مۆدێرنێتەوە وەستاون، بە هەموو توانایەکیان داکۆکی لە یەکپارچەیی عێراق دەکەن وەک بازاڕ و جێ نفوزی سەربازی و سیاسی خۆیان، ڕێگە نادەن پارچە پارچە بێت. هەر دوێنێ نزیک بوو هەموو لە بیرمانە، بە کورد و کێشە ڕەواکەی دەگوترا دۆزەکەتان کێشەی ناوخۆییە. لەکاتێکدا چ ڕۆژئاوا و چ ڕۆژهەڵات بە دواچەکی قڕکەر و تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو یارمەتی حکوومەتی ناوەندیان دەدا. کەواتە ئەو داوایە لەڕێز ناوی مۆدێرنێتیدا لە کورد دەکرێت، خۆی بدات بەدەستەوە، چونکە کار لە کارترازاوە و هێزە زەبەلاحەکان لەسەر شێواز و فۆرمی سیستەمی سیاسی جیهانی پێکهاتوون، ئیدی نەخشەی جیهان ناگۆڕێت و پێویستە ئێوەش مل بدەن، چونکە چ دەرەتانێ بۆ کورد نەماوە، هەردەبێت بێتە عێراقی و دەستبەرداری مافەنەتەوەیی و میژوویەکانی خۆی بێت. هەر داکۆکییەک لە عێراق لەڕێز ناوی مۆدێرنێتیدا، دەکاتە عێراقچێتی و ئاماژەمان بەوە داوە، کە عێراقچێتیکردن خزمەتە بە هێزی بێگانەی ئەهریمەنی و ئەوەی پێی دەوترێ ئیمپریالیزم و سەرمایەداری و کۆلۆنیالیزم.

عێراقچێتی لە ڕوانگەی کوردایەتیشەوە. ئەوە جگە لەوەی عێراچێتی بە تاوان و ناپاکی دادەنرێت، لە نموونەدا ڕێک دەکاتە ئەوەی کەسێک بیەوێت باوک و دایکی خۆی بکوژێ و بسڕێتەوە و باوەڕیارە و باوەژنی بخاتە جێی ئەوان.

بەغدا دروستبکات بۆ یەکێتی و کۆکردنەوەی ئەندامانی نێوان کورد و عەرەب. تا کورد لە عەرەب نزیک ببنەوە و هێدی هێدی ناسنامەی عێراقیبوونیان لا شیرین بێت.

ئەوەبوو یانەی سەرکەوتن دروستکرا و پاشان نامیلکەی "عرب والاکراد" بڵاوکرایەوە. هەموو ئەم هەوڵانە بۆ سازدانی ژینگەیەکی لەبار بوون بۆ عێراقچێتی و بە تایبەت کورد سۆز و وابەستەیی بۆ ئەم دەوڵەتە تازە دامەزراوە نیشانبدات و لەڕێز تاجی پادشایەتی فەیسەڵدا، ئۆقرە بگرێت و پێکەوە ژیان لەگەڵ عەرەب دا پەسەند بکات! مامە ئینگلیز مەرامەکانی بێ قڕە و بڕە جێبەجێبکات. لە کۆنگرەی قاهیرە 1921 دا بڕیار دەدرێت: کوردستان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە لایەن ماندات/ مندوبی سامی بەڕێوە دەبرێت و بە سەربەخۆیی لە عێراق دەمێنێتەوە تا ئەوکاتەی بیرورایەکی گشتیی کوردی باوەڕپێکراو سازدەبێت، ڕاستەوخۆ بەرهەمی خەبات و تێکۆشانی هیچ میللەتێک نییە! بەپێی سەرچاوە میژوویی و دیکۆمێنتەکان، کورد وەک میللەتێک چ وابەستەییەکی بەرانبەری نیشان نەداوە. لە ئەنجامی بەربەرەکانێی تووندی کورد بۆ لکاندنی کوردستان بە عێراقی تازە دروستکراوەوە. ئەم حاڵەتی نەبوونی هەست بۆ پێوەندارێتی عێراق و هیچ خۆ بە عێراقی نەزانینە بەردەوام دەبێت. پاشان ئینگلیز لە گەڵێ هەوڵی سیاسیدا بۆ چەسپاندنی کوردستان بە عێراقەوە بەهۆی شۆڕشەکانی شێخی نەمر سەرکەوتوو نابێت. ئەوسا بیری بۆ بواری دیکە دەچێت. لەوانە لە ساڵی 1926دا، پێشنیاز بۆ مەلیک فەیسل دەکات ڕێکخراوێک لە بەغدا دروستبکات بۆ یەکێتی و کۆکردنەوەی ئەندامانی نێوان کورد و عەرەب. تا کورد لە عەرەب نزیک ببنەوە و هێدی هێدی ناسنامەی عێراقیبوونیان لا شیرین بێت.

ئەوەبوو یانەی سەرکەوتن دروستکرا و پاشان نامیلکەی "عرب والاکراد" بڵاوکرایەوە. هەموو ئەم هەوڵانە بۆ سازدانی ژینگەیەکی لەبار بوون بۆ عێراقچێتی و بە تایبەت کورد سۆز و وابەستەیی بۆ ئەم دەوڵەتە تازە دامەزراوە نیشانبدات و لەڕێز تاجی پادشایەتی فەیسەڵدا، ئۆقرە بگرێت و پێکەوە ژیان لەگەڵ عەرەب دا پەسەند بکات! مامە ئینگلیز مەرامەکانی بێ قڕە و بڕە جێبەجێبکات. لە کۆنگرەی قاهیرە 1921 دا بڕیار دەدرێت: کوردستان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە لایەن ماندات/ مندوبی سامی بەڕێوە دەبرێت و بە سەربەخۆیی لە عێراق دەمێنێتەوە تا ئەوکاتەی بیرورایەکی گشتیی کوردی باوەڕپێکراو سازدەبێت، بەڵکێن بە عێراقەوە. ئینگلیز عێراقێکی دروستکرد، لە ڕێگای کەمینەیەکی شەڕانگێزی خۆیناوییەوە بە کولتوورێکی دواکەوتووی شوومەوە، بە ئاگر و ئاسن حوکمی کردووە. هیچ مافی نەتەوەیی و ئازادییەکی کەسی تێدا نەبووە. یەک ناسنامەی عەرەبی بەسەر تەواوی پێکهاتەکاندا سەپێندرا. گەر بهاتایە، میللەتان و عەقڵ و کولتوور و دەستوورێکی وەک ئەوەی سویسرایان بهێنایە و عێراقێکی چەشنی سویسرایان پێ قووت بکردایەوە، ئەوە ڕەنگە هەستی خۆ بەهاوڵاتی زانین بەرانبەر بەم عێراقە دروست بووایە!؟ بە ساردی و کزیش بوایە سەریهەڵدەدا. ئەوەدم ستراکچەری ئەڤڵ و ستراتیژیی کوردیش لەسەر بنەمایەکی تر دادەڕێژرا. بەڵام ئینگلیز عێراقێکی بە میژوو هەڵکشاو لە خوێن و بە سیستەم دیکتاتۆری کودەتاچی تەواو سەربازی قووتکردەوە و هەموو پشتیوانییەکی لۆجیستی لێ کرد تا توانی لەسەر پێی ڕاگرێت.

لە ئاینی ئیسلامدا جێگای حزب و دەوڵەت و نیشتمان نابێتەوە، لە ڕوانگەی ئیسلام هەموو لەسەر زەوی لەڕێز چەتری ئومەی ئیسلامدا، کۆبوونەوە و کەس خاوەنی هیچ نییە بەڵکو هەموو شتێ لە ڕێی خوا و پێغەمبەرەکەیدا دەکرێ و جیاوازی نێوان کەس و ڕەنگەکان نییە. نەتەوە و نەتەوایەتی و دەوڵەت و حیزب داهێنانی ڕۆژئاواییەکانن بۆ پارچەپارچەکردنی ئومە و سەرزەمینی موسڵمان. بەس بۆ فەلەستینییەکان هەموو شتێ ڕەوا بوو. حیزب و دەوڵەت دروستکردن و فەلەستینچێتی، تەنانەت وەک موسڵمانێکی کورد خۆیشی بچێ بۆ غەزای جولەکە پێی ڕەوایە، بەبیانووی شەڕی زایۆنیزم!. وەک زانیمان عێراق دروستکراوە بەم میکانیزمە و بۆ ئەو ئامانجە. کەواتە باوەڕ و خەبات و شەڕی پاراستنی ئەم کیانە دەستکردەی کۆلۆنیالیزمی ئەمەریکا لە عێراق لە دریژەی قسەکانیدا تیشکی خستەسەر خۆپیشاندانەکانی ئەم دوایییەی عێراق و شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ خۆپیشاندانەکان بەهەڵە زانی و گوتی: پێویستە گوێ لە داواکاری خۆپیشاندەران بگیرێت کە داواکاری پیشەیی و خزمەتگوزارین و داوای کۆتاییهێنان بە گەندەڵی و دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان و هەڵی کار دەکەن کە ئەمانە داواکاریی تەعجیزی نین و لەجیاتی بە سەربازگەکردنی بەغدا و شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق و کردنە ئامانجی خۆپیشاندەران و ترساندن و تیرۆرکردنی سەرکردە و کەسایەتییە چالاکوانەکانی ناو خۆپیشاندانەکان باشترە گوێبیان لێبگیرێت و کار بۆ جێبەجێکردنی داواکانیان بکرێت.

بەشی لەزۆری کەرەستەی بەرهەمهێنانی وزەی لەسەرتاسەری عێراق کرد و تەئکیدی کردەوە کە حکوومەتی عێراقی دەتوانێ زۆر بەئاسانی ئەو وزەیەی پێویستیەتی لە وزەی کارەبا و جۆرەکانی نەوت و بەنزین و گاز لەناو عێراقدا بەرهەمی بهێنرێت و زۆربەی وڵاتە گەورەکان و کۆمپانیا پەیوەندیدارە گەورەکانی جیهان ئامادەن ئەم وزەیە لەناو عێراق بەرهەم بهێنن و نابێ هاوردەکردنی وزە لە ئێرانەوە بۆ عێراق بەردەوام بێت.

جوی هود جێگری سەرۆکی نێردەی دبلوماسی ئەمەریکا لە عێراق لە دریژەی قسەکانیدا تیشکی خستەسەر خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی عێراق و شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ خۆپیشاندانەکان بەهەڵە زانی و گوتی: پێویستە گوێ لە داواکاری خۆپیشاندەران بگیرێت کە داواکاری پیشەیی و خزمەتگوزارین و داوای کۆتاییهێنان بە گەندەڵی و دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان و هەڵی کار دەکەن کە ئەمانە داواکاریی تەعجیزی نین و لەجیاتی بە سەربازگەکردنی بەغدا و شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق و کردنە ئامانجی خۆپیشاندەران و ترساندن و تیرۆرکردنی سەرکردە و کەسایەتییە چالاکوانەکانی ناو خۆپیشاندانەکان باشترە گوێبیان لێبگیرێت و کار بۆ جێبەجێکردنی داواکانیان بکرێت.

جوی هود:

پێویستە عێراق پابەندبێت بە سزاکانی سەر ئێران



خەبات/ مەریوان نەقشبەندی

جێگری سەرۆکی نێردەی دیبلۆماسی ئەمەریکا بۆ عێراق (جوی هود) تەئکید دەکاتەوە کە پابەندنەبوونی عێراق بەسزاکانی سەر ئێران و سەرکوتکردنی خۆپیشاندەرانی عێراقی و فەرامۆشکردنی داواکاریەکانیان کێشەی گەورە بۆ سەقامگیریی عێراق دروست دەکات و پێویستە ئەم حاڵەتە لەلایەن حکوومەتی بەغداوە بەهەند وەربگیرێت.

جوی هود جێکری سەرۆکی نێردەی دبلۆماسی ئەمەریکا بۆ عێراق لەمیانەی پانێلێکدا کە میدیاکانی عێراق بەگرنگییەوە گواستیانەوە باسی لەخۆدزینەوەی دەسەڵاتدارانی عێراق لە سزاکانی سەر ئێران کرد و گوتی: بیانووی عێراق بۆ هاوردەکردنی وزە لە ئێرانەوە بۆ عێراق وەک ئەوە وایە کە خورما هاورد بکەیت بۆ وڵاتی خورما، لەمبارەیەوە

ناتانیاهو ئەرکی پێکهێنانی حکوومەتی ڕادەستی سەرۆکی ئیسرائیل، ڕئۆڤین ریڤلین ڕیقلین کردەوە

بە هۆی ئەوەی نەیتوانی زۆرینەی پێویست دەستەبەر بکات بۆ پێکهێنانی حکوومەتی هاوپەیمانی، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بێنیامین ناتانیاهو ئەرکی پێکهێنانی حکوومەتی ڕادەستی سەرۆکی ئیسرائیل، ڕئۆڤین ریڤلین کردەوە.

بێنیامین ناتانیاهو لە پەیامێکی ڤیدیۆییدا ئاماژەی بەوە کردووە کە بە هۆی ئەوەی دوو ڕۆژ ماوە بۆ تەواوبوونی وادەی دروستکردنی حکوومەتی هاوپەیمانی و نەیتوانیوە زۆرینەی پێویست دەستەبەر بکات، ئەرکی پێکهێنانی حکوومەتی ڕادەستی سەرۆک ڕئۆڤین ریڤلین کردووەتەوە.

سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بێنیامین ناتانیاهو باسی لەوە کردووە کە گەلی ئیسرائیل داوای حکوومەتی یەکێتیی نیشتمانیی بنکە فراوان دەکات و ئیسرائیلیش پێویستی بەوە هەیە، بەڵام سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی سەرکەوتوو نەبووە لەو بابەتەدا.

بێنیامین ناتانیاهو سەرکردەی هاوپەیمانی شین-سپی، بێنی گانتزی تۆمەتبار کرد بەوەی کە نەیتوانیوە حکوومەتی یەکێتیی نیشتمانیی بنکە فراوان پێکبهێنێت و ڕایگەیاندووە "لە میانی چەند هەفتەی ڕابردوودا هەموو هەوڵم خستەگەڕ بۆ هێنانی بێنی گانتز بۆسەر میزی دانوستان، بەڵام بەداخەوە ئەو (گانتز) هەموو جارێک ڕەتیکردەوە".

سەرۆکی ئیسرائیل، ڕئۆڤین ریڤلین دوای ماوەیەکی کەم لە بڕیارەکەی بێنیامین ناتانیاهو، ڕایگەیاند کە ئەرکی پێکهێنانی حکوومەتی هاوپەیمانی دەدات بە بێنی گانتز. دوای ئەوەی لە لایەن ڕئۆڤین ریڤلینەوە ڕادەسپێردرێت، پێویستە بێنی گانتز لە میانی 28 ڕۆژدا حکوومەتی هاوپەیمانی پێکبهێنێت، ئەگەر گانتز-یش نەیتوانی سەرکەوتووبێت لە پێکهێنانی حکوومەتدا، ئەوا چاوەڕوان دەکرێت لە میانی یەک ساڵدا بۆ جاری سێیەم بڕیاری هەڵبژاردنی پێشوەختە بدرێت.

هاوپەیمانی شین/ سپی بە ڕێبەرایەتی بێنی گانتز لە هەڵبژاردنەکەی 17ی ئەیلوولدا، 33 کورسی بەدەست هێنا و بووە براوەی یەکەم. دوای هاوپەیمانی شین/ سپیش، پارتی لیکود بە سەرۆکایەتی بێنیامین ناتانیاهو بە بەدەستهێنانی 32 کورسی بووە براوەی دووەم و لە دوای ئەویش فراکسیۆنی لیستی هاوبەشی عەرەبی کە لەو پارتانە پێکهاتووە کە نوێنەرایەتی ئەو فەلەستینییەکانی هاوواڵاتیی ئیسرائیل دەکەن، 13 کورسی بەدەست هێنا و بوونە سێیەم گەورەترین فراکسیۆنی پەرلەمانی ئیسرائیل. هەروەها پارتی شاس کە نوێنەرایەتی جوولەکەکانی ئولترا ئۆرتۆدۆکس دەکات نۆ کورسی بەدەست هێنا و پارتی ئیسرائیل مالمانەی وەزیری پێشووی بەرگریی، ئاڤیگدۆر لیبەرمان هەشت کورسی پەرلەمانی بەدەست هێنا.

هاوپەیمانی ڕاستی یامیناش بە سەرکردایەتی وەزیری پێشووی دادی ئیسرائیل، ئایەلەت ساکەد و پارتی یەکگرتووی تەورات یەکی حەوت کورسیان بەدەستهێنا.

لە کاتێکدا پارتی کرێکاران لە فراکسیۆنی چەپڕەو بووە خاوەنی شەش کورسی، هاوپەیمانی یەکێتیی دیموکراتی کە سەرۆکوەزیرانی پێشووی ئەو وڵاتە، ئێهود باراک پشتیوانیی دەکات پێنج کورسی بەدەستهێنا و بووە بچووکترین فراکسیۆنی پەرلەمانەکە. جێی باسە لە هەڵبژاردنە گشتییەکەی ئیسرائیلدا کە ئەوە دووەمین جارە لەمساڵدا ئەنجام دەدرێت لە کۆی 120 کورسی پەرلەمان هیچ کام لە پارتە بەشداربووەکان نەیانتوانی 61 کورسی بەدەستبهێنن کە پێویستە بۆ بەتەنها گرتنە دەستی دەسەڵات.

*** کرکوک وترابعها حکم التاریخ والضمیر د. کمال .مظهر أحمد**

وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ڕێنمایی نوێ بۆ دروستکردنی مزگەوت بڵاو دەکاتەوە



وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی، پێداچوونەوەی بە شێوازی دروستکردنی مزگەوت لە هەرێمی کوردستان کردووە و گوتەبێژی وەزارەتەکەش ڕایدەگەیەنێت، پێویستە ئەو کەسەی دەیەوێ مزگەوت دروست بکات، لە شوێنی پێویست بێت و پارەی لە بانکدا هەبێت بۆ دروستکردنی مزگەوت.

نەبەز ئیسماعیل، گوتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: ژمارەیەک ڕێنمایی بۆ دروستکردنی مزگەوت لە هەرێمی کوردستان دەرکراون و بەپێی مەرجەکانی حکوومەت لەمەودوا ڕێگە بە کەسانی خێرخواز دەدرێت مزگەوت دروست بکەن، کە مەبەست لە دانانی مەرج و دەرکردنی ڕێنمایی ئەوەیە، زیاتر ڕێک بخرێتەوە و ئەو کێشانەی پێشتر هەبوون چارە بکرێن.

گوتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف گوتیشی: پێویستە ئەو شوێنەی مزگەوتی لێ دروست دەکرێت لەسەر نەخشە شوێنی مزگەوت بێت و نابێت لە مزگەوتی دیکەوە نزیک بێت و بەپێی پێویستیی ئەو شوێنە دەبێت، چونکە ناکرێت مزگەوت لە نزیک مزگەوتی دیکەوە دروست بکرێت.

ئیسماعیل ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: هەر کەسێک بیەوێ مزگەوت دروست بکات، پێویستە پارەی کاشی لە بانکدا هەبێت و دوای پەسەندکردنی داواکارییەکەی لەلایەن لێژنەیەکەوە سەردانی شوێنی دروستکردنی مزگەوت دەکرێت و ئەگەر بەپێی ڕێنماییەکان گونجاو بێت، مۆڵەتی دروستکردنی پێ دەدرێت.

فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر لە دیوانی پارێزگارا پێشوازی کرد لە ئۆلیگ لیڤن کونسوڵی گشتی ڕووسیا لە هەرێمی کوردستان و شاندی یاوەری .. لە دیدارێکدا جەخت کرایەوە لەسەر هەماهەنگی نێوانی کۆنسوڵخانەی ڕووسیا و پارێزگای هەولێر ، لە گشت بوارەکان ، لەبارەیەوە پارێزگاری هەولێر هەموو ئامادەییەکی خۆی نیشاندا. دەربارەی بیرۆکەی دەستەخوشکی هەولێر لەگەڵ پارێزگای یەکتانبورگ ، شاخاویەکانیش دەست پێ دەکەین و دابەشی دەکەین بەسەر هاوواڵتیان، شایانی باسە ئێمە بەردەوام داوای نەوتی سپیمان کردووە تا هەرچی زووە دابەشی بکەین بە سەر هاوواڵتیان. دیارە حکومەتی عێراق بە دوو ئاراستە کار بۆ دابینکردنی نەوتی سپی مااڵن دەکات، یەکێکیان ئەوەیە کە حکومەتی عێراق نەوتی پێویست ڕەوانە بکات بۆ پارێزگاری هەولێر خۆشحاڵی و پاڵپشتی خۆی دەربڕی ، بۆ ئەم مەبەستە و سەرخستنی ئەو بیرۆکە هەموو ئامادەکارییەک دەکەن ، گفتوگۆش کرا دەربارەی داوەت کردنی پارێزگاری یەکتانبۆرگ بۆ هەولێر. کونسوڵی ڕووسیا ڕایگەیاند کە بۆ ساڵی 2020 لە کۆی پێدانی 130 زەمالەی خوێندن بۆ عێراق ، 30 زەمالە بۆ هەرێمی کوردستان دەبێت ، بەهەماهەنگی پارێزگای هەولێر و وەزارەتی خوێندنی باڵا جێبەجێ دەکرێت. لەلایەن خۆشیەوە پارێزگاری هەولێر گرنگی مێذوویی وواڵتی ڕووسیای ئاماژە پێکرد ، داواشی کرد کە هانی کۆمپانیاکانی ڕووسیا بدەن لە بوارەکانی ئەندازیاری و ڕێگاوبان و پیشەسازی سەردانی هەرێم بکەن ، بۆ ئەنجامدانی کاری ئاوەدانی و وەبەر هێنان. وێڕای دەوڵەمەندی کلتووری ڕووسیا ، لەمبارەیەوە داوا کرا ئاڵ و گۆڕی کلتووری و ڕۆشنبیری لە نێوانی هەرێم و ڕووسیا ئەنجام بدرێت و لە ڕووی هونەری و کلتووری هەماهەنگی بکرێت ..

پارێزگاری هەولێر پێشوازی لە کونسوڵی گشتی ڕووسیای فیدراڵ لەهەولێر کرد



پرۆسەی چاکسازیی لە کێڵگەکانی کۆرمۆڵی غازی جێبەجێ کراوە

هاوبەشانی کارەبا ئاگادار دەکەینەوە کە دوێنێ ڕێکەوتی 2019/10/22 دۆخی کارەبای هەرێم ئاسایی بووەوە، ئەمەش دوای ئەوەی لەماوەی 12ڕۆژدا کۆمپانیای دانا غاز بەسەرپەرشتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بەسەرکەوتوویی ئەو پرۆسە چاکسازییەیان جێبەجێ کرد کە پێش هاتنی وەرزی زستان پێویست بوو لە کێڵگەکانی کۆرمۆر ئەنجامی بدەن کە بەهۆیەوە کارەبای نیشتمانی کەمیکردبوو. تیمەکانی بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی کارەبای هەرێم بە هەماهەنگی لەگەڵ وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا دەستیان بە زیادکردنەوەی بەرهەمهێنانی کارەبا کردەوە دوای ئەوەی هەناردەکردنی بڕە غازی پێویست بۆ وێستگەکان ئاسایی بوونەوە.

حکوومەتی ناوەند بەڵێنیداوە لە کۆتایی ئەم مانگەدا نەوتی سپی بەسەر هاوواڵتیاندا دابەش بکات

خەبات.. سەید فاتیح

بەرزنجی: ئەندازیار ئاری کاکەشین بەڕێوەبەری سووتەمەنی هەولێر ڕوونیکردەوە: ئەگەرچی لە وەرزی زستان نزیک دەبینەوە و تا ئێستا حکومەتی ناوەند نەوتی سپی ڕەوانە نەکردووە، بەاڵم بەڵێنی ئەوەیانداوە لە کۆتایی ئەم مانگەدا نەوتی سپی ڕەوانە بکەن و هەرکاتێک نەوتەکە گەیشت ڕاستەوخۆ لە ناوچە دووەمیش ئەگەر حکومەتی هەرێم 250 هەزار بەرمیل نەوت ڕادەستی بەغدا بکات ئەوا نەوتی زۆر زیاترمان بۆ دێت. بۆ ئەو مەبەستەش هەماهەنگی باش لە نێوان هەرێم و بەغدا هەیە و ئومێد هەیە حکومەتی عێراق نەوتی سپی مااڵن ڕەوانە بکات هەرکاتێک نەوتەکە گەیشت ئەوا دەست بەدابەشکردنی نەوت دەکەین.

پارێزگەرێ دهۆکێ و بەرپرسێ ڕێکخراوا UNHCR ڕەوشا پەنابەرێن ڕۆژئاڤا گەنگەشەکر



دوهی سپێدێ 2019/10/22 فەرهاد ئەمین ئەترۆشی پارێزگەرێ دهۆکێ پێشوازیا ئەیەن بەرپرسێ ڕێکخراوا UNHCR ل ئیراقێ وشاندێ دگەلدا کر.

دهەڤدیتنەکێدا ب ئاماددبونا ئیسماعیل محەمەد ئەحمەد هاریکارێ پارێزگەری بو کاروبارێن ئاوارە و پەنابەران بەحسێ ڕەوشا ئاوارە و پەنابەران ب گشتی و ڕەوشا پەنابەرێن ڕۆژئاڤایێ کوردستانێ ئەوێن ل ڕۆژێن دەربازبوی قەستا هەرێما کوردستانێ کرین و ل کەمپا بەردەڕەش و جهێن دی هاتینە ئاکنجیکرن و ئەو هاریکارێن بو هاتینە پێشکێشکرن ب تایبەتی هاتە کرن.

پارێزگەرێ دهۆکێ خوشحالیا خو ب سەرەدانا شاندێ ناڤبری دیارکر و دەست خوشی ل تیمێن پارێزگەها دهۆکێ وێین ڕێکخراوێن یو ئێن ومروڤایەتی کر کو دگەل هاتنا پەنابەران پێدڤیێن دەستپێکی بێن ژیانێ بو دابینکرینە و خواست کو جڤاکێ دەولەتی ب ڕێکا ڕێکخراوێن مروڤایەتی پتر هاریکارین بو پشتەڤانیکرنا پەنابەرێن نوو هاتینە پارێزگەها دهۆکێ.

هەروسا پارێزگەرێ دهۆکێ دیارکر کو بەری نوکە و ژبەر شەرێن تیرورستێن داعش ژمارەکا زور یا ئاوارە و پەنابەران هاتینە سنورێ پارێزگەها دهۆکێ و فشارەکا مەزن ئێخستیە سەر هەموو سەکتەرێن خزمەتکاری و ب هاتنا ڤێ ژمارا زور یا پەنابەرێن ڕۆژئاڤا پتر بارێ سازیێن خزمەتکاری دێ هێتە گرانکرن و خواست کو جڤاکێ دەولەتی پتر یێ هاریکاربیت.

هەژی گوتنێ یە هەتا نوکە پتر ژسێ هزار کوردێن ڕۆژئاڤا قەستا هەرێما کوردستانێ وپارێزگەها دهۆکێ کریە ول کەمپا بەردەڕەش هاتینە ئاکنجیکرن.

وەزارەتی کشتوکاڵ باج لەسەر چەندین جۆری خۆراک هەڵدەگرێت



گوتەبێژی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، لە پێناو گران نەبوونی نرخ و هاوسەنگیی بازاڕ، باج لەسەر چەند جۆرە سەوزە و میوەیەک هەڵدەگرێت.

حوسێن حەمەکەریم، بە مالپەڕی فەرمی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند، لە ڕۆژی 1ی مانگی 11ـەوە، وەزارەتی کشتوکاڵ باج لەسەر هەرەیەکە لە بەرهەمەکانی تەماتە، پەتاتە، باینجان، بامیە، شووتی و گوڵەبەڕۆژە هەڵدەگرێت. گوتەبێژی وەزارەتی کشتوکاڵ گوتیشی، ئەم بڕیارە کاری پێ دەکرێت تا دووبارە ئەم بەرهەمانە وەرزی پێگەیشتنیان دێت لە هەرێمی کوردستان، کە بێگومان بڕیارەکەی وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ پرکردنەوەی پێویستیی بازاڕ و گران نەبوونی نرخی ئەم کاڵایانەیە لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستاندا.

کەلار... 22 سەرپەرشتیاری پەروەردەیی خەڵات کران



دوێنێ سێشەممە /10 /22 2019لە قەزای کەلاری ناوەندی ئیدارەی گەرمیان، لەلایەن پەروەردەی گەرمیان و بەڕێوەبەرایەتیی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەییەوە، 22 سەرپەرشتیاری پەروەردەی خەڵات کران. لەمبارەوە دارا ئەحمەد، بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی گەرمیان وتی: ڕێوڕەسمەکە لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی گەرمیان بەڕێوەچوو. گوتیشی: بەڕێوەبەرایەتیی مەشق و ڕاهێنانی پەروەردەی گەرمیان، بڕوانامەی دەرچوونیان بە22 سەرپەرشتیاری پەروەردەیی لەسنووری بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی گەرمیان دابەشکرد، کەلە ڕێکەوتی 7/29 /2019وەوە تاکوو 9/12 /2019 بۆ ماوەی 30 ڕۆژ لە خولی شیاندنی سەرپەرشتیاران لە پڕۆژەی هاوبەشی وەزارەتی پەروەردە و ئەنجومەنی ڕۆشنبیریی بەریتانی برتش کاونسڵ دا بەشدار بوون.

وەزیری خوێندنی باڵا زانکۆی سۆران بەسەردەکاتەوە

وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی سەر لەبەیانی دوێنێ سێشەممە ڕێکەوتی 2019/10/22 لەمیانی بەشداریکردنی لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی زانکۆی سۆران، بەیاوەری ڕاوێژکار و بەڕێوەبەرانی گشتی وەزارەت زانکۆی سۆرانی بەسەرکردەوە. لە سەرەتای کۆبونەوەکەدا د. موسلیح مستەفا سەرۆکی زانکۆی سۆران دوای بەخێرهاتنی وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و ئەندامانی وەزارەت، کورتە باسێکی لەبارەی میژوو و پێکهاتەی زانکۆی سۆران و بەش و کۆلێژەکان پێشکەشکرد و ڕایگەیاند: دروستبوونی زانکۆی سۆران پێویستییەکی گرنگ و جدی بوو بۆ ناوچەکە، بۆیە لەسەرەتای دروستبوونییەوە تا ئێستا زانکۆکە خاوەن دەیان پڕۆژەی زانستی و ئەکادیمی پێویست بوە و ئاستی زانکۆکە قۆناخ دوای قۆناخ و بەپێی پڕۆژەکان بەرەو پێش هەنگاوی ناوە. لە بەرامبەردا وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە وتەیەکدا سوپاسی و دەستخۆشی ئاراستەی سەرۆک و ستافی زانکۆی سۆران کرد بۆ گەشەکردن و پێشکەوتنی زانکۆکەیان لەڕووی توێژینەوە و پێگەیاندنی ئەکادیمیست و ڕۆڵەی هەرێمەکەمان. وتیشی: هیوادارم لەماوەی چوار ساڵی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بتوانین باشتر خزمەت بە بارودۆخی خوێندنی باڵا لە کوردستان و زانکۆ و دامەزراوە زانستییەکانی هەرێمی کوردستان بکەین، بۆ زانکۆی سۆرانیش وتی: لانیکەمی پاداشتی حکومەتەکەی خۆمان بۆ ئەو هەموو قوربانی و شەهید و تێکۆشانەی خەڵکی سەربەرز و قارەمانی دەڤەری سۆران و مێرگەسور و چۆمان و ڕواندز، لەمێژووی دوور و نزیکی گەلەکەمانداـ ئەم دامەزراوە ئەکادیمییە باڵایە، کە ئێستا لە ڕیزی پێشەنگی زانکۆکانی کوردستان و عێراقیشدایە. لەبەشێکی دیکەی سەردانەکەیدا بۆ زانکۆی سۆران، وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەریەک لە فاکەڵتییەکانی زانکۆ و سێنتەری توێژینەوەی زانستی زانکۆی بەسەرکردەوە و، لە شێواز و چۆنییەتی بەڕێوەچوونی کاروبارەکانی پرسی و گرێیی لە سەرنج و پێشنیازەکان گرت.

لەمەودوا گەنجان دەتوانن لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە هەلی کار بەدەست بێنن

عارف حیتۆ بەڕێوەبەری گشتی کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕوونیکردەوە: دامەزراندنی پۆرتاڵی هەلی کار بۆ گەنجان و ئاوەزوومەندانی هەلی کار هەنگاوێکی زۆر گرنگە و لەمەودوا گەنجان دەتوانن لە ڕێگەی ئەو بەرنامەیەوە خۆیان تۆمار بکەن و سوود لە دەرفەتی کار وەربگرن. دیارە ئەو پۆرتاڵە بە هاوکاری ڕێکخراوی پەنابەرانی جیهانی دامەزراوە و کارخوازان و ئەوانەی کە دەتوانن لە بوارەکانی تایبەت بەخۆیان کاربکەن و سوودی لێ وەرگرن و خاوەن کارەکانیش بۆیان هەیە لە ڕێگەی ئەو پۆرتاڵەوە کارەکانیان بڵاوبکەنەوە. دواتر گووتی: لەناو ئەو پۆرتاڵەوە ڕێبەرێک هەیە و تەواوی ڕێنماییەکان بە خاوەن کارو کارخوازان دەدات لە ڕووی ڕێژەی مووچە و جۆری کارەکە و کات و شێوازی کارکردن. لە هەرێمی کوردستان شەش سەنتەرمان هەیە و تا ئێستا دوو هەزار کەس ناویان لەو سەنتەرانە تۆمار کردووە و دەتوانن بە هاوبەشی دامەزراوەی پۆرتاڵی وەزارەت و ڕێکخراوە جیهانییەکان هەماهەنگی کارخوازان دەکەن. بەپێی ئاماری وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لە ئێستادا ڕێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان بۆ 11%دابەزیوە و پێشتر ڕێژەکە 13%بوو.

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

بەڕێزان لە خانەوادەی خوالێخۆشبوو ئەسعەد عەلی جەڵزنی

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی سەرلقی شۆڕش و پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن ئەسعەد عەلی جەڵزنی ناسراو بە خاڵۆ بازیانیمان پێگەیشت.

خاڵۆ بازیانی و خانەوادە بەڕێزەکەی لەپێناو میللەتەکەیاندا قوربانیەکی زۆریان بەخشیوە و بەم بۆنە خەمناکەوە، هاوخەم خۆمان ئاڕاستەی خانەوادە بەڕێزەکەتان دەکەین و سەرەخۆشی لە ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین.

خودای گەورە ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

انالله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

***

بەڕێزان خانەوادەی خوالێخۆشبوو ئەسعەد عەلی جەڵزنی

زۆر بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی سەرلقی شۆڕش و پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوولی مەزن ئەسعەد عەلی جەڵزنی ناسراو بە خاڵۆ بازیانیمان پێگەیشت.

خاڵۆ بازیانی و خانەوادە بەڕێزەکەی لەپێناو میللەتەکەیاندا قوربانی زۆرباندداوە و بەم بۆنە خەمناکەوە، هاوخەمی بۆ خانەوادە بەڕێزەکەتان دەردەبڕین و سەرەخۆشی لە ئێوە و کەسوکار و دۆستانتان دەکەین.

خودای گەورە ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەکتان ببەخشێت و خوالێخۆشبووش بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

انالله وانا الیه راجعون

مەکتەبی سیاسی

نرخەکانیان دەگاتە 800 هەزار دینار و هەموو ڕۆژێکیش بازاڕەکە جممەی دێ لە کڕیار و فرۆشیاران

بازاڕی تەسبیحفرۆشانی هەولێر.. سووچێک کە پیر و گەنج کۆدەکاتەوە

خەبات - بریار کۆیی

زۆربەی ئەوانەی سەردانی ئەو سووچەی بازاڕی شارەکە دەکەن دەڵێن سەردانیکردنی ئەو شوێنە ئارامیمان پێدەبەخشێ و حەزمان لێیە زۆرترین کات لێرە بمێنینەوە، هەندێ کەسیش بە ڕێککەوت بەوێدا تێپەڕدەبێت و چەند خولەکێک کەم دەمێنێتەوە و دەڕوا، بەشێکی دیکەش لە هاووڵاتیان لایان گرنگ نییە و لای لێناکەنەوە، بازاڕی تەسبیحفرۆشانی هەولێر کەوتووەتە ناوەندی بازاڕی شاری هەولێر و بەرامبەر قەڵاتی هەولێر و ژێر کاتژمێرە گەورەکە.





بەشێکی دیکەشیان شوێنی دیاریکراوی خۆیان هەیە و ڕۆژانە لە هەمان شوێن دادەنیشن و کاسبی دەکەن.

هەرچەندە بەشێکی تەسبیحفرۆشەکان لە پێشنیوەڕۆوە لە بازاڕەکەن تا ئێوارە بەڵام زۆرینەی تەسبیحفرۆشەکان لە پاشنیوەڕۆوە دەست بە کارەکە دەکەن چەند کاتژمێرێک بەر لە خۆر ئاوابوون قەرباڵغترین کاتی بازاڕەکەیە، حاجی سەعدی بە پێی گوتەی زیاتر لە 12 ساڵە لەو بازاڕە سەرقاڵی کڕین و فرۆشتنی تەسبیحە، جیا لەوانی دیکە جگە لە فرۆشتن تەسبیح دەستی خەڵکیش دەکڕێتەوە بەڵام بە نرخی هەرزانتر، ئەو ئاماژەی بە ئەوە کرد کە ژیانی ئەوان و داهاتیان لەسەر تەسبیحی قەزوان وەستاوە کە کڕینی فرۆشتنەکەی قازانجێکی باشی هەیە لەبەر ئەوەی نرخەکەی زیاتر لە تەسبیحی دیکە.

بەپێی گوتەی ئەو تەسبیح فرۆشە نرخی تەسبیح لە چەندین ساڵە ئەو کۆڵان و شوێنە بووەتە شوێنی دیاریکراوی ئەو کەسانەی کاری فرۆشتنی تەسبیح دەکەن ، زۆربەشیان لە سەرووی 40 ساڵییەوەیە، ڕاستە بازاڕەکە بە بازاڕی بەتەمەنەکان ناسراوە بەڵام ژمارەی ئەو گەنجانەشی کە ڕۆژانە سەردانی ئەو شوێنە دەکەن کەم نین، بەشێک لە کاسبکارانی بازاڕەکە تەسبیح بەسەر دەستیانەوە دەفرۆشن و هەزار دینارەوە دەستپێدەکات تا 800 هەزار و زیاتریش، بەڵام زۆرینەی کڕیارەکان پارە بە تەسبیحی هەزران دەدەن بەتایبەتی ئەو تەسبیحانەی نرخیان لە خوارەوەی 100 هەزار دینارەوەیە.

یاسین حەمەد کە بە دەیان تەسبیحی ڕەنگاوڕەنگ و جۆراو جۆری لە دەستی خۆی ئالاندبوو و بەسەر پێوە کاری کڕین و فرۆشتنی تەسبیح دەکات لە بازاڕەکە، باسی لەوە کرد کە چەندین جۆری تەسبیحی لا دەست دەکەوێ وەک:- قەزوان بە هەموو جۆرەکانییەوە، کارەبا، سەندەلوس ، ئەبلەق، حەمەسوری، دەستنەخش، لاسورە و چەندین جۆری تر نرخەکانیان جیاوازن بەڵام داواکاری زیاتر لەسەر نرخە هەرزانەکان هەیە، ئەو کاسبکارە ئاماژەی بە ئەوە کرد کە ئێستا گەنجانیش حەز بە تەسبیحی قەزوان دەکەن بەڵام پێشتر ئەو جۆرە تەسبیحە بە تەسبیحی دەستی پیر و بەتەمەنەکان ناسراو بوو، یاسین دەشڵێ کە تەسبیح لە بەدەست هەر کەسێکەوە ببینێ بەبێ ئەوەی دەستی لێبدا دەزانێ کە چ جۆرێکە و نرخەکەشی بە نزیکەیی چەندە.

هیوا نورەدین کە بە دیار تەسبیحەکانی یەکێک لە کاسبارەکانی بازاڕەکە وەستابوو و ورد ورد دەڕوانی، لەبارەی ئەوەی ئاخۆ زوو زوو سەردانی ئەو شوێنە دەکات یان درەنگ، ئاماژەی بە ئەوە کرد کە سەردانیکردنی ئەو شوێنەی لەلا بووەتە نەریت، هەر کاتێک سەردانی بازاڕی گەورەی شاری هەولێر بکات سەرێک لە کۆڵانی تەسبیحفرۆشان دەدات و زۆرینەی جارەکانیش کڕیارە و بەبێ تەسبیح ناچێتەوە ماڵ، هیوا کە تەمەنی نزیکەی30 ساڵە ڕایگەیاند کە حەزکردن بە تەسبیحی لە باوکییەوە بۆ ماوەتەوە و گوتی باوکم بە دەیان تەسبیحی هەیە و هەندێکیان نرخیان زۆر بەرزە.

غازی، کە یەکێکی دیکە لە کاسبکارانی کۆڵانی تەسبیحفرۆشان، تێبینییەکی خستەڕوو ئەویش ئەوەیە کە تەسبیحیش وەکو هەر بەرهەمێکی تری بازاڕ فێڵی تێدا دەکرێت، بۆ نموونە کەسێک ناشارەزا کە دەچێتە بازاڕەکە کەسانێک هەن کە تەسبیحی ئاسایی بە نرخێکی بەرز پێدەفرۆشن، بۆیە داوای لەو کەسانە کرد کە شارەزاییان نییە و دەیانەوێ تەسبیح بکڕن ڕاستەوخۆ نەیکڕن بەڵک و چەند شوێنێک بکەڕێن و لە چەند کەسێک بپرسن دواتر پارەی پێبدەن.

ئەوەی جێگای ئاماژە پێدانە لەو بازاڕەدا و هاوکات لەگەڵ فرۆشتنی تەسبیح، کاتژمێری دەست و گوستیلە پیاوانەش دەفرۆشرێن کە ئەوانیش نرخەکانیان بەرزن ئەمەش بەپێی گوتەی کاسبکارەکان دەگەڕێتە بۆ هۆی ئەوەی کە کوالێتییان باشە و جۆرەکانیان دانسقە و نایابن.

جووتیارێکی هەڵەبجە 400 داری فستەق دێنێتە بەرهەم

بورهان عزەدین: ماوەی 14 ساڵە نەمامەکانم چاندووەو ئێستا بەری گرتووە



جووتیارێکی دانیشتووی هەڵەبجە زیاتر لە 14 ساڵە خاوەنی باخێکی فستەقە و هەریەک لە جۆرەکانی ئەحمەدی و ئەکبەری و کەلقوچی تیادا بەرهەم دەهێنێت، لەئێستاشدا وەرزی پێگەیشتنی بەرهەمی فستەقەکەیەتی و سەرقاڵی رنینەوەی بەرهەمی ئەمساڵن.

خەبات: هەڵەبجە

بورهان عزەدین جووتیارێکی سنووری شاری هەڵەبجەیە و خاوەنی باخێکی فستەقە کە زیاتر لە 400داری هەمە جۆری فستەقی تێدایە. لە بارەی باخەکەیی و بەرهەمی فستەق لە ناوچەکەدا دواو گوتی: بە هۆی ئەوەی کە خۆم ئەندازیاری کشتوکاڵیم، 14 ساڵ پێش ئێستا ئەو بیرۆکەیەم بەخەیاڵدا هات کە باخێکی فستەق بچێنم، چونکە خۆم خاوەنی پارچەیەک زەوی کشتوکاڵی بووم، لە ڕەگەوە خۆم دەستم پێکردەوە و دەنکەکانی خۆم ناشتومە و ئێستا گەیشتووەتە بەرهەم.

ئەو هەروەها گوتی: لەبەر ئەوەی بەرهەمهێنانی فستەق لە کوردستاندا شتێکی تازەبوو، فستەقیش بە هۆی ئەوەی کە نێرە و مێیەی تێدایە، دەبێت لە شوێنێکی باوەڕپێکراوەوە نەمامەکەی بۆ بێنیت، نەمامەکەش لە ئێران هەبوو، بەڵام ئەوکاتە ئێرانیش ڕێگەی نەدەدا بە شێوەی ڕەسمی بهێنرێت، هەر بۆیە بە هەوڵی خۆم بە دەنکەوە دەستم پێکرد، نەمامەکانم دروستکرد و دوای کێڵگە نەمامەکانم هێنایە ئێرە و بە شێوەیەکی هەمیشەیی چاندمن، ئێستا ئەم دارانە ماوەی 14ساڵە نێژراون.

بورهان شێخ عزەدین هەروەها گوتی: ڕێژەی دارەکان بەگوێرەی ڕووبەری زەویەکە نییە کە 18دۆنمە، ئەو دارانەی کە ئێستا تەمەنیان لە نێوان 13 بۆ 14 ساڵە نزیکەی 400 دارێکە، هەندێکی تریان کاتی خۆی لەناوچوون، بەڵام سااڵنە من بە بەردەوامی دووبارە ناشتنەوەی بۆ دەکەم، بۆ پرکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە دروست بوون لە زەویەکەدا، هەروەها بە شێوەیەکی بەردەوامیش خەریکی پێون کردنین لە نێژاندا.

ئەو باسی لەوەش کرد لە سنووری هەڵەبجە و شارەزوور بەتایبەتی و هەرێمی کوردستان بە گشتیی ناوچەی گونجاون بۆ بەرهەمهێنانی فستەق، تەنها ئەو جێگایەنە نەبێت کە ئاستی ئاویان بەرزبێت لەژێر زەوی، چونکە بۆ ڕەگی دار بەگشتی و فستەق بەتایبەتی خراپە، سروشتی فستەق بەوجۆرەیە کە حەز بە ئاوی زۆر ناکات کە لە ڕێژەی خۆی زیادبێت و بە شێوەی دێمیش دەبێت چونکە لە پۆلی قەزوانە و پێوەنیشیان بۆ یەک دەبێت.

ئەم جووتیارەی هەڵەبجە ڕێنمایی جووتیاران دەکات لە بارەی چۆنێتی بەخێوکردنی داری فستەق و گەورەکردنی، ئەو گوتی: داری فستەق ئەگەر خزمەتی جوانی بکەیت وەک ڕەزە دێم، چۆن ڕەزە دێم هەیە کە تۆ پێ دەگەیەنێت، بەهەمان شێوە ئەمیش پێدەگات بە دێمەکاری، ئەگەر ئاویشی هەبێت باشترە، بەڵام ئاوێکی کەم بۆ یارمەتیدانی، داری فستەق بە شێوەی بەزری دەینێژیت زیاتر لە نۆ ساڵی دەوێت تا بەر دەگرێت، بەڵام ئەگەر بە پێوەن بیکەیت لە پێنج ساڵدا بەر دەگرێت و پێش دەکەوێت، ئەوەی کە پێوەن کراوە و ئەوەشی کە بە بەزری نێژراوە لە تەمەنی 11 بۆ 13 ساڵیدا ڕێژەی بەرگرتنیان وەک و یەک دەبێت، بەڵام بۆ پێشکەوتنی بەرگرتن، پێوەنەکە زووتر ئاماژەی بەرگرتن دەدات.

بورهان باس لەوەش دەکات، ئێستا لە باخەکەیدا پۆلی ئەکبەری و پۆلی ئەحمەدی و پۆلی کەلقوچی هەیە و لەئێستادا سەرقاڵی چنینەوەی بەرهەمی ئەمساڵن.

نەخۆشێک داوای هاوکاری دەکات

هەستیار عوسمان: هاوکاریم بکەن با منداڵەکانم بێ باوک نەبن



هەستیار عوسمان عەبدوڵڵا دانیشتووی شاری سلێمانی و باوکی پێنج منداڵە، بەهۆی تووشبوون بە نەخۆشی شێرپەنجە گورچیلەی چەپی دەرهێندراوەو دایکی پێنج منداڵەکەی هەستیار عوسمان گورچیلەیەکی خۆی پێ بەخشیووە.

بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی کە کۆپییەکی بۆ ڕۆژنامەی خەبات ناردووە، لە ئێستادا ئەو نەخۆشە پێویستی بە نەشتەرگەرییەکی خێرا هەیە لە شانشینی ئەردەن و بڕی تێچووی نەشتەرگەرییەکەی 12هەزار دۆلارە.

هەستیار عوسمان لەبەر هەژاری و خراپی باری دارایی لە ڕێگەی ڕۆژنامەی خەباتەوە نامەیەکی کراوە ئاراستەی بەرپرسانی هەرێمی کوردستان و سەرجەم لایەنە بەرپرس و پەیوەندیدارەکان و هەموو سەرمایەداران و کەسایەتی و ڕێکخراوە خێرخوازییەکان دەکات و لە نامەکەیدا نووسیوویەتی: هاوکاریم بکەن با منداڵەکانم بێ باوک نەبن.

هەر لەو نامەیەدا ئەو نەخۆشە دەڵێت: هاتمە هەولێر بۆ ئەوەی هاوکاری بەدەستبێنم، پێیانگوتم بەڕێز خالید خۆشناو دەتوانێت هاوکاریت بکات، بۆیە لێردەوە لە ڕێگەی ڕۆژنامەی خەباتەوە داوا لەو بەڕێزە دەکەم ئەگەر لەتوانایدا هەیە و لەپێناوی خوادا هاوکاریم بکات، بەڵکو بتوانم منداڵەکانم لە بێ باوکبوون بپارێزم.

ژمارەی نەخۆشەکە: 07701498433

ڕۆژنامەی خەبات وەک بەدەنگەوەهاتنی هەموو ئەو کەسانەی نەخۆشن و پێویستیان بەهاوکاریکردن کردن هەیە، لەسەر داوای خۆیان داواکاری و حاڵەتەکان وەک ئەوەی هەیە دەخاتەڕوو و ئومێد دەکەین بەدەنگەوەهاتن بۆ سەرجەم داواکاری ئەو کەسانە هەبێت، کە پێویستیان بەهاوکاریکردن و هەموانیش تەندروست و دوورن لە نەخۆشی و ناخۆشی.

ئایا لێکۆڵینەوەی بەر لە هاوسەرگیری زامنی ژیانێکی بەختەوەرە



ڕاپۆرت/ ژیلا کەریمی

خێزانەکان و گەنجان خۆیشان بە تایبەت زۆر بە هەستیارییەوە پێدەنێنە پرۆسەی هاوسەرگیری کە ئەوەش هۆکاری خۆی هەیە وەک ئەوەیکە لای ئێمەی ڕۆژهەلاتی سەرنەکەوتن زۆر بە قورسی بە تایبەت بەسەر کچدا دەشکێتەوە و ئەوەش ترسێکی زۆری خستۆتە دڵی کچانەوە، ئەوە لە حاڵێکدایە بنەماڵەی کوڕیش لەو یاسایە بەدەر نین و لەو هاوسەرگیریانەی کە بە هەڵبژاردەی کچ و کوڕ نین و خێزانەکان بڕیار دەدەن پرسیارکردن لە خزم و دراوسێ و هاوکاران یەکەم هەنگاوی دەسپێکی پرۆسەی هاوسەرگیرییە. بەڵام ئایا تا چەند وەڵامی ڕاست لەو پرسیارانە دەسدەکەوێت و تا چەند لێکۆڵینەوە زەمانەتی بەختەوەربوون دەکات. ڕای هاوواڵانیان لەو بارەوە هەوێنی ئەم ڕاپۆرتەیە.

جگە لە ناسینی گەنجەکان تێگەیشتنی خێزانەکانیش پێوەرە لانە عومەر فەرمانبەرە و هەفت ساڵە ژیانی خێزانی پێکهێناوە و دەڵێت:

من و هاوسەرم لە کۆلێژ یەکترمان ناسینی و ئەو چەند ساڵەی بەیەکەوە بووین تا ڕادەیەکی باش یەکترمان ناسینی، بەڵام هاوسەرگیری پێویستی بە ناسینی خێزانەکان و تێگەیشتن بۆ ئاستی خێزانی یەکتر هەیە، بۆیە لای من زۆر ئاسایی بوو کە کاتێک هاتنە داوام هەم بنەماڵەی ئێمە و هەمیش بنەماڵەی ئەوان لە یەکتریان کۆڵییەوە. لانە بە پێویستی دەزانێ کە ئەم لێکۆڵینەوە و پرسینە بکرێت چونکە ئەگەر کەسانی دەوروبەری ڕاستگۆ بن زۆر شت ئاشکرا دەکات و زۆر تایبەتمەندی شاراوە دەردەخات.

ڕەنگە زۆر کەس لە مێژووی خۆی ڕازی نەبێت هاوژین دەرچووی کۆلێژ و تێستا دانەمزراوە و پێمایە کە:

زۆر کەس کە ڕەنگە خۆشمانی لەگەڵ بین ئەگەری ئەوەی هەیە کە لە مێژووی خۆی ڕازی نەبێت واتە هەرزەکاری و گەنجێتی هەندێ کاری پێکردووی کە لەگەڵ پووختە بوون و هەڵکشانی تەمەن بە لای خودی خۆشمانە ئەو ڕەفتارانە قبوڵ ناکرێت و دڵنیام زۆرێک لە ئێمە ڕەنگە سەتا پەنجای ئەو ڕەفتارانەی دە ساڵ لەمەبەر هەبوومان ئێستا دووبارەی ناکەینەوە، بۆیە پێموایە ئەو پرسیار کردنە لە ڕابردووی تاک پێوەرێکی هەڵەیە بە تایبەت ئەگەر کەسەکە خۆی نەیاری تۆ بێت و ئەو لاپەڕە کۆنانە هەڵداتەوە کە هیچ بە دروستی نابینم. قسەکردنی ڕاستەوخۆی دوولایەن و خێزانەکان باشترین ڕێگەی لە یەکتر گەیشتنە.

ڕەنگە جیران خۆی کەیفی بەو کەسە نەیات کە پرسیاری لێدەکەی نەزیەە دەرباز باسی ئەزمونی خۆی دەکات و دەڵێ:

کاتێک هاوسەرم داوای منی کردبوو لای دراوسێکان پرسیاری کردبوو و خۆشبەختانە دراوسێکان ڕاستگۆیانە لە بارەی من و بنەماڵەکەم قسەیان کردبوو، بەڵام زۆرجار بیستومانە کە دراوسێیەک کە خۆی کێشەی لەگەڵ دراوسێکەی هەیە زۆر بێڕەحمانە لەو کاتانەدا بە پێچەوانەوە ئەوەی بە دەمیدا بێت نایگێڕێتەوە کە ئەوە هەڵەیە. واتا دەبێت دڵنیا بێت کە ئەو دراوسێیە بە باشی کەسەکە دەناسێت و لەگەڵ تۆش ڕاستگۆیە یان دەبێت پرسیار لە سێ چووار دراوسێ بکەی و بە قسەی یەک کەس قەناعەت نەکەی.

یەکتر ناسینی بەر لە هاوسەرگیری بە ماوەیەکی نەک زۆر بە تێگەڵبیەکی دروست دڵنیا ڕزگار باوەڕی بە یەکتر ناسینی بەر لە هاوسەرگیری هەیە و گوتی:

پێویست بەو لێکۆڵینەوە و پرسیارکردنە ناکات. دوو کەس ئەگەر بۆ ماوەیەک بەیەکەوە هەڵسن و دانیشن شارەزای خوو و ڕەفتاری یەکتر دەبن، جگە لەمانەش هەندێ ڕەفتار هەیە کە پاش هاوسەرگیری و لەیەکتربوون ڕووەدەن کە تێگەیشتن و لێبووردەیی پێویستە و ماوەیەکی دەوێ تا شارەزای یەکتر بن و بە لەیەکتر تێگەیشتن هەوڵ بۆ نزیکبوونەوە لە یەکتر بدرێت نەک ئەوەیکە یەکێک بە هۆی خۆشەویستی یان ترس لە هەڵوەشانەوەی خێزان تەواو خۆی بە پێوەری ئەویتر بگۆڕێت. هەر کەسەو هەندێک ڕەفتاری هەیە کە تایبەت بە خۆیەتی و دەکرێت بەڵەبەرچاوگرتنی خوویەکیتری و زەقکردنەوەی ئەو ڕەفتارەی بەدڵت نییە تێپەڕێنی. بە گشتی باوەڕم بەو لێپرسینانە نییە و پێیموایە کەس لە خۆت باشتر ناتوانێت ئەو تێگەیشتنەت بۆ دەستەبەر بکات.

پێویستە چی بپرسین؟ ئارەزوو ئەنوێر چەند ساڵێک بەسەر ژیانی هاوسەریدا تێدەپەڕێت و لەو باوەڕدایە کە:


سەرەتا پێویستە بزانی چی بپرسین، واتا پرسیارەکان بە پێی پێوەری لایەنەکان دەگۆڕدرێت. هەندێ کەس لە پارە و سامان دەپرسن و هەندێک لە ئیمان و باوەڕ و هەندێک لە ڕەوشتی کۆمەڵایەتی کە لە لای منەوە لە هەمووان گرنگترە، چونکە هەر چی بابەتی چاکەیە هەموو خوڵق و ڕەفتار و پێکەوە ژیانە. کاردانەوەکانی تاکە لە خۆشی و ناخۆشی لەگەڵ کەسانی نزیکی و کۆنترۆڵی ڕەفتارەکان. ڕەنگە کەسێک لای خەڵک و بە پێوەری ئەو کەسەی لێت پرسیوە کەسێکی باش بێت بەڵام پێچەوانەی پێوەرەکانی تۆ بێت. کەواتە پێویستە بە پرسیاری ڕاستەوخۆ لە خودی کەسەکە و چەنجارێک قسە و باسی لەسەر هەموو وردیکارییەکانی ژیان تا ڕادەیەک لەکەسەکە تێبگەی و ئەویتریش بۆ پێگەی کۆمەڵایەتی و ئاستی فەرهەنگی تاک جێبهێڵی کە خۆی بەشێک لە پرسیارەکان وەڵام دەداتەوە.

هاوسەرگیری شانسە و پێویست بە پرسیار ناکات شەرمین سڵێمان هاوسەرگیری لەگەڵ ئامۆزای خۆی کردووە و دەڵێت:

قەت لەو باوەڕەدا نەبووم هاوسەرگیری من هەرس بێنێت چونکە تەواو یەکترمان دەناسی و ئاستی خێزان و لێکتێگەیشتن و هەموو شتێکمان وەک یەکتر بوو. وامەزانی هاوسەرگیری من لەو هاوسەرگیرییە کەم کێشانە دەبێت بەڵام ڕێک پێچەوانە دەرچوو، بەڕاستی ئامۆزاکەم بەر لە هاوسەرگیری و دوای هاوسەرگیری دوو کەسایەتی جیاوازی هەبوو. هیچ کردارێکی لە هی کاتی کوڕێتی نەدەچوو و خۆم و بنەماڵەی سەرسام کردین. بۆیە دەڵێم پرسیارکردن شتێکی ڕۆتینییە و مەحاڵە ڕاستییەکانت بۆ ئاشکرا بکات. بەڕای من پێویستە سەو کەسە کە شوێنی جیا وەک شایی و شین و کاتی هاوکاری و موحتاج بوون و پێی و ...تد هەڵسەنگێنی نەک بە دوو پرسیاری لەم و لەو.

دکتۆرە سومەیە عەتا:

باشترین تەمەن بۆ بوون بە دایک تەمەنی 25 بۆ 35 ساڵییە



دیانە: وریشە عومەر

پرۆسەی بەدایکبوون و بەخێوکردنی کۆرپەلە لە پرۆسە هەر گرنگەکانی ژیانی ئافرەتێکە و پێویستی بە چاودێری پزیشکی تایبەت هەیە. جگە لەوە پێویستە ئافرەتان خۆیان لە ڕێگەگەلی بەردەست ڕۆشنبیری و زانیاری نوێ دەست بخەن. پرسیاری جۆراوجۆری ئەو سەردەمە گەر وەڵامی دروست وەرنەگرنەوە ئەوا ڕەنگە کێشە بنێنەوە بۆیە لە دیانەیەکی بۆخەبات بەڕێز (دکتۆرە سومەیە عەتا خالد نەقەشبەندی) پسپۆڕی چاودێری دوگیانی، نەزۆکی، نەشتەرگەری بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایناوە.

*** نەخۆشییە باوەکانی ئافرەتان لە کوردستان چییە؟**

- باوترین نەخۆشییەکانی ئافرەتان ئێستا لەکوردستان (کیسی هێلکە دان و نەزۆکی)ە، کە بەداخەوە زیادی کردووە.

*** باشترین تەمەن بۆ بوون بە دایک چ تەمەنێکە ؟**

- باشترین تەمەن بۆ بوون بەدایک تەمەنی (25 بۆ 35) ساڵییە.

*** دایک بۆ ماوەی چەند شیر بە منداڵ بدات باشە؟**

- زۆرگرنگە و پێویستە دایک بۆ ماوەی ساڵ ونیوێک تا دوو ساڵ شیر بەکۆرپەکەی بدات.

*** لەدوای هاوسەرگیری تا چەند گەر منداڵ نەبوو پێویستە هاوسەران سەردانی پزیشک بکەن؟**

- دکتۆرە سومەییە دەربارەی نەبوونی منداڵ لەو هاوسەرانەی تازە دەچنە پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە گوتی: هەتا دوایی ساڵێک گەر منداڵ نەبێت، وابباشە سەردانی پزیشک بکەن.

*** منداڵی بلووری بۆ کێن دەکرێت؟**

- دانانی بلۆزی بۆ ئەو کەسانەیە کە منداڵیان بە شێوازی سروشتی نابێت واتا باوک هۆکار بێت یان دایک یان بێ هۆکارێتش.



یەکەم پیاسەکردنی ئافرەتان لە بۆشایی ئاسماندا

کریستینا کۆچ و جێسیکا مێری دوو یەکەم ئافرەتی ئاسمانپێون کە بە پیاسەکردن لە بۆشایی ئاسمان. لەو ئەرکەدا کریستینا کۆچ ڕابەری خاتوو مێری یە. ئەو دوو ئاسمانپێوە ئافرەتە نێردرانە بۆشایی ئاسمان تا بتەکانی وێستگەکانی جێسیکا مێری، کە بۆ یەکەجارە لە بۆشایی پیاسە دەکات، 15 هەمین ئافرەتە کە چووتە بۆشایی ئاسمان. لەو ئەرکەدا کریستینا کۆچ ڕابەری خاتوو مێری یە. ئەو دوو ئاسمانپێوە ئافرەتە نێردرانە بۆشایی ئاسمان تا بتەکانی وێستگەکانی ئەنجامدا کە تیایدا هەردوو ئاسمانپێوەکە ئافرەتن. ئەو ئەرکە بڕیاربوو کە لە سەرەتاکانی مانگی مارس ئەنجام بدرێت، بەڵام بەو هۆیەی کە ناسا لەو کاتدا تەنیا یەک جلی تایبەت بە بۆشایی ئاسمانی بۆ پێتوانەی ئافرەتان هەبوو نەیتوانی دوو ئافرەت بەیەکەوە و لەیەک کاتدا بێرێتە بۆشایی ئاسمان و لەبڕە ئافرەت لەگەڵ پیاوێک ئەو ئەرکی پیاسەیەیان ئەنجامدا.



کەشتییە ئاسمانییەکان بگۆڕین. سەرەڕای ئەوەیکە ئەو کەشتییە ئاسمانییە بە وزەی خۆر کاردەکات، بەڵام لەو کاتانەی تێشکی ڕاستەوخۆی خۆر بەردەست نییە لە وزەی بتەکان کەڵکوەردەگرێت.

ئۆکتۆبەر مانگی هۆشیاری لە بارەی شێرپەنجەی مەمک

ئەگەری هەیە چەند جۆرێک لە شێرپەنجەی مەمک پێویستی بە چارەسەری کیمیایی نەبێت

لێکۆڵەران دەڵێن ئەگەری ئەوە هەیە کە نزیکەی هەفتا لەسەدی ئافرەتانی تۆشبوو لە قۆناغە سەرەتاییەکانی بەربلاوترین جۆرەی شێرپەنجەی مەمک کە لە ئازاری چارەسەری کیمیایی ڕزگاریان بێت. ئەو ئەنجامە دوای لێکۆڵینەوەیەکی جێنێتیکی بەدەست هاتووە کە ڕادەی مەترسی گرێکە دیار دەکات. پزیشکانی پسپۆڕی شێرپەنجە دەڵێن کە ئەو ئەنجامە نوێ بەدەستهاتووەی شێوەی چارەسەری لە خەستەخانەکانی بەریتانیا دەگۆڕێت بەو مانایەی کە ئەو ئافرەتانەی دەچنە ئەو گروپەوە تەنیا بە نەشتەرگەری و چارەسەری هۆرمۆنی چاک دەبنەوە. ڕێکخراوەکانی پالپشتی لە شێرپەنجە دەڵێن کە ئەو هەوالێکی باشە و ساڵانە لەسەر نزیکەی سێ هەزار ئافرەتانی بەریتانی کاریگەری دەبێت.



چارەسەری کیمیایی زۆربەی کات پاش نەشتەرگەری و بۆ کەمکردنەوەی مەترسی گەڕانەوەی شێرپەنجە یان ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی بۆ بەشەکانی دیکەی جەستە بەکاردێت، بەڵام ئەو دەرمانە ژەهراوییە کاریگەری لاوەکی زۆر ئازاردەری هەیە وەک، ڕشانەوە و بێتاقەتی بەردەوام تا نەزۆکی و ئازاری بەردەوامی عەسەبەکان.

خستە بەر لێکۆڵینەوە.

ئێستاکە ئەو ئافرەتانەی کە تاقیکردنەوە جێنییەکان مەترسییەکی کەم پیشان دەدەن دەوترێت پێویستیان بە چارەسەری کیمیایە نییە و ئەوانەی مەترسیان هەیە دەوترێت پێویستە چارەسەری کیمیایی وەربگرن، بەڵام لە زۆربەی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان ڕادەی مەترسی مامناوەند دیاری دەکرێت و ئافرەتان نازانن دەبێت چی بکرێت.

ئامارەکانی ڕاگەیەندراو لە گەورەترین گردبوونەوەی پسپۆڕان و لێکۆڵەرانی شێرپەنجە لە شیکاگۆی ئەمریکا پیشان دەدات کە ئەنجامی چارەسەری ئەو گرووپە بە ڕێگەی کیمیاوی و غەیری کیمیاوی یەکسانە. ئەو کەسانەی کە تا 9 ساڵ پاش وەرگرتنی چارەسەری شێرپەنجە زیندوو ماونەتەوە بە بێ چارەسەری کیمیایی 9/ 93 لەسەد و بە چارەسەری کیمیایی 8/ 93 لەسەد بووە.

گۆڕانکارییەکی ئەساسی: ئەو لێکۆڵینەوەیە کە لە سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئالبێرت ئەنشتاین لە شاری نیۆیۆرک ئەنجام دراوە، پێشکەوتنێکی گرنگ لە چارەسەری شێرپەنجە ئەژمارەدکرێت و دەتوانێت تێچووی چارەسەر کەم بکاتەوە و لەسەر شێوەی چارەسەرکردن کاریگەری هەبێت.

دکتۆر "ئالیستەر ڕینگ" دەڵێت ئەوە هەواڵێکی گرنگە و گۆڕانکارییەکی ئەساسییە لە چارەسەری ئەو ئافرەتانەی کە لە قۆناغەکانی سەرەتای شێرپەنجەی مەمک دان. هەروەها ئاماژە بەوەدەدات کە بە هۆی ئەو ئەنجامەوە سالانە نزیکەی سێ هەزار ئافرەتی بەریتانی بۆ چارەسەرکردن پێویستیان بە شێوازی کیمیایی نابێت. ئەو لێکۆڵینەوەیە تایبەتە بە قۆناغەکانی چەند جۆرێک لە شێرپەنجەی مەمک کە لە ڕێی چارەسەر هۆرمۆناتەوە عیلاج دەکرێن و شێرپەنجەکە کاریگەری قوڵی لەسەر غودەکان نەکردووە.

ئەو کەسانەی جێنی نەخۆشی لە جۆری BRCA1 و BRCA2 هەیە کە هۆکارن بۆ خێرایی و گەشەی خڕۆکەی شێرپەنجەیی لەو لێکۆڵینەوەیەدا ناگونجێن.

رامانێک لە 100 رۆژی حوکمڕانی مەسرور بارزانی دا



ئەکرەم ئێدلبی*

لە ئاکامی هەڵبژاردنی 2018/9/30، بەرێز مەسرور بارزانی لە 2019/ 7/10 سوێندی یاسایی خوارد و کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانی راگەیاند. ئەمڕۆ کە 100 رۆژ بەسەر راگەیاندنی کابینەکەی دا تێپەڕ دەبێت، بەپێویستی دەزانین روانینێک بە کارەکانی ئەم حکومەتە بکەین لە گۆشەنیگای کارنامەی راگەیەندراوی حکومەت، بە ڕەچاوکردنی هەڵومەرجی نێوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی.



رونتر بڵێین ئەم نووسینە هەڵسەنگاندنێکی خێرایە بۆ 100 رۆژی کاری مەسرور بارزانی، دەکرێت وەک پێوەر و ڕێنما سەیری بکەین، کە ئومێد و گشبینی زۆر هەیە بۆ تەواوکردنی ئەو چوار ساڵە. لەو 100 رۆژە کاری زۆر باش کراوە وەک سەرەتا بە ئاراستەی ئەنجامدانی کاری زۆر باشتر و ڕژدتر، بە ئاراستەی زۆرتر کردنی توانستی بۆ وەڵامدانەوەی پێداویستییەکانی نێوخۆیی و دەرەکی. کاری ئەو 100 رۆژەی حکومەت لەسایەی مەسرور بارزانی ئومێدێکی جیاوازی لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتی لە نێو رای گشتی دروستکردووە کە لەڕووی بینینی کردارەوە وای کردووە جۆری ئومێدەکە زۆر و ڕاستەقینە بێت. ئەو ئومێدەی ئێستا ئاکامی کردارە ئومێدێکی گەشبینانەی بەرجەستەیە، نەک تەنها خواستی ئومێد بێت لە بێ ئومێدیدا.

ڕژدبوون لە دەسپێکەوە گوڕتێنێکی جیاوازی بە کارنامەی ئەو جارەی حکومەت بەخشیوە کە بە کارنامەیەکی تۆکمە و چڕو پڕ دادەنرێت کە چەندین ڕەهەندی گرنگ و چارەنووسسازی لەخۆگرتووە. هەروەها شێوازێکی پێشکەوتوو و کراوە و پڕۆفیشنالانەی پێوەدیارە، بەمەش جێگای ئومێد و دڵخۆشی و داواکاریی پێکهاتە و چین و تۆێژەکانی کوردستانی بووە.

گرنگترین خاڵ لە کارنامەی حکومەت لە ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و ئەنجامدانی چاکسازی خۆی دەبینێتەوە، وەک لە کارنامەکەدا هاتووە:"بەهیچ جۆرێک بەرامبەر بە گەندەڵکاران و سەرپێچیکاران نەرمی نانوێنین و دەبێ خواستی هاوواڵتیان بەجێ بگەیەندرێت"، هەروها هۆشداری دایە وەزیرەکان کە هیچ وەزارەتێک یان وەزیرێک ڕێگەی پێ نادرێت لە دەرەوەی بەرنامەی حکومەت ڕەفتار بکات.. ئابێ بەرژەوەندییە تایبەتی و حزبیەکان بااڵ بەسەر هیچ وەزارەتێک یان دامودەزگایەکی حکومیدا بکێشێت".

لەبارەی پرەنسیپی گەشەپێدانی یەکسان و نەهێشتنی ناوچەگەری هاتووە "ئەم حکومەتە کار و چاالکی و خزمەتگوزارییەکانی لە هەر بستێکی کوردستان دەبێت و حکومەتی هەموانە".

سەبارەت بە پرەنسیپی متمانە و ڕاستگۆیی ڕەوچاوکردنی توانست لە پیادەکردن و بەکردارکردنی بەرنامەی حکومەت دا دەبینین سەرۆکی حکومەت ڕاشکاوانە پەنجە لەسەر گرفت و لەمپەرەکانی بەردەم حکومەتەکەی داناوە، بەوەی (حکومەتێکمان وەرگرتووە کە چەندین ملیارد دۆالر قەرزدارە، ئەم قەرزانە کەلەکەبووی ڕەوشی نالەباری دارایی و دۆخێکی وەک تورکیا دەدات، هەروەها هاوکێشەکانی بەرژەوەندی هەرێمی ونێودەوڵەتیش گرەنتی هیچ هاوپەیمانیەتیکی دەرەکی ناکات، کەوا بەتەواوی پشتی پێببەستڕێ.

چاکسازی کارگێڕی

سەبارەت بە هەنگاوەکانی کابینەی نۆیەم لە بواری کارگێڕی دا، چەندین بڕیار لەو بارەیەوە دراون، وەک پابەندکردنی فەرمانبەران و بەرۆژ و کاتژمێرەکانی دەوام، نەهێشتنی دیاردەی بەرتیل، کاراکردنەوەی چاودێری بەسەر فەرمانگەکان، پێداچوونەوە بە میالک و پەیکەری وەزارەت و بڕێوەبەرایەتی و فەرمانگەکان بە مەبەستی هێنانەئارای هاوسەنگیەک لەنێوان ڕێژەی فەرمانبەران و ئەرک و کارایی فەرمانگەکان. بە مانایەکی تر پرکردنەوەی کەمی میالکی فەرمانگەکان لە زیادەی میالکی فەرمانگەکانی ترەوە کە ئەمەش دەبێتەهۆی دانانی سنووریک لە دامەزراندنی دۆخێکی وەک ئێستا گرەنتیتی تڕە لەوەی بخرێتە نێو ریسکی ئەو ململانێ نێودەوڵەتیە. مەسرور بارزانی هەر لەگەڵ دەسکردن بە هەوڵەکانی بۆ پێکهێنانی حکومەت زوو ڕەچاوی ئەوەی کردووە کە کێشەکانی (هەولێر-بەغدا) هێشتا لە ئاراستەی باوی سیاسەتی نێودەوڵەتی و بەهۆی هاوکێشەی ئاڵۆزی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتە هەرێمییەکان و زلهێزەکانی جیهان وادەخوازێت لەسەر بنچینەی توانست و پراگماتیکیانە بێت بۆ ڕاستی ئەو دووربینی و داناییە (کە بەداخەوە و بە پێناخۆشیەوە) دۆخی کورد لە ڕۆژئاوا لەو چەند ڕۆژەی دوایی دەبینین، کە ئەگەر زووتر ڕەچاوی ئەوەیان کردبا کە نیشاندانی خۆیان بە دڕێژبووەوەی پەکەکە چ بەهانەیەک بە دەوڵەتێکی ڕەمەکیانە.

هەروەها بڕیارەکانی حکومەت لە بەئەلکترونیکردنی سیستەمی حوکم مایەی دڵخۆشین و دەبێتەهۆی پەردەلادان و نەهێشتنی چەندین دیاردەی گەندەڵی وەک دوو موچەیبی، بندیوار، نەهێشتنی روتین و ڕوونی (شەفافیەت) و پیشەمەندی و تد.

پەروەردە و تەندروستی

پەروەردە و تەندروستی کە بە کرۆکی کەرتی خزمەتگوزاری گشتی دادەنرێت کاراکردنەوەیان یەکێکە لە تەوەرە هەرە پڕبایەخانەی ئەم حکومەتە کە بریتیە لە بڕیار و هەنگاوە کردەییەکانی لەپێناو کاراکردنەوەی کەرەتە خزمەتگوزارییە گشتیەکان بە تایبەتیش لە بواری پەروەردە و تەندروستی. لەمڕووەوە چەندین بڕیاری کردەیی دراون بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی قوتابیان و هۆکاری گەرمکردنەوەی قوتابخانەکان و چاودێری سەر کەمتەرخەمی مامۆستایان. لە بواری تەندروستیش چەندین هەنگاوی بەنرخ نراون وەک چاودێری بەسەر دەوامی دکتۆرەکان و کارمەندانی بنکە تەندروستیەکان و هەروەها چاودێری توند بەسەر کوالێتی دەرمان و... هتد.

وەبەرهێنان و بازاری ئازاد

لەمڕووەشەوە چەندین بڕیار و هەنگاوی پێویست نراون بۆ نەهێشتنی مۆنۆپۆلکردنی بازار و دیاردەی خزمخزمێنە لە بواری بازرگانی و پرۆژەکانی وەبەرهێنان دا، ئەمەش بە ڕەخساندنی زەمینەیەکی لەبار بۆ وەبەرهێنانی سەرمایەی دەرەکی و نێوخۆیی لە ڕێگای زامنکردنی قازانج و نەفەوتانی سەرمایەی وەبەرهێنەکان کە بێگومان لە کۆی هەموو ئەمانەدا وڵات فراژووبوونی ئابووری، خۆشگوزەرانی کۆمەاڵیەتی بەرچاو دەکەوێتەوە.

سیستەمی بەرگری

نەبوونی سیستەمێکی بەرگری تۆکمە و لێهاتوو لەسەر بنەمای سوپا پڕوفیشنالەکانی جیهانە کە بەهۆیەوە هەرێمی کوردستان تووشی چەندین کارەساتی نەخوازراو هاتوو، بۆ نمونەیە (16ی ئۆکتۆبەر)، یەکێک لە خاڵە هەرە نەرێنیەکانی هەرێمی کوردستانە، هەربۆیەش دووبارە ڕێکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لە پێشینەی کارەکانی مەسرور بارزانی بووە بۆ ئەم مەبەستەش خۆی بە ڕژدی هاتۆتە ناو بابەتەکە و بە هاوکاری هێزە هاوپەیمانەکان (ئەمریکا و بەریتانیا و ئەڵمانیا..هتد) خەریکی دۆزینەوەی شێوازێکی گونجاو و مۆدێرنە کە بتوانێت خەڵکی هەرێمی کوردستان بپارێزێت و بەرگری لە بەرژەوەندییە باڵاکانی هەرێم بکات و جێ متمانەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بن لە هەر هەڕەشەیەکی نەخوازراو و گروپی تیرۆریستی کە بەهۆیەوەش شۆینپێی هەرێمی کوردستان لە نەخشەی ئەوەی ناوەبڕێت بە "جیهانی ئازاد" پتەوتر دەبێت.


پەیوەندی نێودەوڵەتییەکان

مەسرور بارزانی بە کارامەیی خۆی و ئەزموونی دیپلۆماسی و پرستیژی کەسایەتی خۆی توانیویەتی قورسایی هەرێمی کوردستان لە هاوسەنگی بەرژەوەندییە دژبەیەکەکانی وڵاتانی هەرێمی و زلهێزان لە ناوچەی ڕۆژهەاڵت و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی ڕابگرێت، لێرەوە دەکرێت بگوترێت کە کارامەیی مەسرور بارزانی لە پیادەکردنی هاوسەنگی لە بێالیەنی دەرەکی و ئاشتەوایی نێوخۆیی نمونەیەکی دانسقە و دەگمەنە لە ئەزموونی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا.

لە کۆتاییدا، هەموو ئەوەی کراوە، چەندین هەنگاوی پۆزەتیڤی سەرەتایین لە چەندین بواری جیاجیای حکومکاری ، بە ئامانجی کەوتنەسەر ڕێچکەی حکومکاریەکی کارا و دروست ئەوەی پێی دەوترێت Good Governess و بنیادنانی کوردستانێکی بەهێز لەسەر بنەمای دامەزراوەیبوون، دیموکراسی، هاوواڵتیبوون و دادپەروەری کە بەهۆیەوە تاکی کوردستانی وا کارا ببێتەوە کە لە یەککاتدا هەم ببێتە ئامراز و هەم بەبێتە ئامانج لە سەردەمی حکومکاری مەسرور بارزانی دا، کە ئومێدی زۆر هەیە ببێتە سەرتای حوکمکارایەکی دروست.

*** قوتابی دکتۆرا لە زانستە سیاسییەکان**





بەشێنەیی
کاروان محەمەد سینۆ

کشانەوەی ترامپ لە ڕۆژئاڤا

سیاسەتی بازرگانییە یاخود بازرگانیی سیاسەتە

بێگومان دۆناڵد ترامپ سەرۆکی ئەمەریکا، کەسێکی سەرکەوتوو بووە لە بواری بازرگانی و دەوڵەمەندێکی بەناوبانگ بووە بەرلەوەی بێتە نێو کۆشکی سپیی حوکمڕانی ئەمەریکا. دەتوانین بڵێین عەقڵیەتی کەسایەتی ترامپ، عەقڵیەتێکی بازرگانییە، پێموایە ئێستاش ترامپ بە عەقڵییەتی بازرگانییەوە لە ئەمەریکا دەڕوانێ. بەشێوەیەکی گشتی، بەپێی وردبوونەوە و بەدواداچوونەکانم بۆ لێدوان و پرێس کۆنفرانس و (تویت)ەکانی دۆناڵد ترامپ، بەتایبەت بەم دواییە و لەمیانەی کشانەوەی لە ڕۆژئاڤای کوردستان، تێبینیم کردووە کە ترامپ نایشارێتەوە کە ئەو (ترامپ) چیدی ئامادە نییە لە سووریا و ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاستدا پارە خەرج بکات بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی دەڤەرەکە یاخود پاراستنی ژیان و بوون و مانەوەی گەاڵێک وەکو گەلی کورد. ئەم هەڵوێستەی دۆناڵد ترامپ تەنها بەرامبەر کورد وا نەبووە!، بەڵکو ترامپ هەمان هەڵوێستی هەبووە بەرامبەر وڵاتانی کەنداو و لە چەندین پەیمان و ڕێکەوتنی نێودەوڵەتیش کشاوەتەوە وەکو (پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چەک، ڕێکەوتنی بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانی ژینگە، کشانەوە لە یۆنسکۆ، کشانەوە لە ڕێکەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئیران، کشانەوە لە ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤ سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان، کشانەوە لەپەیمانی ڤێننا ، کشانەوە لە پەیمانی دۆستایەتی ئەمەریکا و ئیران کە لە زەمانی شا واژووکرابوو، کشانەوە لە پەیمانی سنورداری چەکی ئەتۆمی کە ساڵی 1987 لەگەڵ ڕوسیا ئیمزاکرابوو) ئەوەتا ئەمڕۆش بێ یەک و دوو لە ڕۆژئاڤا دەکشێتەوە. جا لێرە پرسیار ئەوەیە ، ئاخۆ ڕاستە ترامپ لە کۆشەنیگای بەرژەوەندی ئەمەریکا ئەم هەڵوێستەی هەیە؟!، یاخود لەپێناوی بەرژەوەنی خودی خۆی ئەم هەڵوێستەی هەیە؟. واتا بە مانایەکی دیکە، ئایا دۆناڵد ترامپ سیاسەتی بازرگانی و ئابووری لە دەڤەرەکەدا پەیڕەو دەکات؟، یاخود بازرگانی بە سیاسەت و جەنگ و قەیران و خوێنی خەڵکی دەڤەرەکە دەکات؟.

هەموومان لەبیرمانە... هاتنی ترامپ (سوپای ئەمەریکا) بۆ عێراق و سووریا ، بەپێی لێدوانەکانی دۆناڵد ترامپ بەر لە لێدوانی فەرمی کۆشکی سپی، لەبەر سێ هۆکاربووە:

هۆکاری یەکەم: بۆ لەناوبردنی تیرۆرستانی (داعش) بوو.

هۆکاری دووەم: بۆ دەرکردنی هێز و لابردنی هەژمونی ئیران بوو لە سووریا.

هۆکاری سێهەم: لەپێناوی دۆزینەوەی چارەسەرێک بووە بۆ قەیرانی سیاسی و سەربازی سووریا ، کە چەند ساڵێکە خوێنی لێ دەچۆڕێ و بە سەدان هەزار کەس بوونەتە قوربانی و ئاوارەی وڵاتانی جیهان بوونە. بەاڵم کاتێک ئێمە (بەشێنەیی) ئاوڕێک لەم سێ هۆکارەی سەرەوە دەدەیینەوە، دەبینین کە هیچێک لەم هۆکارانە بە ئامانج نەگەیشتوونە، تیرورستانی (داعش) بەتەواوی لەناو نەچوونە، ئیران ئێستا لە سووریادایەوە و هەژمونی زیاتر بووە و بەکشانەوەی ئەمەریکا لە ڕۆژئاڤا زیاتر دەبێت، قەیرانی سووریا چارەسەر نەبووە و لەمەودا یەکالیەنە ئیدارە دەدرێت. بۆیە جێگای پرسیارە، ئەی باشە بۆچی دۆناڵد ترامپ ئاوا کتوپڕ لە ڕۆژای کوردستان کشایەوە؟!.

لێرە بۆمان دەردەکەوێت کە دۆناڵد ترامپ لە بەرژەوەندی خودی خۆیدا بازرگانی بە سیاسەت و خوێن و قەیرانی دەڤەرکە دەکات، هەر ئەمەشە بۆتە ئەگەری نیگەرانی کۆنگرێسی ئەمەریکا لە هەڵوێست و ڕەفتارەکانی دۆناڵد ترامپ.وەکو کەسێکی بازرگان دۆناڵد ترامپ بەرژەوەندی کەسی زۆر هەیە لەگەڵ تورکیای ئۆردۆگان، بۆ نمونە ترامپ باڵەخانەی زەبەاڵحی لە شیشلی- ئیستانبول هەیە کە هەریەکەیان 40 نهۆمە و ساڵانە داهاتێکی باش بۆ خودی ترامپ (نەک ئەمەریکا) دەستەبەر دەبێت. هەروەها ترامپ و خانەوادەکەی پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ محەمەد عەلی یەڵسینداغ هەیە کە دەوڵەمەند و کەسی دەسترۆیشتووی تورکیایە و زاوای ئۆردۆگانە. بۆیە دەتوانین بڵێین کشانەوەی ترامپ لە ڕۆژئاڤا و کوشتن و ئاوارەبوونی کوردانی ڕۆژئاڤا بازرگانی کردنە بە کریز و قەیرانەکانی دەڤەرەکە لەلایەن دۆناڵد ترامپ. بەم شێوەیە ترامپ کورسییەکەی سەرۆکایەتی ئەمەریکا لەبەرژەوەندی خودی خۆیدا بەکارهێناوە.

بۆیە لێرەدا دەپرسین، ئایا کۆنگرێسی ئەمەریکا بەم هەڵوێست و ڕەفتارەی ترامپ ڕازی دەبێت؟!، ئەگەر ڕازی بوو، چی ڕوودەدات؟!، ئەگەر ڕازی نەبوو چی دەکات؟!، ئەمانە چەند پرسیارێکن کە لێرەدا دەرفەتی تاوتۆکردنمان نییە، بەاڵم لە چەند ڕۆژێکی نزیکدا وەاڵمەکانیان گەاڵاڵە دەبێت.

خەبات
www.xebat.net
چوار شەممە 2019/10/23 ژمارە (5855)

وون بوون

نووسراوی گومرگی: حاجی عمران بەناوی کۆمپانیای بەیار حمید صالح ژمارەی نووسراو: ٠٢٧٣٩٨٣ بەرواری نووسراو: ٢٠١٩/٦/٩ جۆری ئۆتۆمبێل: دوج چارلنچر رەنگی: رمادی مۆدێل ٢٠١٧ ژمارەی ئۆتۆمبێل ٣٥١٠٥ کاتی هەولێر تایبەت ژمارەی لاشە شاصی: ٢C٣CDZAGVHH٥٤٠٧٧٩ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

وون بوون

ساڵانەی ئۆتۆمبێلی جۆری پیك اب دبل قمارە رەنگی سوور مۆدیل(٢٠٠٩) ژمارە(٦٧٦٩٣/ اربیل/ حمل) بەناوی (رضوان معین عبداللـه) ون بووە، هەرکەسێك دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی(٠٧٥٠٣٢٠٣٦٦١)

* * *

وون بوون

ناسنامەیەکی پەیمانگای تەکنیکی بەکرەجۆ بەناوی (فردەوس حمە طال حمەرەش) وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

مديرية تنفيذ ئاكرى

العدد / ٢٠٩٩/ت.د/٢٠١٩

اعلان

بناءا على القرار الصادر من هذه المديرية في الاضبارة التنفيذية المرقمة ٢٠٩٩/ت.د/٢٠١٩ المتضمن بيع حصة المدين في العقارين المرقمين كل من (٢٩٢ و٢٩١)مقاطعة قابكي المبين اوصافه ادناه تعلن هذه المديرية عن بيعه بالمزايدة العلنية فعلى الراغبين بالشراء مراجعة هذه المديرية مستصحبين معهم التامينات القانونية البالغة ١٠٪ من القيمة المقدرة ان لم يكن شريكا في العقار المذكور او دائنا في الاضبارة التنفيذية اعلاه وستجري المزايدة في الساعة الثانية عشرة (١٢:٠٠) ظهرا من اليوم الثلاثين التالي لنشر الاعلان واذا صادف عطلة رسمية ففي اليوم الذي يليه علما ان الدلالية ورسوم التسجيل على المشتري

الاوصاف : رقم الاضبارة ٢٠٩٩/ت.د/٢٠١٩ الموقع سوق القديم المساحة العقار المرقمة (٢٩٢) مقاطعة قابكي (٦١,٩١ م٢) الجنس ملك صرف القيمة المقدرة حصة المدين (٢٤٠٠٠٠٠٠) اربعة وعشرون مليون دينار عراقي المساحة العقار المرقمة (٢٩١) مقاطعة قابكي (٩٣ م٢) الجنس ملك صرف القيمة المقدرة حصة المدين (٢١٠٠٠٠٠٠) واحد وعشرون مليون دينار عراقي

المنفذ العدل / بدران عبدالرحيم حاجي

* * *

محكمة جنايات دهوك/ الثانيه

العدد: ٣٩٩/ج/٢٠١٩
التاريخ: ٢٠١٩/٩/٢٣

اعلان

الى/ المحكوم غيابيا/ (خليل مجيد مصطفى)

حكمت عليك هذه المحكمة بالسجن لمدة (خمس سنوات و شهر واحد) وفق القسم ٢/٢٤ من قانون المرور رقم (٨٦) لسنة ٢٠٠٤ في القضية المرقمة ٣٩٩/ج/٢٠١٩ و المسجلة لدى مركز شرطة سميل بالرقم ٢٠١٧/٦٥ عليه تقرر تبليغك اعلانا بالنشر في صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض على الحكم الغيابي خلال ستة اشهر من تاريخ تبليغك بالصحف المحلية و بعكسه يعتبر الحكم الغيابي بمنزلة الحكم الحضوري.

القاضي/ حسين صالح ابراهيم
رئيس محكمة جنايات دهوك الثانية

* * *

دادگای باری کەسی هەولێر/٢

ژمارە:٢٣٩٦/ش٢/٢٠١٩
ڕێکەوت:٢٠١٩/١٠/٢٠

جاردان

بۆ داوالێکراو خالد نجم الدين محی الدين شوێنی دانیشتنت نادیارە

دادگا لە داوای ژمارە ٢٣٩٦/ش٢/٢٠١٩ وە لەبەرواری ٢٠١٩/١٠/١٤ بڕیاریدا لەسەر التفريق للهجر لەنێوان تۆ و داواکار هیفاء وهاب علی لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری هەولێر/ گەرەکی ئازادی بۆیە دادگا بڕیاری بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی ١٠ دە ڕۆژ لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی ئەم جاردانە، بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت.

دادوەر/طارق حسين كريم

* * *

دادگای باری کەسی هەولێر/٤

ژمارە:١٨٩٧/ش٤/٢٠١٩
ڕێکەوت:٢٠١٩/١٠/٢٢

جاردان

بۆ داوالێکراو یاسین صالح احمد
شوێنی دانیشتنت نادیارە

دادگا لە داوای ژمارە ١٨٩٧/ش٤/٢٠١٩ وە لەبەرواری ٢٠١٩/١٠/١٧ بڕیاریدا لەسەر التفريق للهجر لەنێوان تۆ و داواکار رحاب محمد سعيد لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری / گوندی عرب کندی نوێ بۆیە دادگا بڕیاری بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی ئەم جاردانە، بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت.

دادوەر/صباح حسن رشيد

* * *

زانکۆی هەولێر پزیشکی
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی
ئاگاداری کەمکردنەوە
ژمارە (١١) بۆ جاری دووەم

سەرۆکایەتی زانکۆی هەولێر پزیشکی بانگهێشتی گشت کۆمپانیاکان دەکات بۆ بەشداری کردن لە کەم کردنەوەی نهێنی بۆ مەبەستی پرۆژەی (نۆژەنکردنەوەی یانەی کۆلێژی پزیشکی) سەر بەزانکۆکەمان کە نرخی کڕینی تەندەر (٥٠٠٠٠) پەنجا هەزار دیناری عیراقیە بۆ هەریەکێکیان وە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردچێت.

* فرۆشتنی تەندەرەکان لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەو ئاگادارییە دەست پێدە کات .

* دواکات بۆ گەڕاندنەوەی تەندەرەکان ماوەی (١٥) ڕۆژ دوای بڵاوکردنەوەی ئەو ئاگادارییە دەبێت تا کاتژمێر (١٠) بەیانی.

مەرجەکانی بەشداری کردن:

١- پێشکەش کردنی بەڵگەنامەی دامەزراندنی کۆمپانیا.
٢- پێشکەش کردنی پاکانەی بەڕێوەبەرایەتی باجی دەرامەت.
٣- ئەو کۆمپانیایانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێنکردنیان لەهەر پلەیەکی پۆلێنکردن دابێت وە پسپۆربێت و شارەزایی هەبێت لە بواری دیزاین و دروستکردنی بینایە بە بەڵگەنامەی فەرمی پسپۆریان بسەلمێنن وە پێناسەی (یەکێتی بەڵندەرایەتی کوردستان) یان پێ بێت.
٤- ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە (١٥٠) سەدو پەنجا ڕۆژی تەقویمیە.
٥- سزای دواکەوتنی ڕۆژانە بەپێی برگەی (سێیەم)ی ماددەی (٨٢) لە ڕێنمایی ژمارە (٢) ساڵی ٢٠١٦ ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە حکومیەکان دیاری دەکرێت.
٦- دەبێت کۆمپانیا پابەندبێت بە بەلێننامەی نووسراو بۆ دەستە بەرکردنی تەندەر (التعهد الخطي) لەگەڵ زا نکۆ کە مان .
٧- ئەو کۆمپانیایانەی لە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆماری بێنێت لەلایەن (بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانییەوە)
٨- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەلێندەرانەی کە بەشداری دەکەن هەڵسن بە ئامادەکردنی CV Curriculum vitae ی کۆمپانیاکە کە تیایدا ناوی کۆمپانیا و ژمارەی ئەو پرۆژانەی کە ئەنجامی داوە ئەو شوێنەی کە پرۆژەکەی تێدا ئەنجامدراوە.
٩- سەرۆکایەتی زانکۆکەمان پابەند نییە بەکەمترین نرخ.
١٠- سەرۆکایەتی زانکۆکەمان بۆی هەیە ئەو تەندەرە الغاء بکاتەوە پێش دەرچوونی نووسراوی سپاردنی کارەکە.
١١- ماوەی بەسەرچوونی تەندەر (٩٠) ڕۆژی تەقویمیە لەبەرواری داخستنی تەندەر.
١٢- هیچ تەندەرێك دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و صندوقی تەندەر دادەخرێت.
١٣- گەڕاندنەوەی تەندەر لە بەڕێوەبەرایەتی یاسایی دەبێت و لەناو زەرفێکی داخراو کە ناوی مۆری کۆمپانیای لەسەر بێت لەگەڵ دیاری کردنی ناوی کەمگریەکە.

ب. کاروباریی یاسایی

* * *

زانکۆی هەولێر پزیشکی
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی
ئاگاداری زیادکردنی ئاشکرا
ژمارە (١) بۆ جاری سێیەم

سەرۆکایەتی زانکۆی هەولێر پزیشکی بانگهێشتی گشت ئارەزوومەندان دەکات بۆ بەشداری کردن لە زیادکردنی ئاشکرا بۆ مەبەستی (بەکرێدانی کۆشکی سەرۆکایەتی زانکۆکەمان) نرخی کڕینی تەندەر (٥٠٠٠٠) پەنجا هەزار دیناری عیراقیە کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردچێت.

* فرۆشتنی تەندەرەکان لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەو ئاگادارییە دەست پێدە کات .

* دواکات بۆ گەڕاندنەوەی تەندەرەکان ماوەی (١٥) ڕۆژ دوای بڵاوکردنەوەی ئەو ئاگادارییە دەبێت تا کاتژمێر (١٠) بەیانی.

مەرجەکانی بەشداری کردن:

١- پێشکەش کردنی بەڵگەنامەی مۆڵەتی کارکردن.
٢- پێشکەش کردنی پاکانەی بەڕێوەبەرایەتی باجی دەرامەت.
٣- ئەوەی بەشداری دەکات نابێت فەرمانبەر بێت لە دام و دەزگاکانی حکومی.
٤- بەڵگەنامەی کاری هاوشێوە پێشکەش بکات.
٥- دانانی بارمتەی سەرەتایی بەبڕی ٢٠٪ لە ڕێژەی کرێی خەملاندن.
٦- هیچ تەندەرێك دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و صندقی تەندەر دادەخرێت.
٧- گەڕاندنەوەی تەندەر لە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی دەبێت وە لەناو زەرفێکی داخراو کە ناوی واژووی لەسەر بێت.

بەڕێوەبەرایەتی کاروباریی یاسایی

* * *

دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ

ژمارە/ ٦٤١/ش/٢٠١٩
ڕێکەفت/ ٢٠١٩/١٠/٢٠

ئاگەهداری

بۆ داوالیکەراو (محمد اليساع اوكوز) جهێ ئاکنجی بوونێ نەدیارە داواکار (مريم محمود محمد) رابویە ب داوا شەرعی ئەوا ژمارا وێ ل سەری دیارکری ل بەرامبەر ڤێ دادگەهێ داخازێ تێدا دکەت قەرەبوکردنەوەی تەلاقی رەمەکی (تعويض عن الطلاق التعسفي) وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگەهداریا دەستەکا هەلبژیر ل پاریزگەها هەولێر/ نوروز ستی بریار هاتە دان ئاگەهدارکرنا تە بێتە کرن ل دوو روژنامەیین روژا نەییێ نافخویێ کو ئامادەبێ ل بەرامبەر ڤی دادگەهی ل دەمژمیر (١٠)ل سپیدەهیا روژا ٢٠١٩/١١/٦ ول بەروڤاژی ڤی جەندی دادبینی ل دەرهەقێ تەدا ب نەئامادەیی وئاشکرایێ هێتە کرن

دادوەر / زيرك محمد صديق عبدالكريم

* * *

دادگای باریێ کەسایەتی ل دهوك

ژمارە/ ١٣٠٦/ش/٢٠١٩
ڕێکەفت/ ٢٠١٩/١٠/٢٢

ئاگەهدارکرن ب بریارا پاشملە
ئاگەهداری

بۆ داوالێکری (فرانجيسكا بويد) ڤێ دادگەهێ ل ڕێکەفتی ٢٠١٩/١٠/٢٢ ێ دکێشا ل سەری دیارکری دا ئەوا هاتیە ڤەکرن ژ لایێ داواکار (دیندار محمد حسن) بریاردا ب (تصديق الطلاق الخارجي) دناڤبەرا تە وهەڤژینێ تە یێ داواکار وتە مافی نەرازیبوونێ یێ هەی دماوێ دەه روژان ژ روژا ئاگەهدارکرنا تە ل روژنامێ وبەروڤاژی وێ دێ فەرمانا ل سەری دیارکری ل سەر تە هێتە بجهئینان

دادوەر / زيرڤان احمد حسين

* * *

سەروکاتی یا باژێرڤانی یا کەلەك
بەشێ مولکایەتی

ژمارە/ ٣٦٦
ڕێکەفت/ ١٧ /٢٠١٩/١٠

ب/راگەهاندنا نەخشێ جهێن گەشتیاری
نقیسارا ڕێڤەبەریا نەخشەدانانا
ئاڤەدانی ل پارێزگەها دهۆکێ ژمارە
(٢٧١٤) ل ٢٠١٩/١٠/١٦

ئاماژە ب نقیسارا ڕێڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانیا ل پارێزگەها دهوکێ ژمارە (٨٨٤١) لە ٢٠١٩/١٠/٩

هیڤی یە بۆ ماوێ (٣٠) سیە ڕۆژان نەخشێ روونکری ئەوێن هاتیە دروستکرن بۆ کورنیشێ ریباریێ (زیێ گەورە) ژبۆ دروستکرنا جهێن گەشتیاری ل سەر مولکێ باژێرڤانیا مە ل ڕۆژناما هەوەدا بهێتە راگەهاندن ئەڤجا هەر لایەن وکەسەکێ یان هەر فەرمانگەهەکێ گازندە یان تێبینیەك هەبیت ل سەر ڤێ نەخشەی بلا ئاگەهداریا سەرۆکاتیا باژێرڤانیا مە بکەن دماوێ دیارکریدا ژبەرکو پشتی بدوماهی هاتنا ماوێ یاسایی هیچ کەسەکێ ماف نینە چ گازندە یان داخازیا لسەر وێ نەخشەی بکەت

فائق احمد علی / سەرۆکی شارەوانی کەلەك

* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە
بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی کۆیە

ژمارە: (١٤٥٠)
بەروار: ٢٠١٩/١٠/٢٠

جاڕدانی بڕیاری چەسپاندنی
خاوەنداریەتی خانووبەرە

پاڵپشت بە بڕیاری چەسپاندنی خاوەنداریەتی بۆ داواکاری تۆمارکردن (شۆڕش عمر رسول) خانووبەری زنجیرە (٤٠٠) گەرەکی (بایزاغا) لەڕێکەوتی (١٧-١٠-٢٠١٩) کەدەرچووە لەم بەڕێوەبەرایەتیە بڕیارماندا بە بڵاوکلادنەوەی ئەم بڕیارە جاهەرکەسێك کەرەخنەی لەم بڕیارە هەبێت پێویستە کە سەردانی دادگای تایبەتمەند بکات لەماوە(٣٠)سی ڕۆژ دوای کۆتایی ئەم بڵاوکردنەوەی دوای کۆتایی هاتنی ماوەکە ئەگەر هیچ ئاگادارییەکمان لە دادگای تایبەتمەندەوە پێنەگەیشت کەداوای لایان تۆمارکرابێ ئەم بەڕێوەبەرایەتییە موڵکەکە تۆمار دەکات بەپێی بڕیاری چەسپاندنی خاوەنداریەتی.

جاسم حمد رضا
سەرۆکی لیژنەی چەسپاندنی خاوەنداریەتی
دادوەری دادگای بەرایی کۆیە

* * *

دادگەها کەتن ل سێمێلێ

ژمارە: ٥٢٢/کەتن/٢٠١٩
ڕێکەفتی: ٢٠١٩/٩/٢٢

ئاگەهداری

بۆ/ تومەتباریێ رەڤی/ شرين صبري ابراهيم

دەمێ تو یێ تومەتبار د کێشا ژمارە ٤٠/اساس/٢٠١٩ ئەوا هاتیە تومارکرن ل بنگەهێ پولیسێن سێمێل لدیڤ بەندێ (٤٥٦/ ژ یاسا سزا) ژ یاسا سزا ژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەیێ نەدیارە بریار هاتە دان تو بهێیە ئاگەهدارکرن برێکا بەلاڤکرنێ ب دوو رۆژنامێن ناڤخویی دا ئامادەبی بەرامبەری ڤێ دادگەهێ سپێدەیا روژا ٢٠١٩/١١/٤ بەروڤاژی ڤێ چەندێ دێ دادگەهکرنا تە هێتە کرن ب پاشمللە (غیابی) لدیڤ یاسایی.

دادوەر/ بيان اديب رشيد
دادوەرا دادگەها کەتن سێمێل

* * *

دادگەها کەتن دهوك

ژمارە:٩٦٩/ج٣/٢٠١٩
ڕێکەفتی:٢٠١٩/٩/٢٢

بۆ تۆمەتباری رەڤی (ابراهيم عبدالله محمد)

ئاگەهدارکرن

توی بەر تاوانکری د کێشا ژمارە (٩٦٩/ ج٣/٢٠١٩) ئەوا هاتیە تۆمارکرن ل بنگەهێ پۆلیسێن نوروز ل سەر ماددێ (٤٥٦) یاسا سزای ژبەر نەدیاربوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە بریار هاتە دان هن بهێینە ئاگەهدارکرن رێکا بەلاڤکرنێ دوو رۆژنامی ناڤخۆیی، دا بەرامبەر ڤێ دادگەهێ سپێدەیا روژا ٢٠١٩/١١/٣ بەروڤاژی دادگەریا تە پاشملە (غیابیا)دێ هێتە رێڤەبرن ل دویڤ یاسایێ.

دادوەر/ انس فريق مسكين

* * *

دادگەها کەتن دهوك

ژمارە: ١٣٧٣/ج٢/٢٠١٩
ڕێکەفتی: ٢٠١٩/٩/١٠

ئاگەهداری

بو/ دادگەهکریێ پاشملە (محمود سعد علي)

ڤێ دادگەهێ بڕیاردا ب حوکمکرنا تە بەندکرنا سزایێ (١) ئێك سال ل سەر مادەی (٤٥٦/یاسا سزای) دوسەیا ژمارە (١٣٧٣/ج٢/٢٠١٩) ئەوا هاتیە تومارکرن لە بنگەهێ پولیسێن مالتایێ ژمارە ٢٠١٩/١٠٨ دا تو بهێیە ئاگەهدارکرن ب رێکا بەلاڤکرنێ دوو رۆژنامێن ناڤخۆیی و تە مافێ نەرازیبوونێ هەیە سەر بریارا ناڤهاتی ماوێ سێ هەیڤان ژ مێژوویا ئاگەهدارکرنا تە و بەروڤاژی بریارا پاشملە دێ جهێ بڕیارا ئامادەبوونێ گریت.

دادوەر/ عصمت كوليك اسماعيل

* * *

دادگەها کەتن دهوك

ژمارە: ١٤٣٦/ج٢/٢٠١٩
ڕێکەفتی: ٢٠١٩/٩/١٦

ئاگەهداری

بو/ دادگەهکریێ پاشملە (تحسين سليم محمد)

ڤێ دادگەهێ بڕیاردا ب حوکمکرنا تە بەندکرنا سزایێ (١) ئێك سال ل سەر مادەی (٤٥٣/یاسا سزای) دوسەیا ژمارە (١٤٣٦/ج٢/٢٠١٩) ئەوا هاتیە تومارکرن لە بنگەهێ پولیسێن نوروز ژمارە ٢٠١٩/١٩ دا تو بهێیە ئاگەهدارکرن ب رێکا بەلاڤکرنێ دوو رۆژنامێن ناڤخۆیی و تە مافێ نەرازیبوونێ هەیە سەر بریارا ناڤهاتی ماوێ سێ هەیڤان ژ مێژوویا ئاگەهدارکرنا تە و بەروڤاژی بڕیارا پاشملە دێ جهێ بڕیارا ئامادەبوونێ گریت.

دادوەر/ عصمت كوليك اسماعيل

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سلێمانی
بەدواداچوون و ئامار

ژمارە: ٢٠١٧/١٩٤٧
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/١٦

ئاگاداری

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سلێمانی لەڕێگەی زیادکردنی ئاشکراوە هەڵدەستێت بە فرۆشتنی بەشی قەرزار لە موڵکی ژمارە (١١٩/٣٤) کەرتی ٣٦ کەڵەکن) کە لە کۆی (٣٧٦٦٢) تەنها (٧٦٨١) بەش تۆمارە بەناوی قەرزار (محمد رؤوف حميد) بەرامبەر قەرزی خاوەن قەرز (حسن باقي حسن/ بەڕێوەبەری کۆمپانیای هۆم سیتی/ سەرەڕای کارەکەی ئەویش بەبڕی (٣,٩٧٤,٧٥٠) سێ ملیۆن و نۆسەدو حەفتا و چوار هەزار و حەوت سەدو پەنجا دینار بە رەسمی سەردانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بکات لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژدا کە دەست پێ دەکات لە ڕۆژی دووەمی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە ڕۆژنامەدا وە زیادکردنەکە کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ لە بینای بەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێ وە بارمتەی یاسایی بەبڕی (١٠٪)ی نرخی خەملێنراوی بەشی قەرزار لە موڵکەکە لە بەڕێوەبەرایەتیمان دانێت تا کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی زیادکردنەکە وە رەگەزنامە و باری شارستانی لەگەڵ خۆیدا بهێنێت وە کرێی جارچی تۆمارکردن لەسەر کڕیارە.

زانیاری لەسەر بەشی قەرزار لە موڵکەکە:
خاوەن قەرز: حسن باقي حسن بەڕێوەبەری کۆمپانیای هۆم سیتی/ سەرەڕای کارەکەی
قەرزار: محمد رؤوف حميد
جۆری ڕاگیراو/ ملك صرف
شوێنی خانووبەرە/ نزیك سەرقەبرانی کە لە کن
حۆری/ خانوو شێوازی/ باشە
پێکهاتەکەی/ ٣ خانووی تێدا دروستکراوە وە داوالێکراو لە خانووی دووەم واتە (ناوەڕاست) دایە کە پێك هاتووە لە سێ نهۆم کە نهۆمی زەمینی بریتیە لە دوو دوکان کە یەکێکیان کراوە بە دوو دوکان و نهۆمی دووەم بریتیە لە هۆڵ و ژووری میوان و ژووری نوستن و چێشتخانە و وە مشتملات وە نهۆمی سێیەم چوار ژووری نوستن و مشتملات.
روپێوەکەی/ زەوی هەموو موڵکەکە (٣٧٦,٦٢ م٢) وە بینای هەموو موڵکەکە (٨٥٠م٢)
(١ یەك م٢) لە زەوی (٣٥٠,٠٠٠) سێ سەدو پەنجا هەزار دینار.
(١ یەك م٣) لە بینا (١٥٠,٠٠٠) سەدو پەنجا هەزار دینار.
نرخی کۆی گشتی زەوی و بینا بریتی یە لە (٢٥٩,٣١٧,٠٠٠) دوو سەدو پەنجا و نۆ ملیۆن و سێ سەدو حەڤدە هەزار دینار.
نرخی پشکی قەرزار لە ٥٢,٨٨٦,٥٦٦ پەنجاو دوو ملیۆن و هەشت سەدو هەشتاو شەش هەزارو پێنج سەدو شەست و شەش دینارە.

جێبەجێکاری داد/ کۆسرەت علي مجيد

* * *

سەرۆکایەتی لیژنەی یەکەمی زەوی دەست بەسەراگرتن لە هەولێر

ژمارە: ١١١
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢٢

ئاگاداری

لەسەر داوای هاووڵاتی (محسن سعيد جوامير) نەوەی (جوامير دلو قادر) سەرۆکایەتی لیژنەکەمان هەڵدەستێت بە راستکردنەوەی ناو:-
لە (جوامير بن دلو بن طه) بۆ (جوامير دلو قادر) لە بڕیاری تەسویەی پارچە زەویەکانی ژمارە (٣٩ ، ٧٤ ، ٨٤ ، ١٣٣) کەرتی ٦٨/زیارەت کبير الغربيه، کە لەساڵانی تەسویە بەهەلە تۆمار کراوە، جا هەر کەس و لایەنێك بۆ هەرلستکاری هەیە لەسەر راستکردنەوەی ناوەکە ئاگادارمان بکاتەوە لەماوەی (١٥) رۆژ لەبلاوکردنەوەی ئاگاداریەکە بەپێچەوانەوە لێژنەکەمان کارەکەی ئەنجام دەدات بەپێی یاسا.

کاروان ابراهيم اسماعيل/ سەرۆکی لیژنە

* * *

دادگای باری کەسی دەشتی هەولێر

ژمارەی:٩١٤/ش/٢٠١٨
بەروار: ٢٠١٩/١٠/٢٠

جاڕدان

بۆ داوالێکراو (پێرس شيرزاد محمد)
شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (لاڤە عزيز محمد) داوای ژمارە ٩١٤/ش/٢٠١٨ لەسەرت تۆمارکردووە، کەتیایدا داوای (جیابوونەوە دەکات) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختارەکانی (گەرەکی فەرمانبەران/ هەولێر) بۆیە دادگا بڕیاری دا کە پێت رابگەیەنرێت بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆت یان بریکارێکی یاسایی لە دادبینی رۆژی ٢٠١٩/١١/٤ کاتژمێر (٩) بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی پاشەملە و ئاشکرا دەرهەقت ئەنجام ئەدرێت بەپێی یاسا.

دادوەر/ عبدالله عثمان خضر

* * *

دادگای بەرایی هەولێر/١

ژمارە/ ١٢٩٥/ب١/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢٢

جاڕدان

بۆ/ داوالێکراو (بۆتان عمر گەردی)

داواکار (لميعە عزيز شێرە) داوای ژمارە (١٢٩٥/ب١/٢٠١٩)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لە سەرتان وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (پارێزگای هەولێر/ گەرەکی خەبات) لە ٢٠١٩/١٠/١٧ بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت لە رێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادە بوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ رۆژی دادبینی (٢٠١٩/١١/١٨) بە پێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت.

دادوەری یەکەم / مجيد سعيد برادۆستی

* * *

دادگای بەرایی هەولێر
جاردان

ژمارە: ٣٠٢٨/ب٧/٢٠١٨
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢١

داواکار: كتان عزيز حسين و هاوبەشەکانی
داوالێکراو: طلعت عزيز حسين و ها و بە شە کا نی
شوێنی موڵك/ هەولێر /٩٤ی باداوە
ژمارە موڵك: ١/١٠٨٦١ ك ٩٤ بادوە
پێکهاتووەکان: خانووەکە پێکهاتووە لە (٢) دوو خانووی ١٠٠ مەتری دووجا.
خانووی یەکەم/ پێکهاتووە لە یەك ژوورو نادین و حمام و مرافق لە خوارەوە وە دوو ژوور و حمام و مرافق لەسەرەوە.
خانووی دووەم/ پێکهاتووە لە یەك ژوورو نادین و حمام و مرافق لە خوارەوە وە دوو ژوورو حمام و مرافق لەسەرەوە.
رووبەر: ٢٠٠ مەتر دووجا
نیشتەجێ: ١- سعدیە همزە پیرداود/ کرێی نادات/ لەکاتی فرۆشتن دەرئەچم.
٢- صابر رمضان اسعد/ خانووی خۆیەتی/ لەکاتی فرۆشتندا دەرناچێ.
نرخی خەملاندن/ خانووی یەکەم ٦٩,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار
خانووی دووەم ٦٩,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار
کۆی گشتی ١٣٨٠٠٠٠٠٠ سەدو سی و هەشت ملیۆن دیناری عیراقی

لەبەر نەبوونی کریار دووبارە لەسەر بڕیاری ئەم دادگایە لە داوای ژمارە ٣٠٢٨/ ب٧/٢٠١٨ ازالە الشيوع/ نەهێشتنی هاوبەشی بڕیاردرا بە فرۆشتنی ئاشکرای ئەم موڵکەی سەرەوە بۆ ماوەی ١٥ پازدە رۆژ دوای بلاوکردنەوە لە رۆژنامەی رۆژانە، جا هەرکەسێ نیازی کرینی هەیە هاوبەش بێ یان هاوبەش بێت یان هاوبەش نەبێت سەردانی ئەم دادگایە بکات لەگەڵ دادبینی کردنی رێژەی یاسایی ١٠٪ لە خەملاندنی فرۆشتنی ئاشکرا، کاتژمێر (١٢)ی نیوەرۆ دەست پێ دەکات، هەرزیاد بوونێك دوای (٥) پێنج دەقیقە کۆتایی دێت.

دادوەری یەکەم/مجيد سعيد برادۆستی

* * *

دادگای بەرایی هەولێر/٥

ژمارە: ١١٧٣/ب٥/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢١

جاردان

بۆ/ داوالێکراو/ (رێبين عبدالرحمن سعيد)

داواکار (کامران قادر احمد) داوای ژمارە (١١٧٣/ب٥/٢٠١٩) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری (پارێزگای هەولێر/ گەرەکی سەربەستی و رویال تاوەر و گوندی ئیالی یەك) بۆیە دادگا بریاریدا بەپێراگەیاندنت بەپابەندکردنت ٢٧٧٠٠ دۆلاری ئەمریکی بەرامبەر بە (٣٣٢٦٧٧٠٠) هەزار دینار عیراقی بۆیە دادگا بریاریدا بەپێراگەیاندنتان بە بریارەکە لەرێگەی دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بەم بریارە و برێکی پاشملەیە و (قابلا للاعتراض و الاستئناف و التمييز) ه و مافی تانەدانت هەیە لەبریارەکە لەماوەی یاساییدا، بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.

دادوەر/ کاوە صدیق حسين

* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون

ژمارە: ٧٦٩٢
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢٠

بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار

دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (NEW ENERGY CARE COMPANY) بۆ (بەلێندەرایەتی بیناسازی و کارەبایی و میکانیکی/ سنووردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.

من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بڕیارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بڕیارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون

ژمارە: ٧٦٩١
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٠/٢٠

بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار

دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (POWER CARE COMPANY) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنووردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.

من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بڕیارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بڕیارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

مێژووی ماد و خوێندنەوەیەکی دکتۆر میهردادی بەهار

کەمال نوری مەعروف
لەفارسییەوە گۆڕیویەتی و لەسەری نووسیوە

بەرکولێک: ئەم بابەتە ڕەخنەییەی کە گۆڕیومەو لەسەرم نووسیوە، سەبارەت بە تێبینییەکانی دکتۆر(مەهردادی بەهار)ە لەسەر کتێبە مێژوونووسییەکەی لێکۆڵەری گەورەی ڕووس (دیاکۆنۆف) بەناونیشانی ماد ، (کەریمی کشاورز) بۆ فارسی گۆڕیویەتی. لەم بابەتەدا بەلامەوە باشبوو هەندێک لەو ڕەخنانەی ناوبراو بگۆڕمە سەر زمانەکەمان ،چونکە توانیوێتی زانیاریی نوێ بخاتەڕوو. بەڵام لەلایەکی تردە زمانی ڕەخنەگر لەباسی هەندێکیاندا دەمارگیری پێوە دیارەو قەڵەمەکەی وەکو ناسیۆنالیزمێک خستووەتەکار، بەوەیش لەکارە زانستییەکەی لایداوە، کە نەدەبوو بەوجۆرە مامەڵە لەگەڵ مێژووی ڕۆژگارێکدا بکات کەزانیاریی لەسەری کەمە بەهۆی نەبوونی بەڵگەنامەوە. هەرئەوەیش وایکرد ڕای خۆم لەسەرهەندێک لەو بابەتانە دەربېرم.

1

بابەتە ڕەخنەییەکەی میهردادی بەهار: (دیاکۆنۆف)ی لێکۆڵەری ڕووس لە شوێنەوارو مێژووی دێربندا لەو زانا دەگمەنانەیە کە لەپەنجەی دەست تێپەڕناکەن. لێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بەمێژووی ماد زانیاریی تەواومان لەو ڕووەوە پێدەدات. کتێبی ناوبراویش لەکارە بەنرخەکانیەتی کە توانیویە لەسەر مێژووی ئاریاکانی ئێرانی کۆن بەرهەمیبهێنێت. ناوەڕۆکی کتێبەکە زانیاریەکی زۆری دەربارەی زمانە کۆنەکان و ئایینەکانی لەخۆگرتووە کە سوودی گەورە بەخوێنەر دەگەیەنێت.

سەرنجێک سەبارەت بەباری کۆمەڵایەتیو چینایەتییو ژیانی ئابوورییو سیاسیی لەخۆرئاوا بەشووری خۆرئاوا لەکۆندا دەردەکەوێت کە (دیاکۆنۆف) لەکتێبەکەیدا شیکردنەوەی تەواوی لەسەریداوە، هەروەها لێکۆڵینەوەی لەبواری گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵایەتی ئێرانو خۆرهەڵاتیش داوە ئەوەیش لەسەر بنەمای کرانەوە بووە بەڕووی جیهاندا بەهۆکاری بوونی دوو جەمسەری سیاسییو ئابووری بەهۆی بوونی ئەو دیلانەی ژێردەستی ئاشووریو ستەمکێشەکانی مادو گەلانی ژێردەستەی تر کە هەبوونو لەداهاتوودا بڕیار بەدەست بوون.

ڕووداوەکانی ناوخۆی ئاشوور بەئاشکرا ئەوە دەردەخەن کە بەچ شێوەیەک دانیشتوانە ڕەشوڕووتەکەیان بەدیل گرتووەو لەشوێنی ترەوە هێناویانو بەزۆر کۆچیان پێکردووون.

جگە لەوانەیش کۆمەڵێکی تر لەو دیلانەی لەشەڕدا ژێرکەوتوون دژ بە ئاشوور لەبابلو میسرو عیلام هێناویان کەلەهەوڵداندابوون دژی دەوڵەتی ئاشوور شۆڕش بکەن، تا ئازادی بەدەستبهێنن لەکۆتو زنجیری ئەوان ڕزگاریان بێت.

پادشاکانو گەورەکانی ئاشووریش سامانێکی گەورەیان بەهۆی ئەو هێرشانەیانو داگیرکردنەکانیانو تاڵانکردنی ناوچەکانی شەڕ لە دەژمنە شکستخواردووەکانیان کۆکردۆتەوە بەکاریان هێناوە بۆ چەوسانەوەیان. بۆیە مرۆڤی خۆرهەڵات زۆر ئارەزوومەند بووە بۆ لەناوچوونی ئاشوور...)) بەبەرئەوەی هێزێکی تۆقێنەر بوون لەشەڕەکانیاندا. لەبەرامبەر ئەوەبشدا هیچ هێزێکی بەرهەڵستکار نەبووە دژ بە ئاشوور بچەنگا چونکە لەبەرامبەر دوژمندا یەکگرتوو نەبوون. کاتێکیش سەردەمی پادشایەتی ماد سەری هەڵداو حکومەتیان دانا بارودۆخی ئابووریی کۆمەڵانی ئازاد باشتربوو..))و دانیشتوان لەدەسەڵاتدارانی مادیو دەوڵەت بەرامبەر بەدەستدرێژیی ئاشوور پشتیوانییان لێکردن. دەوڵەتی مادیش توانی بەئاسانی ئەوانەی ئاشوور کە داوای گەورەییو توانای ڕەهایان لێکردوون کەزووتر هەیانبووە کۆتاییان پابهێنن.

پرسێکی تری سەرنج ڕاکێشتر، کە ڕوون کردنەوەی وردی دەوێت ئەویش پەیوەستە بە کۆچی گەلانی ئاریایی لەخۆرهەڵاتەوە بۆ خۆرئاوای ئێران کە لەم کتێبەدا خراوەتەڕوو. بۆ ئەمە دیاکۆنۆف بەپێی بنەماکانی بەڵگەنامەکانی سۆمەریو ئەکەدیو هۆری (حۆری) لەسەریان دواوە و وتوویە: لەچارەکی سێیەمی هەزارەی سێیەمی پ.ز ناوچەکانی خۆرئاوای ئێران، کە دواتر ماد ی خۆرئاوای تێدا دامەزرا، لەگەڵ هۆرییەکانو لۆلۆیەکانو کوتییەکانو عەشیرەتی تریشدا وەکو عیلامییەکان خزمایەتییانکرد)) ئەمانە بوونە پێکهاتەیەکی نەژادی مرۆڤی ئەو سەرزەمینە لەهەزارەی سێیەمەوە مانەوە تاوەکو سەرەتای هەزارەی یەکەم... لەخۆرهەڵاتی ماد یشدا توخمێکی نوآ لەزمانو نەژادی تر دەرکەوت کە توخمێکی ئاریاییەو ڕەگوڕیشەی بۆ ئاسیای ناوەند دەگەڕێتەوە.

لەسەدەی نۆیەم تا حەوتەمی پ.ز توخمێکی زمانی ئاریایی لەخۆرهەڵاتەوە بەرەو خۆرئاوا پێشڕەویی کرد. بەبەراوردکردنو پەیوەندیی زمانی ماد بەزمانەکانی ئاسیای ناوەند گومانێک کەسەرچاوە بێت بۆ نەژادی ئاریایی ئاسیای ناوەند نییە.))

(دیاکۆنۆف) لەو ڕوانگەیەوە سەیری پارسەکان وادەکات کە سەرەتا لە پارسوا بوون.)) بەڵام من ئەم بۆچوونە ئەدەمە دواوە. لەگەڵ ئەوەشدا لەم جۆرە پرسانەو پرسی تریش لەکتێبی میژووی ماد زۆرنو بەنرخن کە لێیان کۆڵراوەتەوە. بەڵام لەهەندێکیاندا بەگومانینو بۆچوونەکانی (دیاکۆنۆف)یش لەو جۆرە هەڵانە بێبەش نییە، هەرچەندە ئەوجۆرە هەڵانە هەرگیز لەنرخی ئەو کتێبە کەم ناکاتەوە. لەو تێڕوانینەو لەو پرسانەی کە لێیان بەگومانمو بەهەڵەیان دەزانم هەوڵدەدەم ڕای دروست لەسەریان بدەم:

لەلاپەڕە (83)دا لە (ئاهۆرامزدا)دا وا هاتووە ((ڕۆخ)) بەمانای حیکمەت تەرجومە کراوە، لەحاڵێکدا مانای واژەکە تەواو ڕۆشنە کە ((ژێری گەورە))یەو ئاهۆرایش نازناوی گرووپێکە لەخواوەندەکان کە دواتر دوو خواوەندی تری ئێرانییش چوونەتە پاڵیان کە هەر بە ئاهۆرامزداو بەو ناوەخۆینراونەتەوە، ئەو دوانەیش ((هەتاو))و ئاوو- ڕووەک بوون. لەهەمان لاپەڕەدا ((خرفستەر)) کە بوونەوەرێکە وا ناساندوویەتی کە بۆ کشتوکاڵ بێسوودەو ((زیانەدەبەخشێت)) لەکاتێکدا ((خرفستەر)) مانای وردی بوونەوەری بێسوود نیاداو لە ئەفسانەکانی ئێرانیشدا کەناوی لە ئەهریمەنەکانە هاتووەبەدوو کۆمەڵ دابەشبوون: یەکێکیان جانەوەری درندەیەو ئەویتر حەشەرەو بوونەوەری خشۆکو بەسوودن.

لەلاپەڕە (91)و (206)دا دانەر گەیشتووە بەوەی وشەی (پارس) بەمانای ((ڕۆخ)) یان کەنار دێت، هەروەها دەڵا: (پارس) ڕۆخی خاکی ماد دەگرێتەوە لەکۆندا.

من لای خۆمەوە گومان لەو دەربڕینە دەکەم کە هەڵەیەو ئەو واژەیە گشتی یەو واژەی پارس، پارت هەتاکو (پشتۆ)یش پێدەچێت تەواو نزیک بێت لە واژەی(پارسا) و لەوانەشە مانای پاڵەوان بێت، واتە هێز کە پێوەی پەیوەستە. بەو جۆرە واژەکە ئاریەو مانای ئازاد دەبەخشێت کە بەگشتی ناوی عەشیرەتەکانی هیندوئاری بووە.(پارسە)و (پارپوە) و غەیری تریش ئەوانە دیارن کە دەربڕین لەنەژادی کۆمەڵێک لەو مرۆڤانە دەکەن.

لەلاپەڕە (325)دا (چیڤارنا) بە (شانازی نەوەکان) گۆڕیوانە، لە حاڵێکدا کە پێکهاتەکەی ئاوەڵناوەو لە فارسی کۆنو سەردەمدا هەیەو مانای دەوڵەمەندی دەداو واژەکەیش بەمانای فرەنەژادییە.

بەندی پێنجەمی کتێبەکە، لەلاپەڕە (397)تا (445)پەیوەستە بەبارودۆخی کۆمەڵگاو دەوڵەتی ماد . لەم بەندەدا ئامارەکان بەبەڵگەوە لە تەختی جەمشید دیارن کە تێیدا دیاکۆنۆف بۆچوونی (و.ئا.تیۆرین) باسدەکات. (تیۆرین) باوەڕی وایە کەسانێک لەتەختی جەمشید دا کاریان کردووە لە ئەندامانی خانەوادەکانی کۆمەڵانی ئازادو جەنگاوەری پارس بوون. بەڵام ئەوەش دیارە، پادشا بەدرێژایی سالّ جوتیارەکانی بەناونیشانی کرێکار ،یان دیل بەکارهێنانو لەکارەکەدا بەشداربوون، بەڵام دیاکۆنۆف بەپێی قسەی هێرۆدۆت وەکو دەڵا: ئازادەکانی پارس خەراجیان بە پادشا داوە. بۆیە ئەگەر بڵێم پێدانی (مزە)و لێوەرگرتنیان ،جیانەبوونەوەیانە لەکۆمەڵانی خەڵکی لەڕۆژانی سەختو گرانیدا کە لەسەریان داناون.

هەتاکو لەبابلیش باو بووە کە هەزار سالّ بەسەر قۆناغی جیابوونەوەی چینەکانیشدا ڕۆیشتبوو بەڵام هەر مابۆوە)). ئەم واقیعە بەیانی ئەو حاڵە دەکات ئەو دیلانەیش کە کاریان پێکردوون بەرامبەر بەوە پێدەچێت مزەیان وەرگرتبێت. ئەمە واقیعێکە بەڵام دیاکۆنۆف بۆ چەسپاندنی ڕایەکەی نەیزانیوە بڵا چی بۆیە ڕاکەی بەگشتی سانایە کە بەوجۆرە بۆ کۆمەڵگای هخامەنشی بەجێگەیاندووەو مۆڵەتی بەوجۆرە بەخۆی داوە.

لەڕاستیدا دیاکۆنۆف ئەوەی نەزانیوە کەکۆمەڵگای ئێرانی خۆرئاوا کاتێک شێوەی چینایەتی تێدا دەرکەوتووە کۆمەڵگاکانی تری کۆیلایەتی پێشکەوتوو لە ئەترافیاندا لە (ئاشوور، بابل، عیلام) بەیەکترەوە پەیوەستبوونو ڕووبەڕووی ڕژێمی کۆیلەداریی شۆڕشیان کردووە تا تایبەتمەندییەکانی چەند سەد سالّەی خۆیان بەو هۆیەوە بەجێبگەیەنن. یەکێک لەهۆکارەکانی مانەوەیان کەدرێژەی کێشاوەو نەیانتوانیبێت لەکاتو ساتی خۆیدا دژیان بووەستنەوە پێدەچێت پارچەبوونی کۆمەڵگای نێوان دوورووبار بووبێت. لەئێرانی خۆرئاوایشدا مادەکانو پارسەکان کە لەقۆناغەکانی سەرەتاییدا لەکۆمەڵگای کۆیلایەتیدا ژیاون بەڵام کاتێک لەناویاندا عەشیرەتێک دەرکەوتووە، توانیویانە لەبەشێکی تەمەنیاندا لەو شوێنانەی کە تێیدا دەرکەوتوون ئازادبن تا لەوەزیاتر ئاشوورییەکان لەسیستمی کۆیلایەتییاندا لەئەنجامی جەنگیاندابەکاریان نەهێنن کە بەسەریاندا سەپاندوون. بەو شێوەیە دیلەکانی کۆمەڵگای بابلو عیلام کە لەناو ئاشووردا ژیاون، مرۆڤی ئاریایی خۆرئاوایش لەیەکەمجاردا دژ بەئاشوور هەستاون بەڵام ئەوان واتە (ئاشوور) نەیانتوانیوە بەیەکجار دژی بابلو عیلامیش هەڵبستن بۆیە وایکردووە سەردەمێکی ئارامی بێتە کایەوە.وەکو دیارە مادەکان لەپارسەکان بەگومان بوون تا ئامادە بن لە نوێوە باری کۆمەڵایەتی چاک بکەن بەڵام ئەوان واتە مادەکان بەڕەو خۆرئاوا ڕۆیشتوونو ئەوەی هەبووە لەدیل کراوەکان ئازادیان کردوونو بۆ سەر خاکی خۆیان گەڕاونەتەوە،ئەمەیش وایکردووە مرۆڤی گەلانی تریش سوود لە گوێزانەوەیاندا وەربگرن و مافی خۆیان لەگەڕانەوەیاندا دیاریبکەن.

لەلاپەڕە (409)دا دیاکۆنۆف مرۆڤی جەنگاوەری ماد کە کۆمەڵ کۆمەڵ بوون لەبەرامبەریدا تەرجومەکەی (کارە)ی بۆ داناوە کە کۆمەڵ دەگرێتەوە. لەکاتێکدا کە لەماناندا جیاوازەو لەگەڵ یەکتریدا یەکناگرن. سەرەتای ڕستەکەش بەو مانایە دێت، سوپای ماد کە لەشوێنی خۆی بووە، ڕستەی دووەمیش ئەو سوپایەی کە لای من بوون.

لەلاپەڕە (421)دا دەڵا: ((ناوی هیندوستانم نەدیوە)) ئەمە لەکاتێکدایە کە لەنووسینەکەی داریۆشو خشاریارشا دا ئەو ناوە هاتووە.

لەلاپەڕە (456)دا دیاکۆنۆف دەڵا: ڕێز لەسەگ گیراوەو لەو بابەتانەشە کە لە ئاوێستاشدا هاتووەو لەناو گەلانی کاسپی ئالبانیشدا باو بووە. بۆ ئەمە هیچ بەڵگەیەک بەدەستەوە نییە بەڵام مرۆڤی ئاسیای ناوەند کە خۆیان ئاژەڵدار بوون، سەگیان بووەو بۆ کاری پارێزگاریی بەکاریان هێناوە ، ئەمەیش لای کاسپی یەکانیش هەر بەو جۆرە بووەو بۆیان ماوەتەوە. لەهەمان شوێنداو ناوبراو باسی لاشەی مردووەکان دەکات کە لەبەردەمی تەیرو تواڵەکاندا فڕێدراون کاسپی یەکانیش لایان هەر بەوجۆرە بووە. ئەم بڕگەیە ڕاستەوخۆ لەشوێنی خۆیدایە. بەڵام ئەو یاداشتەی پەیوەستە بە هەمان بابەت واتە لە (یادداشتی 32 بەندی شەشەم) دا دەڵێت: ((گرانە بتوانین بڵێین کە لەچ شوێنێکداو میژووییەکدا ئەم دابونەریتە لەناو زەردەشتی یەکاندا هاتۆتە کایەوە.)) لەو سەرچاوەیەوە سەرەتا باسکردنی (3) خاڵ پێویستە:

1-سکاییەکان مردووەکانی خۆیان لەگۆڕەکانیاندا بەخاک سپاردوون کە بەشێوەی تەپەیەکی بچوک گۆڕەکەیان دەرهێناوە خزمەتکارو دەستپێوەندییان هەبووبێت).

2-هیندییەکان مردووەکانی خۆیان دەسووتێنن.

3-لەناو زەردەشتییەکاندا واژەی گۆڕستان بووە. واژەی گۆڕ هەرچەندە بەزەوییەک دەوترێت کە دەوری گیرابێت واتە دیواری بۆکرابێتو مردووەکانیش لەوێدا ڕاکێشراون تاوەکو بالّندەکان گۆشتەکانیان بخۆنو هەتاویش ئێسقانەکانیان پاک بکاتەوە. بەڵام خودی واژەکە پرسەکەی ڕۆشنەو لەزمانی فارسیشدا بەمانای چاڵێکی تەنگو تاریک دێت. ئەم واژەیە ڕەگو ڕیشەکەی لە (داز)ەوە هاتووە کەمانای سووتاندنە.

بەسەیرکردنی ڕێوڕەسمی سکاییەکانو هیندییەکان دەتوانین مانای واژەی گۆڕو ڕەگوڕیشەکەی دیاری بکەین، بەوەیش باوەڕ بکەین کە لەڕۆژگارەکانی کۆنی هیندو ئاریاییەکاندا دەرکەوتووەو مردووەکانیان لەزەویەکی سنووردارداو دانانو سووتاندوویانن. لەقۆناغەکانی دواتریشدا یاسای سووتاندنەکە لای هیندییەکان یاسای لەگۆڕنانی لای سکاییەکان پاڕێزراوبوون ئێرانییەکانیش هەر بەوجۆرە پاڕێزگاریان لەو واژەیە کردووە.

بوونی گۆڕ لە ڕۆژگاری هخامەنشیش دا هەر بەشێوەی گۆڕی ئەمڕۆو بەو مانایە ناسراوە. بەڵام ئەوەی دیارە کە ئەو یاسایە لە کاسپی یەکانەوە وەرگیراوەو مادەکانیش کە دراوسێیان بوون لەوانیان وەرگرتووە. ئەمەیش بەردەوپێش چوونێکی دیارەو مووغەکان بۆ یەکەمجار وەریانگرتووە کەچینێکی ڕۆحانی ماد بوون. ئەو یاسایەو بەڕێوەبردنی ئایینی زەردەشتیش وەکو دیارە لەناوەڕاستی قۆناغی هخامەنشی دا لەدەستی مووغەکاندا نەماوەو ئایینی زەردەشتیش ڕێگای خۆی وردەوردە دۆزیوەتەوە. بەڵگەکانی شوێنەوارناسی ئاشکانی دەریدەخات کە ئەم یاسایە لە قۆناغی ئاشکانی دا دەوامی لەئێراندا نەبووە تەنیا لەقۆناغی ساسانیدا نەبێت کە یاساکە بەگشتی پەیڕەو کراوە.

ئایینی زەردەشتیش لەئێراندا زیاتر کاسپی یەکان بەمووغەکانیان سپاردووە کە بووەتە ئایینی هەمو ئێرانییەکان بەگشتی.

لەلاپەڕە (476)ی دوا بڕگەو (477)ی بڕگەی یەکەم ڕاگەیەنراوێک بەناوی عەهدو پەیمان لە زەردەشتەوە گەیشتووە. ڕاگەیەنراوەکەیش لەناو خەڵکیدا کاری بۆکراوەو چەسپاوە. ئایینی زەردەشتیش هەر تەنیا ئامۆژگارییەکانی زەردەشتی نەگەیاندووە بەڵکو هەوڵیداوە ئارامییو ئامۆژگاریی لەناو دەوارنشینەکانیشدا بەجێبگەیەنێتو دەست لەهێرشو کوشتنو تاڵانی هەڵبگرن کە تێیدا بەردەوامبوون تاکو بتوانن دەوڵەتی خۆیان دامەزرێنن بەرامبەر گەلانی وەحشی لەئەترافیان بەمانا پادشاکانیان، واتا نائاریایی دژیان بووەستنو خۆڕاگرین . بۆ ئەمە دەڵێم: خۆ ئەگەر ئەو ڕاگەیەنراوە پێشکەوتوو و مرۆڤانە بووە، بۆچی ئاخاوتنەکانی زەردەشتو داخوازییەکانی ئاوێستایی بۆ ئەو ڕۆژگارە قینو دڵڕەقیو نەفرەت ڕشتن بووبێت بۆ گەلانی غەیری ئاریایی کە بەپەڕەوانی خۆی بگەیەنآ؟.

من گومان دەکەم کە ئامۆژگارییەکانی لەبنەمادا تەنیا بۆ گەیاندنی دادوەریو ڕەوشت بووبێت، وادیارە لەبناغەدا مللملانآ بووە لەگەڵ کۆمەڵگای نیشتەجآ بووی دەوارنشینو پێشخستنی ئابووریو گرنگیدان بەناوەند لەدەسەڵاتدا دژ بە دەوارنشینەکان کە هێرشی بردۆتە سەریانو تاوانباری کردوون و لایەنگیریی چاکسازیی ناوخۆیی کردووە.

هەمان کۆشش هەر لەو سەروبەندەدا لەخۆرئاوای ئێرانیش دەرکەوتووە بۆ هێنانەدی دەسەڵاتی شاهەنشایی . لەئاسیای ناوەندیش هەر بەوجۆرە ڕۆیشتووەو باوەڕی زەردەشتیش لەسەر ئەو تیۆرە تیشکی داوەتەوە کە بۆ سازدانی ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییە بووە. هەر بەوجۆرەش لە شانامەدا باسی جەنگەکانی نێوان ئێرانو تووران لەڕۆژی گوشتاسپی ناسراودا کراوە.

لەلاپەڕە (495)دا باسکردنێک کە پەیوەستە بەئایینی زروان هەرچەندە هەڵە نییە، بەڵام وردیش نییە. بۆ زانیاریی دەربارەی نەخشی ئایینیی زروانی لەڕۆژگاری ساسانیدا دیاکۆنۆف بۆ دوو کتێبی پڕۆفیسۆر (زنەر) گەڕاوەتەوە.

من بەگومانم لە بۆچوونەکانی دیاکۆنۆف دەربارەی شۆڕشی گاوماتە (لا526)و شۆڕشەکانی تریش (لا533)لەقۆناغی دەسەڵاتداریتی داریۆش دا هەروەکو دەڵێ جۆرێک لە کۆششکردنی بێبەڵگەن بۆ چەسپاندنی هەمان ڕاو بۆچوونی ساناو نادروستی کە لەوەوبەر باسیکردوون. بەو شێوەیەی دیاکۆنۆف دەڵا: مەرەکان دژی دروستکردنی ناوەندو توانای شاهنشاکان بوون (لا260) بۆیە لەترسی دووبارەکردنەوەی دیاردەکەو چەسپاندنی حوکمدارییەکەی (گاوماتە) بەهاوکاریی گەلانو ستەمدیدەکانی تر شۆڕشی لەسەرەتای ڕۆژگاری داریۆشدا لە ولاتدا بەڕپاکرد بەناوی ژیانەوەی خەڵکی. گروپێکی تریش لەخۆرهەڵات بەناوی میەرکان بۆ سەر بەخۆییان لەگەڵیدا هاوڕابوون.

دیاکۆنۆف هۆکاری شکستی ئەو شۆڕشانە دەباتەوە بۆ نەبوونی یەکێتی ناوخۆییو دەرەوە (لا538) .بەڵام بۆ باسی ئەم شکستی یە داریۆش چەند جارێک وتوویە هۆکاری شکستی یان پشتیوانی لێنەکردنیان بووە لەلایەن دانیشتوانەکەوە نەوەک نەبوونی یەکێتی.

پرسێکی تر کە دەربارەی مێژووی ماد شوێنی ڕەخنە لێگرتنیەتی ئەم وەرگێڕانەیە: ئاغای (کەریمی کشاوەرز) کە گۆڕینی ئەم ئاسەواڕە گەورەو بەنرخەی گرتۆتە ئەستۆ بەنیگەرانییەوە دەڵێم پسپۆرییەتی لەناوەکانی ئێرانی کۆندا نەبوەو ئاغای دکتۆر (فرەوشی)ش سەیری وەرگێڕانەکەی نەکردۆتەوەو تێڕوانینی وردی لەسەر نەداوە، یان ڕای لەسەر ڕەزامەندی کارەکە نەداوە. بۆیە ناوە ئێرانییەکان بەشێوەی ناتەواو بەرچاو دەکەون. ئەم کێشانەی کە لە وەرگێڕانەکەی ئاغای کشاوەرزدا دەرکەوتوون لە ئاشکانیشدا بەرچاو دەکەون. ئەمەیش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مێژووی ئێرانی کۆن بەهۆی ئەوەی ئەو ناوانە لەسەرچاوەی یۆنانییەوە وەرگیراونو کراون بە فارسی بۆیە بەوجۆرە دیارنو ناتەواو دەرچوون.

هەندێک ڕاوبۆچوون سەبارەت بە باسەکە: دکتۆر (میهردادی بەهار) لەباسی ئەو خاڵانەی کە ڕەخنەی لەسەر مێژووی ماد گرتووە،لەسەرەتادا هەڵسەنگاندنێکی پڕ بایەخی بۆ کتێبەکەو دانەرەکەی کردووەو لەسەر زانیارییەکانی لێکۆڵینەوەی زانستیی تەواوی لەسەر داوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕەخنەگر لەهەمانکاتیشدا لەشوێنی هەڵەکان ڕاستییەکان بخەمەڕوو بەپشت بەستن بەو زانیارییانەی کە لام کۆبوونەتەوە تاوەکو شوێنی خۆیان لەناو مێژووەکەدا بگرنو نەوەی نوێش سوودی لێبوەربگرێت، لەوانە:

1-ڕەخنەگر واتە (دکتۆر میهرداد) لەباسی واژەی (پارسا) ڕای وایە کە ئاریەو مانای ئازاد دەبەخشێت کە بەلایەوە بەگشتی ناوی عەشیرەتێکی هیندو ئاری بووە. هەروەها لەسەری دەڕواتو دەڵێت، (پارسە) و (پارپوە)و غەیری تریش دیارن کە دەربڕین لەنەژادی کۆمەڵێک لەو مرۆڤانە دەکەن.



لوبنان..

حەریری مکوڕبوونی لەسەر ئەنجامدانی چاکسازی و پشتیوانی هەڵبژاردنی پێشوەختە راگەیاند

سەرۆکی لوبنان: بۆ ئەوەی هەموان بە گەندەڵی تۆمەتبار نەکرێن، پێویستە نهێنی لەسەر هەژماری بانکی بەرپرسان هەڵبگیرێت

لە کۆبوونەوەی حکوومەتدا کە لە کۆشکی سەرۆکایەتی بعەبدا بەڕێوەچوو، میشێل عەون گوتارێکی پێشکەشکرد.لە کۆبوونەکەدا سەرجەم وەزیرەکان ئامادەن جگە لە وەزیری کاروباری ئافرەتان، قیۆلێت خەیرۆلا سەفەدی و وەزیرانی سەربە پارتی هێزەکانی لوبنان.زاندراوە لە کۆبوونەکەدا ئەو پێشنیازە دەخرێتە بەرباس کە سەرۆکوەزیران، سەعد حەریری بە ئامانجی ئەنجامدانی چاکسازیی و چارەسەرکردنی ڕەوشی ئابووری پێشکەشی کردووە.سەرۆکی لوبنان، میشێل عەون گوتی: "ئەوەی لە شەقام ڕووەدات گوزارشتکردنە لە ئێش و ئازاری خەڵک، بەڵام تۆمەتبارکردنی هەمووان بە گەندەڵی تیادا ستەمێکی گەورەیە.میشێل عەون گوتیشی: "لەبەر ئەوە پێویستە نهێنی لەسەر هەژماری بانکی بەرپرسانی وەزارەتەکان هەڵبگیرێن".چاوەڕوان دەکرێت دوای کۆبوونەوەکە، سەعد حەریری گوتارێک ئاراستەی گەلی لوبنان بکات.لە ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردووە لە لوبنان دژبە هەوڵەکانی حکوومەت بۆ سەپاندنی باج بەسەر تۆڕی پەیوەندی کۆمەڵایەتی وەتسئەپ، خۆپیشاندان و و ناڕەزایەتیی ئەنجام دەدرێت کە تا ئێستا بەردەوامە.

بە هۆی خۆپیشاندانەکانەوە تا ئێستا، ژمارەیەک وەزیر لە حکوومەتەکەی سەعد حەریری دەستیانلەکار کێشاوەتەوە.

سەرۆکوەزیرانی لوبنان، سەعد حەریری، مکوڕبوونی خۆی لەسەر بڕیارەکانی ڕاگەیاند، ئەوەش وەک هەوڵێک بۆ هێورکردنەوەی ناڕەزایەتییەکان کە ماوەی چەند ڕۆژێکە لەو وڵاتە بەردەوامی هەیە.


سەعد حەریری دوای کۆتایهاتنی کۆبونەوەیەکی لەناکاوی حکوومەت و لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە کۆشکی بەعبەدا لە بارەی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانی هاووڵاتیانی وڵاتەکەی قسەی کرد کە ماوەی پێنج ڕۆژە بەردەوامن و داوای ڕۆشتنی چینی سیاسەتمەدارانی دەسەڵاتدار دەکەن.گوتیشی: "ئەنجوومەنی وەزیران دەنگی لەسەر پڕۆژە یاسای بوودجەی 2020 داوە کە لەسەدا 6.0 کورتهێنانی هەیە، بوودجەکە هیچ جۆرە باجێکی نوێی تێدا نییە، کار دەکەین بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی لەسەدا 50ی مووچەی وەزیر وپەرلەمانتارانی ئێستا و خولەکانی پێشوو، هەروەها کەرتی بانکی هاوکار دەبێت لە کەمکردنەوەی کورتهێناندا".

سەرۆکوەزیرانی لوبنان بەڵێنیدا بە پەسەندکردنی پڕۆژە یاسای لێبوردنی گشتی لەپێش کۆتایی هاتنی ئەمساڵ، لەگەڵ دەستەبەرکردنی ژیانی بەتەمەنەکان، دابینکردنی 20 ملیار لیرە (زیاتر لە 13 ملیۆن و 200 هەزار دۆلار)ی تر بۆ پشتیوانی بەرنامەی خێزانە زۆر هەژارەکان، هەروەها 160 ملیۆن دۆلار بۆ پشتیوانی قەرزی نیشتەجێبوون.سەعد حەریری لە درێژەی بەڵێنەکانی بۆ خۆپیشاندەران، بەڵێنی ئەوەشیدا پڕۆژە یاسای گەڕاندنەوەی مووڵک و مالّی دزراو ئامادە بکاتەوە و گوتی: "داوا لە پارێزەران دەکەم هاوکاریمان بکەن، بۆ دامەزراندنی دەستەیەکی نیشتمانیی بۆ بنەبڕکردنی گەندەڵی".هەروەها لەو بڕیارانەی تر کە حەریری قسەی لەسەرکرد، هەڵوەشاندنەوەی بەپەلەی وەزارەتی ڕاگەیاندن، دانانی پلانێک بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو دەزگایانەی کە پێویست نین، دامەزراندنی دەستەی ڕێکخەرانی کارەبا و پەیوەندییەکان و فڕۆکەوانی مەدەنی، لەگەڵ پەسەندکردنی پڕۆژەکانی قۆناغی یەکەم لەکۆنگرەی سیدر لە ماوەی 3 هەفتەدا.کۆنگرەی سیدری نێودەوڵەتی، کۆنگرەیەکی ئابووری بوو کە لە شەشی نیسانی ڕابردوو لە پایتەختی فەرەنسا، پاریس بەبەشداری 50وڵاتی جیهان و بە ئامانجی پشتیوانیکردنی لوبنان گرێدرا، بڕی ئەو قەرزە دارایینەی وڵاتانی بەشداری کۆنگرەکە بەخشییان بە لوبنان گەیشتە نزیکەی 12ملیار دۆلار.لە کۆنگرەکەیدا، حەریری هیوای خواست بە کۆتایهاتنی سیستمی تائیفی و سەرەتای هاتنەکایەی لوبنانێکی ڕاستەقینە.سەرۆکوەزیرانی لوبنان لە درێژەی گوتەکانیدا ڕاستەوخۆ پەیامی خۆی بۆ خۆپیشاندەران نارد و گوتی: "ئەگەر هەڵبژاردنی پەرلەمانی داوای ئێوەیە، ئەوا من پشتیوانی ئەوە دەکەم"



لە بارەی بڕیاری ڕاگرتنی خۆپیشاندانەکانیشەوە، حەریری گوتی: "بڕیاری ئەوە بەتەنها بۆ خۆتان دەگەڕێتەوە، ڕێگا بەهیچ کەس نادەم هەڕەشەی ئەوەتان لێبکات".ئەم گوتانەی سەرکوەزیرانی لوبنان دوای ئەوە دێت کە ئەمڕۆ سەرۆکایەتی کۆماری لوبنان بڵاویکردەوە کە ئەنجوومەنی وەزیران دەستپێشخەرییەکەی حەریری پەسەند کردووە بۆ دەرچوونی وڵات لەو قەیرانەی تێی کەوتووە.ڕۆژی هەینی ڕابردوو، حەریری لە گوتەیەکدا لەسەر خۆپیشاندانەکان داوای کردبوو بە پێدانی مۆڵەتی 72 کاتژمێر پێی بۆ تێپەڕاندنی لوبنان لەو قەیرانەی ئێستا و ڕێکەوتن لەسەر ڕێگا چارەکان لەگەڵ لایەنە بەشدارەکانی حکوومەتدا.

کاریکاتێر



ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی 1941:
لە جەنگی دووەمی جیهاندا و بە مەبەستی وەستاندنی پێشڕەویی ئەڵمانیای نازی ، جۆرج زیخۆف ئەرکی سەرکردایەتی سوپای سووری سۆڤیەتی گرتە دەست .



سالی 1956:
بەمەبەستی کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی سۆڤیەت لە ولاتەکەیان ، دەیان هەزار لە خەڵکی مەجەر هەڵڕژانە سەر شەقام .



سالی 1983:
بارەگای هێزەکانی فەرەنسا لە باشووری لوبنان تەقێندرایەوە .



سالی 2005:
باهۆزی ویلما لە کەناراوەکانی ڕۆژئاوای ویلایەتی فلۆریدای ئەمەریکای دا .



سالی 2011:
ئەنجوومەنی نیشتمانی ئینتیقالی لە لیبیا هەوالّی لەناوچوونی دەسەلاتی قەزافی رایگەیاند.



سالی 2015:
لە باشووری ڕۆژئاوای فەرەنسا ڕووداوێکی هاتوچۆ ڕوویدا و 43کەس گیانیان لەدەست دا .

پرۆفایل



پارتی دیموکراتی کۆمەڵایەتی ئەڵمانی SPD

ئا : هەندرین شێرزاد

پارتی دیموکراتی کۆمەڵایەتی (سۆسیالیستی) ئەڵمانی لە ساڵی 1863 دامەزراوە و بە کۆنترین پارتی سیاسی ئەڵمانیا دادەنرێ .

سەرەتا ، ئەم پارتە بۆ ئەوە دامەزرێنرا کە ببێتە پارتێکی سۆسیالیستی تایبەت بە کرێکاران ، دواتر لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا بوو بە پارتێکی دیموکراتی کۆمەڵایەتی کە نوێنەرایەتی چەپی میانڕەو دەکات .

دادەرێی کۆمەڵایەتی یەکێکە لەو بنەما سەرەکیانەی ئەم پارتە پشتی پێ دەبەستێ و لە پێناویدا کار دەکات .

لە سەردەمی نازیەکاندا ئەم پارتە قەدەغە کرا و ژمارەیەکی زۆر لە ئەندام و سەرکردەکانی دەستگیر کران ، هەروەها بەشێکیان لە ئەڵمانیا وەدەر نران .

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهان و دۆڕانی ئادۆلف هیتلەر، ساڵی 1945 جارێکی دیکە ئەم پارتە دامەزرێنرایەوە و لەلایەن کورت شوماخەرەوە سەرۆکایەتی کرا.

ساڵی 1949 بەشداری لە یەکەم هەڵبژاردنی ئەڵمانیا کرد و بوو بە گەورەترین پارتی بەرهەڵستکار لەنێو پەرلەماندا .

تا ساڵی 1966 لە ریزی ئۆپۆزسیۆندا مایەوە .

لە ساڵی 1966 تا 1969 وەک هاوبەشی بچووکی پارتی یەکێتی دیموکراتی مەسیحی و یەکێتی کۆمەڵایەتی مەسیحی، بەشداری لە یەکەم حکوومەتی ئێئتیلافی دوای شەڕ کرد .

ساڵی 1969 پارتی دیموکرات بۆ یەکەم جار توانی پایەی راوێژکار دەستەبەر بکات ، دوای پێکهێنانی حکوومەتێکی ئێئتیلافی لەگەڵ پارتی دیموکراتخوازانی ئازاد و فیلی برانت (عومدەی پێشووی بەرلین) بووە یەکەم راوێژکاری سۆسیالیستی و دواتر خەڵاتی نۆبڵی وەرگرت.

ساڵی 1974 دوای سەرهەڵدانی چەند کێشەیەک، برانت دەستی لەکار کێشایەوە و دوای ئەو هیلموت شمیت لە هەمان پارت کرا بە راوێژکار و تا ساڵی 1982 لە کارەکەی بەردەوام بوو .

لە نێوان ساڵانی 1982 تا 1998 پارتی دیموکرات لەنێو ریزەکانی ئۆپۆزسیۆندا مایەوە .

ساڵی 1989 لەژێر سەرکردایەتی گیرهارد شرۆیدەر گەڕایەوە دەسەڵات و لەگەڵ پارتی سەوز حکوومەتێکی هاوبەشیان پێکهێنا و تا ساڵی 2005 ئەم حکوومەتە کاری کرد .

لەنێوان ساڵانی 2005 تا 2009 پارتی دیموکرات بەشداری لە یەکەم حکوومەت کرد کە لەلایەن ئەنجیلا میرکلەوە سەرۆکایەتی دەکرا .

لە نێوان ساڵانی 2009 تا 2013 دیسان لەنێو ریزەکانی ئۆپۆزسیۆندا مایەوە.

ساڵی 2013 لە چوارچێوەی حکوومەتەکەی میرکل، جارێکی دیکە سۆسیالیستەکان گەڕانەوە دەسەڵات و تا ئێستاش بەردەوامن .

مانگی ئایاری رابردوو ، ئەندریا ناهلسی سەرۆکی پارتی ناوبراو دەستی لەکار کێشایەوە ، دوای ئەوەی لە هەڵبژاردنی ئەورووپا رێژەیەکی کەمی دەنگیان وەدەست هێنا .

ئێستا تا کاتی هەڵبژاردنی سەرۆکێکی نوێ ، کاروباری ئەم پارتە لەلایەن 3سەرۆکی کاتیەوە بەڕێوە دەبرێ .

بە گوێرەی راپرسیەکان، ئاستی پشتگیریی جەماوەری لەو پارتە رووی لە دابەزینە کردووە و گەیشتۆتە 12 % ، بەمەش ئێستا دوای پارتی سەوز و پارتی دیموکراتی مەسیحی بە پلەی سێیەم دێ.

گۆڕانکارییە نێودەوڵەتییەکان زەمینەیان بۆ گەشەکردنی پەیوەندییەکانی نێوان سعودیە و ڕووسیا خۆشتر کرد

ئا:خالید گەردی

سەردانەکەی ئەم دواییەی ڤلادیمیر بوتینی سەرۆکی ڕوسیا بۆ ناوچەی کەندا ، کە سەرەتا بە سەردانی سعودیە دەستی پێکرد و بە سەردانی ئیمارات کۆتایی پێهێنا ، زۆر لە چوارچێوەی سەردانێکی ئاسایی یا چالاک کردنەوەی هاوکارییەکانی نێوانیانی لە خۆگرتبوو ، ڕەنگە سەرەتای دروستکردنی هاوپەیمانییەکی ستراتیژی نوێ بێت لە نێوانیاندا.

چونکە سەردانەکە نەک هەر پەیوەندییە ئاسایی و کلاسیکییەکانی نێوانیان بەخشی کە پێشتر تەنیا بواری وزە و هاوسەنگیی نەوتی لە بازاڕەکانی دەگرتەخۆ، بەڵکو ویستی هەردوولای زیاتر کرد بۆ بەرفراوانکردنی پەیوەندییەکانی نێوانیان.

چاوەدێران پێیانوایە ئەو گۆڕانکارییە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییانەی کە بەسەر هاوسەنگی هێزە جیهانییەکان لە ناوچەکەدا هات زەمینە بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکی نوێ لە نێوان سعودیە و ئیمارات و ڕووسیا خۆش بکات لەسەرووبانەوە سەرهەڵدانی ناجێگیرییەکی گەورە لە سیاسیەت و هەڵوێستەکانی ئەمەریکا و دابەزینێکی ڕێژەیی لە پێگەی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا، لەبەرامبەر ویست و ئارەزووی پاشەکشەی دۆنالد ترەمپی سەرۆکی ئێستای ئەمەریکا لە ناوچەکە لەلایەک و دەرچوونی ریاز و ئەبوزەبی لە قاوغی جارانی خۆیان و هەستانیان بە چارەسەرکردنی کێشە سیاسی و ئەمنییەکانی ناوچەکە، ئەمانە ڕێگایان لەبەردەم زیاتربوونی ڕۆڵی ڕووسیا و چینی لەسەر ئاستی جیهاندا خۆش کرد.

لە میانەی سەردانەکەی سەرۆکی ڕووسیا هەردوو لایەنی سعودیەو ڕووسیا ئارەزووی خۆیان دەربڕی هاوکارییەکانی نێوانیان بواردکانی ئابووری و سەربازی و سەقامگیری و هەماهەنگی سیاسی و دیبلۆماسیش لەبەرامبەر کێشە گەرمەکانی ناوچەکە لەخۆ بگرێت. لەم ڕووەو لێک نزیکبونەوەیەکی بەرچاو لە نێوان هەڵوێستەکانی هەردوولا بەدی دەکرا.

مەلیک سەلمانی پادشای سعودیە سەردانەکەی ڤلادیمیر بوتنینی سەرۆکی ڕووسیای بە هەلێکی گەورە بۆ بەتین کردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات دەبڕە و ڕایگەیاند ڕێککەوتنەکانی نێوان سعودیەو ڕووسیا بە تایبەتیش لە بواری وزە کاریگەری باشی لێدەکەوێتەوە، هیواخوزازی خۆیشی بۆ بەدیهێنانی ئاسایش و سەقامگیری بۆ ناوچەکەو شەڕی دژە نیرۆر لەمیانەی کارکردنی بەردەوامی وڵاتەکەی لەگەڵ ڕووسیا دەربڕی. لەبەرامبەریشدا سەرۆکی ڕووسیا جەختی کردەوە بەهێزی هۆکاری ئابووری و پەیوەندییەکانی ڕووسیا لەگەڵ سعودیە، ڕووسیا وادەبینێت سعودیە یاریکەرێکی سەرەکیی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، بۆیە بایەخ بە دۆزینەوەی خاڵی پێگەیشتن و هاوبەش لەگەڵ سعودیە دەدات بۆ چارەسەرکردنی کێشەهەڵپەسێرواوەکان و زیاتر کردنی هاریکاری نێوانیان لە بواری وڵاتەکەی گرنگییەکی زۆر بە گەشەپێدانی پەیوەندییە دوو قۆڵییەکانی لەگەڵ سعودیە دەدات.

لەبارەی گەشەکردن و بەرفراوانبوونی ئاستی ئالوگۆڕی بازرگانی نێوانشیان بوتین ئاماژەی بەوەدا ئەمساڵ لەگەڵ ساڵی پار ئاستەکەی (15%) بەرزبۆتەوە.

شیکەرەوە سیاسییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کەوا جگە لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆردا. هەرچی وڵاتی سعودیاشە، هەوڵ دەدات هاوبەشە نێودەوڵەتییەکانی بەرفرەوانتر بکات بۆ ئەم مەبەستەش هاوبەشییەکی نوێ لە بواری سەربازی لەگەڵ ڕووسیا دروست بکات. هەروەها لە ئایندەدا وەک ئامادەباشییەک بۆ قۆناغی دوای نەوت، بە ملیارە دۆلار وەبەرهێنانی هاوبەش لەگەڵ ئەو وڵاتەدا ئەنجام بدات.

میخائیل بوگدانوفی جێگری وەزیری دەرەوەی ڕووسیا ڕایگەیاند پەیوەندی لە نێوان هەردوو وەزارەتی بەرگری و دامەزراوە ئەمنییەکانی هەردوو وڵات لە ئاراداید بۆ تاوتوێکردنی ئەو ڕێککەوتنانەی کە هەردوو وڵات لە بواری سەربازی و ئەمنی پێی گەیشتوون.

سەرچاوە:ئاژانسەکان





مانشێت



سکای نیوز:
بە ئامادەبوونی سەرۆک و نوێنەری 180 وڵات ، مەراسیمی ناساندنی نارۆهیتۆ وەک ئیمپراتۆری ژاپۆن ئەنجام درا .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
حکوومەتی ئسپانیا بەنیازە تەرمی فرانکۆی دکتاتۆری پێشووی وڵات لە گۆڕستانی دەوڵەت بۆ شوێنێکی تر بگوازێتەوە.



ئیلاف :
بەگوێرەی چەند ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی، پێشبینی دەکرێ لە هەڵبژاردنی فیدرالی کەنەدا لیبرالەکان بە سەرۆکایەتی جاستن ترۆدۆ سەرکەوتن وەدەست بێنن و بەتەنیا حکوومەتی داهاتووی ئەم وڵاتە پێک بێنن.



ئەی ئێف پی:
وەک هەنگاوێک بۆ ڕێگەگرتن لە ڕووسیا و لەسەر داوای وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا و وڵاتانی بەلتیق ، ئەمەریکا یەکەیەکی سوپا و ژمارەیەک تانک و زرێپۆشی ڕەوانەی لیتوانیا کرد .



دۆیچە ڤیلە :
لە شاری هامبۆرگی ئەڵمانیا و بە تۆمەتی پلاندانان بۆ ئەنجامدانی هێرشی تیرۆرستی ، دەست بە دادگاییکردنی سێ کەسی عێراقی کرا.



کەنالی ئار تی:
وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکا سەرقاڵی دارشتنی پلانێکە سەبارەت بە کێشانەوەی سەرجەم سەربازانی ئەمەریکا لە ئەفغانستان.

کوردستان.. زیاتر لە 3هەزار شوێنی گەشتیاری هەیە بەڵام بۆچی سوود لەتوانای دەرچووانی گەشتوگوزار وەرنەگیراوە؟

نادر روستی

هەرێمی کوردستان لە رووی ژمارەوە لە کەرتی گەشتیاری بە خێرایی روو لە گۆڕانکاریە، سالآنە ژمارەی گەشتیاران زیاتر دەبێت و ژمارەی شوێنی نووستن و خواردن زیاد دەکات، وەبەرهێنانی گەشتیاری وەپێش وەبەرهێنانی کەرتەکانی دیکە کەوتۆتەوە، لە دەستەی گشتی گەشتوگوزار پلان تاکو سالی 2025دارژراوە، هەموو ئەمانە هیوابەخشن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دەیان کێشە هەیە کاریگەری زۆر خراپیان لەسەر کوالیتی و ئەنجامەکان دروستکردووە و بوونەتە مەترسی بەسەر ئایندەی کەرتی گەشتیاری بە تایبەت لە رووی چۆنیەتی و کوالیتیەوە. یەکێک لە کێشەکان سوود وەرنەگرتنە لە توانای دەرچووانی گەشتوگوزار، کەواتە کێشە چییە سوود لە توانایان وەرنەگیراوە؟ یاخود بۆچی هەلی کار بە دەست دەرچووان ناکەوێت؟ بۆچی شوێنەکانی گەشتیاری بە شێوەی زانستی بەرێوەنابردرێن؟



لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە 625 میوانخانە و 360مۆتێل و 80گوندی گەشتیاری و 1850ڕێستۆرانت و کافتریا و زیاتر لە 450کۆمپانیا و نووسینگەی گەشتیاری هەیە، واتە زیاتر لە 3هەزار شوێن هەیە، سەرەڕای هەبوونی سەدان پڕۆژەی کەپری گەشتیاری و دەیان چالاکی گەشتیاری. ئەگەر بە گرمانە وەربگرین هەرشوێنێک 3دەرچووی گەشتیاری بەکاربخات کۆی گشتی دەگاتە زیاتر لە 9 هەزار دەرچوو. لە هەمانکاتدا لە هەرێمی کوردستان تا سالی 2013تەنیا 3 پەیمانگە هەبوو، بەڵام دواتر پەرە بە زیادکردنی ناوەندەکانی خوێندنی گشتیاری دراوە، ئامادیی و بەش لە کۆلێژەکان کراونەتەوە، لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستان 4ئامادەی گەشتیاری و 5 پەیمانگە و 5بەش لە کۆلیژ و زانکۆکانی کوردستان هەیە، هەروەها سەنتەری ڕاهێنانی گەشتیاری لە دەستەی گشتی گەشتوگوزار هەیە. ئەگەر بە نزیکراوە وەربگرین کە چەند قوتابی سالآنە دەردەچن ڕەنگە بگەینە ئەنجامێکی نزیکراوە کە بەم شێوەیە: لە ئامادەی نزیکەیی 100 قوتابی، پەیمانگە 120قوتابی، کۆلێژەکان 120قوتابی، کۆی گشتی دەگاتە زیاتر لە 340قوتابی. ئەگەر تەنیا 3سال وەربگرین کۆی دەرچووان ڕەنگە بگاتە نزیکەی هەزار قوتابی. کاتێک بەراوردی ژمارەی شوێنەکانی گەشتیاری لە کەرتی تایبەت لەگەڵ دەرچووانی گەشتیاری بکەین ڕەنگە جیاوازیەکی کەم هەبێت، واتە لە ڕووی هێزی کاری پسپۆڕی و پیشەی و ئەکادیمی ئامادەیەکی باش هەیە، بەڵام بابزانین کێشەکە لە چی دایە و چۆن چارەسەر دەکرێ؟

سەرچاوی کێشەکان چییە کە سوود لە توانایی دەرچووانی گەشتوگوزار وەرناگیرێ؟

کێشەکان هەمەلایەنن، هیچ لایەنێک بە تەنیا بەرپرس نییە لە دروست بوونی ئەم قەیرانە، بۆیە پێویستە هەموو لایەنێک بەشی خۆی بەرپرسیارەتی وەربگرێ و ئامادەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، هەر لایەک کەمتەرخەمی بکات لە ناو بازنەی کێشەکە بەردەوام بە خولاوی دەمێنینەوە، بۆیە بەم جۆرە دەست دەخەینە سەر کێشەکان:

وەگرتنی قوتابیان لە بەشەکانی گەشتوگوزار لە پەیمانگە و کۆلێژەکان بەبێ ڕەزامەندیی و ئارەزووی خۆیان. ئەم کێشەیە بەشێکی زۆر لە قوتابیانی گرتۆتەوە و لە خوێندن سستی کردوون ئەمەش زۆر بێتوانای کردوون، کە خوێندیش تەواو دەکەن لە جیاتی کارکردن داوای دامەزراندن لە حکومەت دەکەن.

نەبوونی ئارەزووی کارکردنی دەرچووان لە شوێنەکانی گەشتیاری ئەمەش بە هۆی کەم فێربوون و کەم شارەزای بێت یان بە هۆی باری کۆمەلآیەتی بێت کە ڕەنگە هەموو خێزانێک لای ئاسای نەبێت کوڕ و کچەکانی لە هوتێل و شوێنکانی گەشتیاری کار بکەن، بەو پێیەی لە ڕابردوو چەمکی گەشتوگوزار مانای ڕابواردن و خواردنەوە و کاتبەسەر بردنی شەوانە بوو.

نزمی ئاستی زانستی دەرچووانی گەشتوگوزار چ بەم هۆکارانەی سەرەوە بێت کە باسم کرد چ بەهۆی نەگونجانی پڕۆگرام و کەم ئەزموونی هەندێک لە مامۆستا و وانەبێژەکان بێت، کە ئەمەش کاری زۆر خرابی کردۆتە سەر فێرنەبوونی زمانی دووەم و فێرنەبوونی بواری ئەیلیکترۆنی کە ئێستا لە سەرجەم بنکەکانی گەشتیاری پێویستیەکی سەردەمیە.

نەبوونی فێرکاری مەیدانی و کرداری لە کۆلیژ و پەیمانگاکان. قوتابیانی بەشەکانی گەشتیاری بە کارگێری و ڕێبەری و بەشەکانی دیکەشەوە پێویستیان بە خوێندنی کرداری (پراکتیکی) هەیە و پێویستە ئەوەی ئەخوێنن لە ناو هوتێل و چێشتخانەکان بە کردار جێبەجێ بکەن بۆیە بەردەوام پێویستە بەشێک لە وانەکانیان کرداری بێت، چ لە ڕێگەی هەبوونی دامەزراوە و شوێنی تایبەت چ لە ڕێگەی هەماهەنگی لە گەڵ شوێنەکانی گەشتیاری لە کەرتی تایبەت. هەروەها پێویستە بەردەوام گەشتی زانستیان بۆ ناوچەکانی گەشتیاری بۆ سازبکرێ و شوێنەکانیان لە ڕووی میژووی و سروشتی پێ ئاشنا بکرێن. ئەگەر هیچ لەمانە نەکرێ ئەوە پێویستە سالی دووەمی پەیمانگە و سالی سێیەمی کۆلێژ سێبەشی لە دەرەوەی ژوورەکان کار بکەن، هەروەها توێژینەوەی دەرچوونیان لەسەر کاری مەیدانی بێت.

دروست نەکردنی سیڤی(cv)و ئەزموونی کار، هیچ قوتابیەک ئامادەی تێدا نییە کە لە وەرزی هاوین یان دووای تەواوکردنی خوێندن بۆ ماوەی چەند مانگێک لە شوێنێکی گەشتیاری خۆبەخشانە کار بکات و ئەزموونی خۆی بە هێزبکات و خۆی بۆ دۆزینەوەی کار ئامادە بکات، سێبەشی تەنیا باسی دامەزراندن و بردنەسەر کاری ئامادەکراو دەکات.

ئامادەنەبوونی کەرتی تایبەت و شوێنەکانی گەشتیاری بۆ وەرگرتن و بەکارخستنی دەرچووانی گەشتوگوزار بە بیانۆی ئاست نزمی دەرچوان و کەم شارەزا لە کارکردن بە تایبەت ئەو هۆکارانەی لەسەرەوە ئاماژەم بۆیان کرد، بەردەوام لە لایەن کەرتی تایبەت ئاماژەی پێ دەکرێ.

نەبوونی یاسا یان ڕێنمای تایبەت لە دەستەی گشتی گەشتوگوزار بۆ بنکە و شوێنەکانی گەشتیاری کە ناچاریان بکات سالآنە ڕێژەیەکی دیاریکراو لە دەرچووانی گەشتوگوزار بەکار بخات، یان ڕاهێنانی دیاریکراویان پێ بکات و ئامادەیان بکات بۆ بەکارخستنیان لە کەرتی تایبەت.

نەبوونی هەماهەنگی لە نێوان ئیدارەی خوێندن لە پەیمانگاکان و کۆلیژەکان لەگەڵ کەرتی تایبەت، چ کۆمەڵەی میوانخانە و چێشتخانەکان بێت چ ئیدارەی هوتێل و شوێنەکانی گەشتیاری بێت، هەروەها نەبوونی میکانیزمی هەماهەنگی لە نێوان دەستەی گەشتوگوزار و ئیدارەی خوێندنەکان و کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی مەدەنی بەیەکەوە کە خزمەتی پەرەپێدانی خوێندن و ئایندەی دەرچووان بکات.

لە کۆتایدا کێشەکان تەنیا بە یەک لایەن چارەسەر ناکرێن، بەڵکو پێویستی بە زنجیرەیەک کۆبوونەوە و وۆرک شۆپ و تەنانەت کۆنفرانس هەیە. جێگای ئاماژەیە کە دەستەی گشتی گەشتوگوزار چەند مانگێکە سەرقاڵی دارشتنی پلانێکە بۆ چارەسەری بەشێکی زۆر لەم کێشانەی سەرەوە.

گەشتیاری هەرێم بۆ تورکیا بە ڕێژەی 70%ی کەمبۆتەوە

مەرج و بنەماو و سیفەتێ کەسێ دبتە ڕێبەری گەشتیاری





ولآتی تورکیا کە هاوسنوورە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بە نزیکترین شوێنی گەشتکردن بۆ هاولآتیان و گەشتیارانی هەرێم هەژمار دەکرێ، بۆیە لە ساڵآنی ڕابردوو بەردەوام گروپی گەشتیاری ڕوویان لە تورکیا دەکرد، بەڵام دوای هێرشی تورکیا بۆ سەر کوردستانی ڕۆژئاوا و هەڵگرساندنی شەڕ لەگەڵ هێزەکانی کورد لە ڕۆژاوا بارودۆخی تورکیا لە ڕووی ئابووری پەشێوی تێکەوت و گەشتکردن لە هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا زۆر کەمی کرد.

لە هەفتەی ڕابردوو لە ڕۆژنامەی خەبات ڕاپۆرتێک لەسەر کەمبوونەوەی گەشتی هاولآتیان بۆ تورکیا بڵاوکرایەوە، بە پێویستمان زانی بەدواداچوونی زیاتر بکەین و زانیاری وردترمان لەسەر کەمبوونەوەی ڕێژەی گەشت کردن بە دەست بکەوێت، بە پێی ئەو زانیاریانەی دەست کەوتن بە شێوەی گشتی لەم وەرزە گەشتکردن کەم دەبێتەوە بەڵام ئەم ساڵ زۆر جیاوازە و گەشتەکان زۆرتر کەمی کردووە. بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندیم بە چەند کۆمپانیایەکەوە کرد، چوار کۆمپانیای گەشتیاری لە سلێمانی زانیاری لەم بارەیەوە پێداین، یەکێک گوتی لە 90%گەشتکردن کەمبوونەوە، دووەم کۆمپانیا گوتی لە 40%کەم بۆتەوە، دوو کۆمپانیای دیکەش گوتیان زۆر زۆر کەبۆتەوە تەنیا ئەوانە گەشت دەکەن کە کاری زۆر پێویستیان هەیە کە بازرگانی و خوێندنە. هەروەها لە هەولێر سێ کۆمپانیا زانیاری پێداین، یەکێک لە کۆمپانیاکان گوتی: لە 70%گەشت کردن کەمبۆتەوە بەڵام گەشتکردن بۆ دووبەی زیادی کردوە. دووەم و سێیەم کۆمپانیا ئاماژەیان بەوە دا کە لە 60%گەشتی هاولآتیانی هەرێم بۆ تورکیا کەمبۆتەوە. سەرجەم کۆمپانیاکانیش هاوڕابوون لەسەر هەبوونی کاریگەری هێرشی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان بەسەر ئەو باردۆخە و کەمبوونەوەی گەشتی هاولآتیانی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا.

ئا: ل. گەشتوگوزار

پێوار سندی

هەلبەت کوردستان ژ سروشتێ خودێ خەوازای ناف و دەنگە و دەولەمەندە هزاران جهێن گەشتیاری لێ هەنە ئەف چەندە بویە هوکار سال بو سالێ ڕێژیا گەشتیارا بەر ب زێدەبینێ ڤە بچت ،ئەف گەشتیارە پێتڤی هندێ نە ئەم وەکو هاولاتی و جهێن پەیوەندیار پتر خزمەتا وان بکەن ڕێک و جهێن گەشتیاری لبەر دەم وان ئاسانتر بکەن پتر جهێن گەشتیاری بو بدەین نیاسێن ژ هەمی ڕویەکێ ڤە، خالا هەری گرنک ئەم فوکسا خوە بدانین سەر کەسێ ڤان هاندت بێنە کوردستانێ دبتە ڕێبەری گەشتیاری بو پتر ئاشناکرنا جهێن گەشتیاری بەردەم کەرتێ گەشتیاری و ئینانا گەشتیارا بو هەرێما کوردستانێ، وەکو پیناسا کەسێ دبت ڕێبەری گەشتیارا دڤیا چ سیفەت لدەف هەبن، ڕێبەری گەشتیاری د جهند خالەکا دا، دڤیا باوەرنامە زانستێ گەشتیاری هەبت ,کەساتیا خوە ئاڤاکربت سەر بیڤەرێن زانستی گەشتیاری و خولێن فێربون و ڕاهینانێ سەر سیکتەرێ گەشتیاری ئەگەر باوەرنامە نەبت، خاندنەکا باش هەبت و شارازای د چەندین زمانێ جیهانێ دا هەبت ئەگەر کێمترین زمانا بزانیت دڤیا زمانێ دایکێ و زمانی ئینگلیزی و عەرەبی بزانت بو نمونە، پێزانین سەر سیکتەرێ گەشتیاری هەبن و وەکو یاسا و سیستەمێ گەشتیاری، دڤیا شارازایەکا باش هەبت د ڕێڤەبەرنا گەشتیارا دا، دڤیا کەسەکێ ڕەوشەنبیربت تایبەتی ڕەوشەنبیرا گشتی دا و ڕەوشەنبیریا گەشتیاری دا، دڤیا شارازایەکا باش هەبت د میژوو و جوگرافی و شینەوار و ژینگەهـ ل وێ دەڤەرێ ئەو دەڤەرا کاری تورێزمێ دکەت، دڤیا شارازایەکا باش د زمانێ دانوستاندنێ و ڕێڤەبرنا کارێن گەشتیارا دا هەبت، دڤیا ئەو جهێ گەشتیارا دبتێ خزمەتگوزاری و جهێ پاسا و ترومبێلا هاتن و جون و خارنگەهێن پێشکەفتی و جهەکێ ئارام بێ مەترسی بێ گلە و گازندەبت، دڤیا ئەو کەسێ دبتە ڕێبەرێ گەشتیاری کەسەکێ بەرنیاس بت پەیوەندیێ توکمە دگەل هێزێن ئەمنی و هاتن و چون و نەخوشخانە و کلینیکێن تەندروستی و خودانێ بنگەهی گەشتیاری دا هەبت، دڤیا شارازایەکا باش د داب و نەریت و کلتورێ وێ دەڤەرێ دا هەبت ئەف جهێن گەشتیارا دبتێ، دڤیا کەسەکێ سەرخوەبت و بهێن فرەبت بشێت باشی گەشتیارا بریڤە بت و کەسەکێ زیرەک و کەمتەر خەم نەبت.

سبەی وەرزی نوێی خولی نایابی کوردستان دەستپێدەکات
هەولێر و پێشمەرگەی سلێمانی، هەندرێن و برایەتی ڕووبەڕووی یەکتری دەبنەوە



ڕاپۆرت: کارزان کانەبی

سبەی پێنج شەممە وەرزی نوێ خولی نایابی یانەکانی کوردستان بەبەشداری 13یانەی شارەکانی کوردستان دەست پێدەکات، لە دەستپێکی هەفتەی یەکەمی خولەکەش شەش یاری گرنگ و بەهێز لە نێوان یانە بەشداربووەکانی پارێزگا و قەزاکانی شارەکانی کوردستان بەرێوەدەچێت، یانەی هەولێر لەسەر یاریگای دووەمی شەهید فەرهنسۆ هەریری لەبەردەم هاندەرانی یانەکەی ڕووبەڕووی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی دەبێتەوە، ئەم دوویانەیە بۆ یاریبەکەی ئەمڕۆ چاویان لە بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستەیە، هەولێر پشت بە یاریگا و ڕاهێنەرە لاوەکەی دەبەستێ بۆ ئەوەی سێ خاڵی یاریبەکە بکاتە دیاری هاندەرانی، یانەی پێشمەرگەش بە ئامادەکارییەکی چڕوەدەیەوێت بە ئەنجامەوە بگەڕێتەوە شاری سلێمانی، لە دۆربی پایتەختیش هەردوو یانەی هەندرێن و برایەتی بەیەک دەگەن، یانەی هەندرێن دەیەوێت سوود لە یاریگا و هاندەران وەربگرێ بۆ ئەوەی لە دەستپێکی خولەکە ئاست و ئەنجامی باشی هەبێ، برایەتیش دەیەوێت بە ئەنجامی شایستە بەسەرکردایەتی فاتیح حەمەخانی ڕاهێنەر لە یاریگا بێتە دەرەوە کە ئەمساڵ کۆمەڵێک یاریزانی تازەی هێناوەتە ریزی یانەکەی ئەم یاریبەش بۆ هەردوو یانە گرنگی خۆی هەیە، لە پیرمامیش یانەی پێشمەرگەی هەولێری پاڵەوانی وەرزی ڕابردووی خولەکە لەسەر یاریگای خۆی و لەبەردەم هاندەرانی یانەکە بە ڕاهێنەرایەتی سەمیربابۆی ڕاهێنەر میواندارای یانەی شێروانەی کەلار دەکات، کۆڕانی سەمیر بابۆ دەیانەوێ لە یەکەم یاریدا خۆیاندا بە ئاست و بە ئەنجامی بێنە دەرەوە لە یاریگا بۆ ئەوەی باڵا دەستی خۆیان هەر لە سەرەتای خولەکە پێشان بدەن، کۆڕانی شێروانەی گەرمیانیش بە ئامادەکارییەکی چڕ و تۆکمەوە ڕووبەڕووی پێشمەرگەی خاوەن یاریگا دەبنەوە بۆ ئەم یاریبە هەردوو یانە ئامادەکاری باش و چاویان لەوەیە سێ خاڵی یاریبەکە بۆ بەرژەوەندی خۆیان یەک لای بێتەوە، لە قەزای ڕواندزیش لەسەر یاریگای گەردە گەرد هەردوو یانەی سۆران و نەورۆزی سلێمانی لە یاریبەکی گرنگدا ڕووبەڕووی یەکتری دەبنەوە بۆ ئەم یاریبەش یاریزانانی یانەی سۆران کە ئەمساڵ سەرکەوتوونە بۆ خولی نایاب دەیانەوێ ژمارەیەکی گەورە بن لە خولەکە، یانەی نەورۆزیش دەیەوێت بە ئەنجامی شایستەوە بگەڕێتەوە شاری سلێمانی سەرکەوتنیش لەم یاریبە بۆ هەردوو یانە گرنگی و تایبەتی خۆی هەیە، لە شاری سلێمانیش یانەی سیروانی نوێ لەسەر یاریگای خۆی میوانداری یانەی زێرەڤانی شاری دهۆک دەکات، بۆ ئەم یاریبەش یاریزانانی هەردوو یانە ئامادەکاریبەکی زۆریان کردوە بۆ ئەوەی بتوانن ئەنجامێکی شایستە دەستەبەربکەن، سیروانی نوێ دەیەوێت بە کۆڕانی شار سێ خاڵ بەدەست بهێنێ، زێرەڤانیش دەیەوێت لە یەکەم تاقی کردنەوە زەنگی مەترسی بۆ یانەکانی تر لێبدات، لە قەزای دەربەندیخانیش یانەی خاوەن یاریگامیوانداری یانەی دهۆک دەکات، بۆ ئەم یاریبەش یاریزانانی هەردوو یانە لە دەستپێکی خولەکە چاویان لەوەیە کە بتوانن ئاست و ئەنجامی شایستە پێشکەش بکەن، ڕاهێنەرانی هەردوو یانەش چاویان لە سێ خاڵی یاریبەکەیە، یانەی زاخۆش ئەم هەفتەیە چاوەڕوان دەبێ لە خولەکە، سەرجەم یاریبەکانیش لەکاتژمێر 3ی دوای عەسر بەرێوەدەچێت.

خولی شەهید سیروانە ڕەش سەرکەوتووانە بەڕێوەچوو

لەژێر چاودێری بنەماڵەی شەهید سیروانە ڕەش و بە سپۆنسەری کۆمپانیای ئەتلەس بۆ مۆبیلیات، نۆیەمین خولی شەهید سیروانە ڕەش بەڕێوەچوو.

بەئامادەبوونی هیوا نەسردین مستەفا سەرۆکی دیوانی پەرلەمان سەرهەنگ کەمال بەرپرسی ناوەندی باڵای هەولێری لاوان و چەندین بەرپرسی حزبی و حکومی و جەماوەرێکی زۆری وەرزشی یاری کۆتایی لەنێوان هەردوو تیپی لاوانی (کارۆخ و ئەستێرەکانی باداوە)بەڕێوەچوو، کە تیاییدا تیپی کارۆخ بەلێدانی سزای یەکلاکەرەوە توانی یاریەکە بباتەوە ببێتە پاڵەوانی خولەکە، دواتر لەلایەن ئامادەبوانەوە خەڵات بەسەر هەردوو تیپ و ناوبژیوانان و ڕاگەیاندنکاران و فۆتۆگرافەران دابەشکرا.

ئەوەی شایانی باسە (ـ) تیپی میللیی لەم خولەدابەشدار بوون و شێوازی خولەکە بە دوو دۆڕان بوو، کە وەک وەفایەک بۆ شەهید سیروان ڕەش کاپتنی پێشووی یانەی وەرزشی بروسک و یاریزانی پێشووی یانەی وەرزشی هەولێر خولەکە ڕێکخرابوو، کە پێشمەرگەیەکی قارەمان و دڵسۆز و کادیری پێشکەوتووی یەکێتی لاوان بووە، کە لە ڕێکەوتی ٠٠.٤٠//ـ لە پرۆسەی ئازادی عێراق شەهید بوو.



میگان ڕاپینۆ پاڵێوراوێکی بەهێزی تۆپی زێڕین

فرانس فوتبۆل ناوی 12 پاڵێوراوی کۆچانی بۆ بردنەوەب تۆپی زێر ڕاگەیاند، کە لەنێویاندا میگان ڕاپینۆ لەسەرووی لیستەکەوە دێت و پاڵێوراوی بەهێزی بەدەستهێنانی ئەم نازناوەیە.

لیستەکەی فرانس فوتبۆل بریتییە لە : میگان ڕاپینۆ و ڕوز لاڤێل و توبین هیس لە ئەمریکی، لیکی مارتینیز و ساری ڤان فینیندال لە هۆڵەندی، ویندی ریناز لە فەرەنسی، مارتا لە بەرازیل، هیگربێرگ لە نەرویژ، کۆسۆداری و سۆفیا یاکوبسۆن لە سوێد.

جێی باسە زۆرترین یاریزان هی یانەی لیۆنی فەرەنسییە لە نێو پاڵێوراواندا.

زێدان: دەتوانین ئەو قۆناغە سەختە ببڕین

زینەدین زێدانی ڕاهینەری یانەی ریال مەدریدی ئسپانی دووپاتی کردەوە کە بەلایەوە سەیر نییە کە ئەو پروپاگندانەی لەبارەی ڕۆیشتنی لە سانتیاگۆ دەکرێت، جەختی لەوەش کردەوە کە بڕوای تەواوی بە یاریزانەکانی هەیە کە ئەم قۆناغە سەختە تێدەپەڕێنن.

زێدان لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا بەر لەیاریبەکەی گەلاتە سەرای تورکی گوتی: ئیمە باش لەو قۆناغەی ئێستا تیدەگەین، کە بەشێوەیەکی خراپ چوینە ناو ڕکابەرییەکانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا، بەڵام ئێمە بڕوای تەواومان بەخۆمانەوە هەیە کە قۆناغە سەختەکان دەبڕین و ڕیال دەگەڕێتەوە سەر ئاستی ڕاستەقینەی خۆی.

سیمیۆنی: ڕەخنە تەنها ڕادەربڕینە و ڕێزی لێدەگرم

دیگۆ سیمیۆنی ڕاهێنەری یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید بەرگری لە خۆی و تیپەکەی کرد دوای ئەو گلەییە زۆرەی بەمدواییە لە ئاستی یانەکەی کرا.

سیمیۆنی لە لێدوانیکیدا بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بەر لەیاریبەکەی لیڤەرکوزن گوتی: ڕەخنە تەنها ڕادەربڕینە و ئەمە ڕای خۆمە و ڕیزی لێدەگرم، چۆن پێشتر هەوڵماندا و ئێستاش بەهەمان گوڕو تینەوە کار دەکەین بۆ ئەوەی ئاستمان باشتر بێت لە جاران، ڕاستە تیپەکەمان ئێستا جێگیر نییە، بەڵام دەرفەتیشمان زۆر لەپێشەوە بۆ ئەوەی خۆمان ڕاست بکەینەوە و هەوڵ دەدەین جارێکی تر خۆمان بسەلمینین.





بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Wed, 23. Oct. 2019 No: (5855)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

خەمی هەر چوار پارچەی کوردستان خەمی منە

هونەرمەند ئالین: هیوادارم گشت هێزە کوردستانییەکان لە هەموو پارچەکانی کوردستان گوتاریان یەک بخەن

یەک لە هۆکارەکانی دوورکەوتنەوەم، ئەنجامدانی کاری دبلۆماسی بوو بۆ یارمەتیدانی ڕۆژئاوای کوردستان

ئالین لە ڕۆژئاوای کوردستان لە دایکبووە، بەڵام ماوەی چەند ساڵێک دەبێت ڕووی لە وڵاتی غەربیی کردووە و لەوێوە بەردەوام بووە لە گۆرانی وتن، تا ئێستا چەندین بەرهەمی و دەیان کلیپی بڵاوکردۆتەوە، بەڵام ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ دەبێت، هیچ بەرهەمێکی نەبووە، سەبارەت بەو بابەتە و چەند بابەتێکی دیکەوە ئەم گفتوگۆیەمان لەگەڵ سازدا:



سەرەتا ئالین تیشکی خستە سەر نەبوونی بەرهەمی هونەری لە ماوەی ڕابردوو و وتی: بێدەنگی و دوورە پەرێزیم لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا بۆ سێ هۆکار دەگەڕێتەوە، یەکەمیان ئەوەیە کە من سەرقاڵی کار و ژیانی تایبەتی خۆم بووم، دووەمیشیان کاری دبلۆماسیم بە بێدەنگی ئەنجام دەدا، سێیەمیشیان لەبەر خۆ ئامادە کردن بوو بۆ بەرهەمێکی نوێی هونەری، ئێستا کلیپێکم بە زمانی سریانی ئامادەیە لە چوارچێوەی ئەو بەرهەمەی کە باسم کرد. لەبارەی سروودە نیشتمانییەکان ئالین دەڵێ: خەمی هەر چوار پارچەی کوردستان خەمی منە، و هەر چوار پارچەیان بۆ من وەک ڕۆژئاوا وان و جیاوازییان نییە، خۆشی و ناخۆشی و دەرد و مەینەتییەکان هەر پارچەیەکی کوردستان خۆشی و ناخۆش و مەینەتی منن، بەڵام لە ئێستادا ڕۆژئاوای کوردستان سەرچاوەی خەم و ناخۆشییە بۆ من، بۆیە ئەوەی لە توانامدا هەیێت بۆ ڕۆژئاوا ئەنجامدەداوە چ لە ڕێگای کلیپەکانمەوە وەک کلیپ (یەکێتی برایەتی) تێیدا داوای یەکگرتن و برایەتی نێوان پێشمەرگە و شەڕڤانان دەکەم، هەروەها گۆرانییەکانی (بلبلێ دلشاد) و (ئەی فەلەک ژ بو تە دنالم)، چونکە لەو کاتەدا ئەوەی لە باشووری کوردستان ڕوویدا، هەمان شت بوو کە لە ڕۆژئاوای کوردستانیش ڕوویدا وەک هێرشە دڕندەکانی تیرۆریستانی داعش لە ڕۆژئاوا و باشوور بەتایبەتی لە شنگال. لەڕووی دبلۆماسیشەوە چەندین جار داوام لە دەوڵەتی ئەڵمانیا کرد پێویستە یارمەتیدەر بن بۆ بارودۆخی ڕۆژئاوای کوردستان و بە زووترین کات ئازاد و ئارام بێت، لێرەوە داوا لە گشت هێزەکانی ڕۆژئاوای کوردستان دەکەم کە یەکتریان خۆش بوێت و لە یەکتریبەوە نزیک بن و کاتی خۆیان بۆ برایەتی و یەکریزی تەرخان بکەن، چونکە چەند زوو یەکگرتوو بن ئەوەندە زوو ڕۆژئاوا ئازاد و ئارام دەبێت.

سەبارەت بە سەردانی کردنی ڕۆژئاوای کوردستان وتی: تا ئێستا سەردانی ڕۆژئاوای کوردستانم نەکردووە، هەستێکی بێ سنوور دەبێت بەجۆرێک ناتوانم چۆن باسی بکەم ناتوانم وەسفی هەستی خۆم بکەم، چونکە یەکێکە لە خەونە مێژینەکانم. بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری ڕەوشی خەڵکەکە و هەست بە خۆشی و ناخۆشییەکانی بکەم، هەروەها بە ئاواتم بتوانم لە هەر چوار پارچەی کۆنسێرت ساز بکەم، چونکە لە هەر چوار پارچەی کوردستان هەواداری من هەیە و ئەوانیش وەک کوردانی ڕۆژئاوا کەس و خۆشەویستی منن.

سەبارەت بە گرنگیدانی حکوومەتی ئەڵمانیا بەکاری هونەری وتی: حکوومەتی ئەڵمانیا گرنگی بە بواری هونەر و کەلتوور دەدات، بەتایبەتی هونەری باش بەبێ جیاوازی زمانەکان واتە تەنیا گرنگی بە گۆرانی بە زمانی ئەڵمانی نادات، بەڵکو ئەوانەی لە ئەڵمانیا دەژین ئەگەر بیانیش بن حکوومەتی پشتگیریبیان دەکات لە بواری هونەرییەوە لە ڕێگای دامودەزگا تایبەتییەکانی حکوومەتی ئەڵمانی و خودی ڕاوێژکاری ئەڵمانی ئەنگێلا مێرکل و سەرۆکی ئەڵمانیا شتاین مایر ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی ئەو کارە دەکەن، مەبەستیان لەم هاریکارییە پێش خستنی هونەرە لە ئەڵمانیا، ئەمەش هەنگاوێکی باشە بۆ هاندانی هونەرمەندان بۆ پێشکەش کردنی جوانتر.

سەبارەت بەو گۆرانییتژە کوردانەی کە بە زمانی بیانی و ستایلی ئەمریکی وئەوروپی بەرهەمی هونەری پێشکەش دەکەن دەڵێ: وەک ڕای تایبەتی خۆم من پشتگیریبیان دەکەم و بە کارێکی ئەرێنیی دەبینم و خراپ نییە و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم، چونکە لەو ڕێگایەشەوە دەتوانن خزمەت بە هونەر بکەن، لە هەمان کاتدا دەتوانن پرسی کورد لە ڕێگای گۆرانییەوە بەو وڵاتانەی بگەیەنن و نزیک ببنەوە لە کەلتووری وڵات و نەتەوەکانی دیکە.

ئالین سەبارەت بە نوێکردنەوەی بەرهەمە کۆنەکانی هونەرمەندان وتی: بەڕای من ئاسایییە کە هونەرمەندێکی گەنج هەڵسێت گۆرانییەکی یەکێک لە هونەرمەندانی پێش خۆی دووبارە بکاتەوە و بیڵێت، بەڵام بە مەرجێک حەقی ئەو گۆرانییە و هونەرمەندەکەش بدات، من ئەو قسەیە ناکەم لەبەر ئەوەی ئەم کارەم کردووە و پێشتر گۆرانی هونەرمەندانی دیکەم وتوتەوە، نەخێر ئەگەر منیش خۆم هەست بکەم کە مافی گۆرانییەکە یان هونەرمەندەکە نادەم، ئەو کات ڕێگا بەخۆم نادەم کارێکی لەم جۆرە ئەنجام بدەم و داوا لە جەماوەری خۆیشم دەکەم ئەگەر تێبینی ئەوەیان کردووە کە ئەو گۆرانیانەم شێواندووە کە دووبارەیان دەکەمەوە، تکایان لێدەکەم ڕێگام پێبدەن و بڵێن تۆ مافی ئەوەت نییە ئەم کارە بکەیت، چونکە گۆرانییە ئەسڵییەکەت شێواندووە.

لە کۆتاییدا ئالین دەڵێ: هیوادارم گشت هێزە کوردستانییەکان لە هەموو پارچەکانی کوردستان گوتاریان یەک بخەن و یەکگرتوو بن بەتایبەتی کوردانی ڕۆژئاوا، چونکە ئەوان بە کاتێکی هەستیار وناسکدا تێپەڕ دەبن و باشترین چارەسەر بۆ گرفتەکانیان لە ئێستادا یەکگرتن و هاوکاری کردنی یەکترە، هیوای ئازادی و ئاوەدانی بۆ گشت پارچەکان دەخوازم.



ئافرەتێکی گوندنشین لەکاتی لێنانی چا دا

نیشتمانی کورد .. تازەترین بەرهەمی چاپکراوی جیهانگیر بەرزنجیە



هێمن ئاری

نووسەر و شاعیر جیهانگیر بەرزنجی تازەترین کتێبی لەچەند ڕۆژی ڕابردوو بەچاپ گەیاند و بڵاوکردەوە. (نیشتمانی کورد) تازەترین کتێبی بەچاپ گەیەنراوی نووسەر و شاعیر جیهانگیر بەرزنجییە لە چەند ڕۆژی ڕابردوو بڵاویکردەوە. کە لەدوو توێی 204لاپەڕە پێکهاتووە و لەزمانی عەرەبی وەریگێڕاوەتەوە بۆ سەر زمانی کوردی. لەم کتێبەدا باس لە ڕەچەڵەک و مێژووی کورد و ئەم جوگرافیایە دەکات کە میللەتی کورد لەکۆنەوە تیایدا دەژیت تا ئێستا. هەروەها مێژووی جەنگەکانی تورک و عەرەب و فارس و مەغۆل دەخاتەڕوو بۆ سەر خاکی کوردستان .لەلایەکی دیکەوە باس لە جوگرافیای کوردستان دەکات. لەبەشی سێیەمی کتێبەکەیدا باس لەبارودۆخ و شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی دەکات لەقۆناغەجیاجیاکاندا.جیهانگیر بەرزنجی نووسەر هێما بۆ وەرگێڕانی بیرۆکەی ئەم کتێبە دەکات کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1997کەسەرەتا لەگەڵ سێ هاوڕێی خۆشەویست دەستیانکرد بە نوسینی زنجیرە دراماى قەڵای دم دم ، لەسەروبەندی دەستپێکی نووسینی سیناریۆکەبوون دەستکرا بە دابەشکردنی کارەکان. ئەوەبوو لایەنی مێژووی نوسینی سیناریۆکە بەمن سپێردرا منیش لەوێوە دەستمکرد بەگەڕان بەدوای سەرچاوەکان و کۆکردنەوەیان کەباسی ئەم بابەتە بکات. ئەوەبوو پەنجا و چوار سەرچاوەم کۆکردەوە سوپاس بۆ خوا لە ئێستادا توانیم لەم کتێبەدا پێشکەش بەخوێنەرانی بکەم.جیهانگیر بەرزنجی لە دایکبووی ساڵی 1967ە .تا ئێستا چوار کتێبی بەچاپگەیاندووە بە ناونیشانی: (تۆ مێژووی ،نیشتیمانی خۆر ،داستانی گۆرێ ،سەمای گەنم).

بەشدار وەحید: هونەر حەزو ئارەزووە بەڵام لە هەموو دنیا بزنسێکی باشیشە



خەبات: سولێن سلێمان

بەشدار وەحید هونەرمەندی دەنگخۆش و بە توانا بەر لە چەند ساڵێک بە کۆمەڵێک بەرهەمی ناوازە دەرکەوت بەڵام لە ئێستادا دەرکەوتەکانی کەمن، لە چاوپێکەوتنێکدا بۆ خەبات دەڵێت: لە ساڵی 1989لە شاری هەولێر لە دایکبووم، ئەو سەبارەت بە سەرەتایی دەسپێکردنی کاری هونەری خۆیەوە گووتی لە ساڵی 2008 دەستم بە کاری هونەری کردووە ، یەکەم ڤیدیوکلیپیشم بەناوی"ئەگەر وبستم" کەلە ساڵی2008 بڵاوم کردەوە لەگەڵ ماموستای خۆشەویست زانا انوەر کاری دابەشکردنی بۆ کردم تێکستەکەشی لەلایەن ڕێدار سابیر بوو، کە وەک دەسپێکێکی کاری هونەریم بوو، گوتیشی تا ئێستا خاوەنی ئەلبومێکم کە لە (8) تراک پێکهاتووە، بە گۆرانی "یارا من" دەنگ دانەوەیەکی زۆر باشی لێکەوتەوە کە لە ساڵی 2011 بڵاوم کردەوە کە زیاتر لە 1 ملیۆن بینەری تێپەڕاندبوو لە یوتیوب، لە ساڵی 2012ش کلیپێکی ترم بە ناوی "نامەی ڕەش" بڵاوکردەوە، هەروەها لە ماوەی ڕابردودا کاری جوانمان کرد بۆ ڕیفراندۆم کە لە ئاوازو تێکستی هاوڕێی خۆشەویستم هونەرمەند ئەژدەر وەهبی یەوە دانرابوو، وە کاری دابەشکردنی لەلایەن محمد یاسین هوە بوو، لە پرسیارێکدا کە ئایا هونەری وەک حەز هەڵبژاردوە یا وەک پیشە لە وڵامدا دەڵێت: هونەر لای من حەزو ئارەزوویەکی تایبەتە بەڵام لە هەموو دونیا بزنسێکی باشیشە، چونکە هونەر لە گەڵمابووە لەو کاتەی خۆم ناسیووە، لە بارەی پشتگیریبیەکەیە وە دەڵێت: دەتوانم بڵێم تا ئێستا هەر خۆم پشتگیریی خۆم بوومە، ئاشکراشی کرد و گوتی هونەرمەند بوون هیچ شتێکی لێ نەسەندومەتەوە بە پێچەوانەوە بەڵکو زۆر شتی پێ بەخشیوم وەکو ئەو هەواداراە خۆشەویستەکانم.